


ڕۆمان

چاپی حەوت

# ئەمشەو فرمێسکێک دەڕژێت

نوسینی: کورس بابائی

لەفارسییەوە: سالار عەبدولڕەحمان سالح

2008

Scanned by CamScanner

ktebi_pdf

| 130 | 9738 | 4 |
| --- | --- | --- |
| posts | followers | following |

Following

(FOLLOWS YOU)

**پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚**

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

🙌Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

SEE TRANSLATION

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Hawraman, Slemani, As Sulaymaniyah, Iraq

Followed by **gwlldan**, **ganjyna** and **s.m.c.clinic**

Directions







Scanned by CamScanner

"١"

دواساتەکانی ئێشك گرتنی شەوم بەسەر دەبرد کەیەکێك بەتەلەفون پێی ڕاگەیانـدم لەشـەقامی (سپەند) رودانـی کوشـتنێك کەوتۆتـەوە، ئـەوکات بێئـەوەی رونکردنەوەیـەکی زیـاتر لـەم بارەیـەوە بـدات پەیوەندییـە تەلەفونیەکەی بڕی"

منـیش دەسـتبەجێ راسـتی رووداوەکـەم لەبنکـەی پۆلیـسی ئەوناوچـەیە پرسی کەئەم رووداوەی تێدا کەوتبۆوە، ئەوانیش بەهـەمان شـێوە راسـتی رووداوەکەیان خستە روو. بێ هیچ درەنگ کەوتنیك بـەیاوەری وێنـەگرێکی ڕۆژنامەکـە سـواری ئۆتۆمۆبیلێـك بـووین و بـەرەو جێگـەی رووداوەکـە کەوتینـەڕێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا جـارێ بەتـەواوەتی ڕۆژ نـەبووەوە بـەڵام کۆمەڵێکی زۆر لەخـەڵك کـەتازە لەخـەو هەسـتابوون لەبـەردەم ئەوماڵـەی تاوانەکـەی تێـدا روو دابـوو خـڕ ببوونـەوەو لـەبارەی تاوانەکـەوە قسەیان دەکـرد. منـیش هـەر زۆر بـەزویی لەلایـەن یـەکێك لەدراوسـێکانی مـاڵی ناوبراوەوە لەشێوەی تاوانەکە ئاگادارکرام کەگوایە پیاوێك ژنەکـەی خـۆی کوشتووەو دواتریش هـەڵاتووە. لەوکاتـەدا ئامبولانـسی پزیـشکی یاسـایی بەلووره لوور بـەرەو جێگـەی رووداوەکـە هـات" هـەر دوا بـەدوای ئـەوەش لێکوڵەرەوەیەك بەسەرداهاتو پاشان لەگەڵ پزیشکە یاساییەکەو پۆلیـسە بەرپرسەکان چوونەناو ئەوماڵەی کەتاوانەکە تیایدا رویدابوو. پاش کـەمێك منیش چومە ماڵی ئامـاژە پێکـراو" لەگـەڵ ئەوەشـدا کەئـەم ماڵەکـەوتبووە یـــەکێك لەشـــەقامەکانی بـــاکوری شـــارەوە بـــەڵام زۆر خۆشـــنەبوو،



Scanned by CamScanner

لەناوەڕاستی هۆڵیماڵەکەدا لاشەی ئافرەتێك کەوتبوو، شوێنەواری شین بوونەوە لەسەر گەردنیو چەند جێگەیەکی تری لەشی بەدیدەکرا. پاش ئەوە پزیشکە یاساییەکە لەجەستەی ئافرەتەکەوە ئەوەی راگەیاند کەژنی ناوبراو دوای گێرەو کێشەو هەوڵێکی زۆر بۆ رزگارکردنی گیانی خۆی خنکێنراوەو بکوژەکەش تەواوی هەوڵی کوژراوەکەی بۆ زیندومانەوە بێ سوود کردووە لەکاتی خنکاندنیدا. بەپێی رونکردنەوەیەك کەپزیشکە یاساییەکە خستیە روو ژنە خنکێنراوەکە بۆنی مەی لەدەمی هاتووەو هەر بەو جۆرەش رایگەیاند کوژراوەکە مەست بووە.. پاش بیستنی بۆچوونەکانی پزیشکە یاساییەکە لێکۆڵەرەوەکە دەستیکرد بەلێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ سەبارەت بەرونکردنەوەی هۆی تاوانەکە، بەڵام لەبەرئەوەی بکوژەکە هەڵاتبوو لێکۆڵەرەوەکە ناچار لەدراوسێکانەوە لەبارەی ئەم روداوەوە لیکۆلینەوەی دەستپێکردو بەمشێوەیەش چەند کەسێك لەدراوسێکان بەلێکۆڵەرەوەکەیان راگەیاند کەکوژراوەکە ناوی (شەهلا)یەو لەگەڵ منالەکەیو مێردەکەیدا لەم ماڵەدا ژیانیان دەبردە سەر بەڵام منالەکەی یەك رۆژ پێش روادنی ئەم تاوانە بەهۆی کەمتەرخەمیو گوێ پێنەدانی دایکییەوە کەوتۆتە حەوزی ماڵەکەیانەوە گیانی لەدەست داوە وە مێردەکەی شەهلاش ئەوکاتە لەسەفەر بووە.بەڵام یەکێك لەدراوسێ دیوار بەدیوارەکانیان بەلێکۆڵەرەوەکەی راگەیاند کەگوایە دوێنێ شەو(بەهمەن) مێردی کوژراو لەسەفەرگەڕاوەتەوەو پاش کەمێکیش گوێی لەهەرایەکی زۆری نێوان ئەم ژنو مێردە بووە، پاشان درێژەی بەقسەکانی داو وتی لەوکاتەوەی ئەم ژنو مێردە هاتونەتە ئەم ماڵەوە زۆربەی کات ناکۆکی لەنێوانیاندا هەبووەو لەوانەشە بەرەبەیانی ئەمرۆش بەهمەن هەربەهۆی ئەوناکۆکیانەوە بوبێت کەشەهلای کوشتووە. هەرلەهەمان ئەوکاتانەدا کەلێکۆڵەرەوەکە لەوەدابوو رونکردنەوەکانی خۆی لەدراوسێکان کۆتایی



Scanned by CamScanner

پـێ بێنێـت یـەکێك لەپۆلیـسەکان پـێ ڕاگەیانـد کـە(بەهمـەن) هاوسـەری کوژراوەکە لەیـەکێك لەبنکـەکانی پـۆلیس خـۆی داوە بەدەسـتەوە: وەلای یەکێك لەپۆلیسە چاودێرەکانیش دانی بەوەدا ناوە ئەو هاوسەرەکەی خۆی کوشتووە بەڵام لەبارەی هۆی کوشتنەکەوە هیچ زانیارییەکی نەداوە !

بەشـوێن ئـەم هەواڵـەدا لێکۆڵەرەوەکـە فـەرمانی بردنـی لاشـەی کوژراوەکەی بۆ بەڕیوەبەرایەتی پزیشکی یاسایی دەرکرد" پاش کـەمێك بەرپرسە پۆلیسەکان جەستەی شـەهلایان هـەڵگرتوو بـەناو قـەرەباڵغیو هـەراوهوریای ئەوخەڵکانـەدا کەلەبەرامبـەری مـاڵی نـاوبراودا کۆببوونـەوە بردیانو خستیانە ناو ئامبولانسەکەوە:

پـاش کـەمێکیش ئامبولانـسەکە بـەرەو بەڕێوەبەرایـەتی پزیـشکە یاساییەکە کەوتە جولەوە بەمشێوەیەش پـۆلیس کەوتنـە بڵاوە پێکردنـی خـەڵكو لێکۆڵەرەوەکـەش سـەبارەت بەرونکردنـەوەی زیـاتری هـۆی ئـەم کوشتنە چوو بۆ ئەوبنکەیەی بەهمەن خۆی تێدا دابوو بەدەستەوە.

لەگۆشـەی ژووری ئەفـسەرێکی چـاودێردا لاوێکـی جـوان خـاس کـە غەمگینیەکی زۆر لەڕوخساریدا دەبینراو لەکاتێکدا دەست بەندێکی ئا... لەدەستیدا بوو لەسەر کورسیەکی تەختە دانیشتبوو، بەهاتنـە ژورەوەی لێکۆڵەرەوەکە ئەفسەرەکە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ڕێزلێنان لەجێگەی خۆی هەسـتاو پاشـان بێنـەوەی کـەهیچ قـسەیەك بکـات دانیـشتەوە، پاشـان ئەفسەرە چاودێرەکە دۆسیەی لیکۆڵینـەوەی لاوی نـاوبراوی خسته پـێش چاوی لیکۆڵەرەوەکـەو ئاماژەشی بـەوەدا کـە: تاوانبـار دانـی بەکوشـتنی هاوسـەرەکەی خۆیـداناوە بـەڵام لـەبارەی هـۆی هەسـتان بـەم تاوانـەی تەنانـەت بـچوکترین زانیـاری نـەداوە. وە ئـەو لەتـەواوی قۆناغـەکانی پرسینەوەدا بێدەنگی کردووە.

لێکۆڵەرەوەکـەش پـاش وەرگرتنـی دۆسـیەکە لـەژووری ئەفـسەرە چـاودێرەکەوە ڕۆشـت بـۆ ژوورێکـی تـرو لەهـەمان کاتیـشدا فەرمانیـدا



Scanned by CamScanner

کەبەهەمەنیش بەرن بۆلای. یەك کاتژمێری تەواو لێکۆلەرەوەکە لەم کوڕە لاوەی کۆڵیەوە بەلام ئەو لەتەواوی لێکۆڵینەوەکەدا تەنها دەیوت من ژنەکەی خۆمم کوشتوەو هیچ شتێکی تریش نییە بیلێم.

سووربوون و پێداگرتنی لێکۆلەرەوەکەش بۆ هینانە قسەی گەنجی ناوبراو هیچ سودێکی نەبوو وە کاتێك سەرئەنجام لێکۆلەرەوەکە بۆی دەرکەوت کە ئەم گەنجە بەهۆی بوونی چەند هۆکارێکەوە بەهیچ شێوەیەك ئامادەنییە وەلامی پرسیارەکان بداتەوە فەرمانیدا بیبەن بۆ دادگا.

دوابەدوای دەرکردنی ئەم بڕیارە لێکۆلەرەوەکە بنکەکەی جێهێشتو بەرپرسەکانی بنکەکەش تاوانبارەکەیان لەکاتێکدا دەست بەندە ئاسنەکانی هەر لەدەستابوو بەئۆتۆمبێلێکی تایبەتی خۆیان بردیان بەرەو دادگا پاش کەمێکیش خرایە زندانی دادگا.منیش پاش ئامادەکردنی چەند وێنەو هەواڵێك لەم تاوانە گەڕامەوە بۆ ڕۆژنامە.

لەکاتێکدا هەر لەخەیاڵی ڕودانی ئەم تاوانە سەرسوڕهێنەرەدا بووم هەواڵەکانم ڕێکخستو بردم بۆ لێپرسراوی ڕۆژنامەکەو هەر لەچوارچێوەی هەواڵەکانیشدا لەبارەی باروودۆخ و هەستونەستی تاوانبارو بێدەنگیە بەردەوامەکەی لەبەرامبەر پرسیارەکانی لێکۆڵەرەوەکەو بەرپرسە پۆلیسیەکان و ڕونکردنەوەکانی دراوسێکانو هەروەها لەبارەی مەرامی کوشتنەکەوە چەند خاڵێکم نووسی وە دوانیوەرۆی هەمان ڕۆژیش لەڕۆژنامەکەدا بلاوکرانەوە.

زۆر پەیوەست بووم بەوەی کە دوا ئەنجامەکانی ئەم ڕووداوی کوشتنە پەیگیری بکەم چونکە تا ئەو کاتە پێشینەی نەبوو کەسێك تاوانێك ئەنجام بداتو زۆر بەئاسودەیش دان بەتاوانەکەی خۆیدا بنێت بەلام لەبارەی هۆی کوشتنەکەوە هیچ ڕونکردنەوەیەك نەدات. چەند جارێك بەتەلەفون پەیوەندیم کرد بەلێکۆڵەرەوەی تاوانەکە بەلام ئەو هەموو جارێك دەیوت



Scanned by CamScanner

لەگەڵ ئەوەشدا چەند جارێك تاوانبارمان لەزیندان هێناوەتە دەرەوەو لەبارەی هۆی کوشتنەکەیەوە پرسیارمان لێکردوە بەڵام بەداخەوە ئەو هیچ زانیاریەك‌و ڕونکردنەوەیەکی نەداوە بەدەستەوە ، تائێستاش تەنها ڕونکردنەوەکانی دراوسێکان لەدۆسیەکەدا تۆمارکراون، لەبەرئەوەش کەتاوانبار ئامادەنییە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەبارەی هۆکاری تاوانەکەیەوە ناچارین دۆسیەکە بنێرین بۆ دادگا تاوەکو لەوێ ڕاستیەکان ئاشکرا بکرێن ..

بەمشێوەیە چەند مانگێك لەڕودانی ئەم تاوانە بەسەرچوو تاوەکو بەیانی ڕۆژێك کاتێك چووم بۆ ڕۆژنامە لەوێ لێپرسراوی ڕۆژنامەکە پێی ڕاگەیاندم دادگاییکردنی بەهمەن بەم زوانە دەست پێدەکات‌و تۆ لەگەڵ ئەوەی دەبێت ئاگات لەوەبێت کەخەڵکانێکی زۆر وابەستەیی توندیان بەڕونبونەوەی ئەنجامەکانی ئەم ڕووداوە هەیە دەبێت هەرچیەك لەدادگا دەکرێت‌و دەوترێت بینوسیت تاوەکو ئێمەش لەڕۆژنامەدا چاپی بکەین‌و بڵاوی بکەینەوە، منیش بەڵێنم پێدا ئەو هەرچۆنیك دڵێ بخوازێت وابکەم، لەبەرئەوەش کەخۆشم هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ بەسەرهاتەکانی ئەم تاوانەدا ڕۆشتبووم حەزم دەکرد بزانم مەرامی ئەم کوشتنە کەبکوژەکەی جیاوازی هەیە لەگەڵ بکوژەکانی تردا چیبووە؟ لەهەمانکاتیشدا زۆر بەوردی ئاگاداری ئەوەبووم کەبزانم دادگاییکردنەکەی بەهمەن کەی دەست پێدەکات تاوەکو بۆم ئاشکرابوو ڕۆژی شەممەی هەفتەی داهاتوو دەست پێدەکات..

ڕۆژی شەممە هات‌و بەمجۆرەش دادگاییکردنی بەهمەن دەستیپێکردو هەروەکو پێشبینیش دەکرا دانیشتنی یەکەمی دادگا زۆر قەرەباڵغ بوو و تەنانەت لەدانیشتنەکانی تریشدا جاربەجار خەڵکێکی زۆرتر بەشداریان دەکرد بەڵام تاوانبار لەتەواوی دانیشتنەکانیدا خۆی بێدەنگ کردو هیچ جۆرە قسەیەکی نەدەکرد تاوەکو دادگا دوای سێ دانیشتن سەرئەنجام



Scanned by CamScanner

ڕایگەیاند بەیانی دوا دانیشتنی خۆی ئەنجام ئەدات تا لەبارەی تاوانبارەکەوە بڕیارێك دەربکات.

لەبەرئەوەی دەمزانی بەیانی ڕۆژی دوایی دوا دانیشتنە وەئەمجارە بەتەواوەتی قەرەباڵغ دەبێت لەهەموو جارێك زووتر چووم بۆ ڕۆژنامە وەکاتێك گەیشتمە ئەوێ جگە لەسەرنوسەری ڕۆژنامەکەو چەند کارمەندێك کەسیتر نەهاتبوو، منیش بارودۆخەکەم بۆ لێپرسراوی بەشی ڕوداوی ڕۆژنامەکە ڕونکردەوەو پاشانیش لەگەڵ وینەگرێکدا چووم بۆ دادگا تاوەکو لەدوادانیشتنی ئەم ڕوداوەدا بەشداری بکەم.

کاتێك گەیشتمە بەردەرگای هۆڵی دادگای تاوانەکان کۆمەڵێکی زۆر خەڵکم بینی کەبەهۆی نەبوونی جێگە لەبەردەرگادا وەستا بوون، منیش هەرچۆنێك بوو بەناو خەڵکەکەدا چوومە ناوهۆڵی دادگاوەو لەگەڵ وینەگرەکەدا چووینە ئەوشوێنەی پێشتر بۆ وینەگرەکان ئامادەکرابوو وە لەوێ دانیشتین " هۆڵی دادگا خەڵکانێکی زۆری لێ بوو وە قەرەباڵغیەکەی بەڕادەیەك بوو تەنانەت یەك جێگەی خالێ نەدەبینرا.

بەرپرسە پۆلیسەکانیش لەبەردەم دەرگاکەدا وەستابوون تاوەکو نەهێڵن ئەو خەڵکانەی لەدەرەوەی هۆڵەکەدا وەستابوون و تامەزرۆی دادگاییکردنەکەو دەرکردنی بڕیاری کۆتایی سەرۆکی دادگابوون بێنە ژوورەوە، لەوانەیە لەمێژووی دادگاییکردنە تاوانیەکاندا قەرەباڵغی بەوشێوەیە ڕووی نەدابێت، ئەو کەسانەش کەلەدەرەوە وەستابوون کەوتبوونە سەرزەنشتکردنی خۆیان و بەخۆیان دەوت کەبۆچی بەیانی کەمێك زوتر نەهاتوون تاوەکو جێگەیەك بۆ خۆیان دابین بکەن، بەلاّم بەهەرحاڵ چارەیەك نەبوو، دەبوایە هەر بەو شێوەیە تاکوکاتی ئاشکرابونی ئەنجامی دادگاییکردنەکە لەدەرەوەی هۆڵەکەدا بمانایەوە.

لەو کاتەدا بەپێی فەرمانێکی سەرۆکی دادگا دەروازەکانی هۆڵەکە داخرا تاوەکو دادگاییکردنەکە دەستپێبکات..

ئێرە دادگایەکە بۆ دەست نیشانکردنی چارەنوسی تاوانبارێکی بکوژ سازدراوەو منیش وەکو بینەرێك دانیشتوم تەماشا دەکەم..

لەگۆشەیەکی دادگاکەدا ئەنجومەنی دادوەران بەجلوبەرگی یاساییەوە لەسەرتەختی سەرۆکایەتی دادگا دانیشتبوون و هەموو چاوەڕوانی فەرمانی سەرۆکی دادگان پاش کەمێك دەنگی وشکی چەکوشی سەرۆکی دادگا سەبارەت بەبێدەنگی کردن لەناو غەڵبەغەڵبی تەماشەکەرەکاندا بیستراو ئەوانیش هەموویەك پارچە بێدەنگ بوون..

ئەمڕۆ لەبەرئەوەی کەدوا دانیشتنی دادگاییکردنی بەهمەن بوو کۆمەڵێکی زۆر لەخەڵك بەشداریان کردبوو تاوەکو بزانن چارەنووسی تاوانبارێك تائێستا بێدەنگی هەڵبژاردوە بێجگە لەچەند وشەیەك لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەیوت (من بکوژم) هیچی تری نەدەوت بەکوێ دەگات.

بۆ دووەمین جار دەنگی چەکوشی سەرۆکی دادگا بیسترایەوە. هەناسەکان هەموویان لەسینەکاندا بەندکرابوون بەجۆرێك کەبێدەنگیەکی فراوان سەرتاپای هۆڵی دادگای گرتەوە، پاشان سەرۆکی دادگا بەدەنگێکی بەرز وتی:

زیندانی ژمارە ٤٤٩ : پیاوێکی بالاّ بەرز کەغەمگینیەکی زۆر لەڕوخساریدا بەدیدەکرا لەجێگەی تاوان باران هەستاو ئەو کات لەجێگەی خۆی دانیشتەوە.

هەراو هوریایەکی سەیر لەناو خەڵکەکەدا پێچی خوارد" کچ و ژنە ئامادەبووەکان دەیانوت:

(بێچارە ڕەنگو ڕوی بەوە ناخوات کەبکوژ بێت) لەو کاتەدا سەرۆکی دادگا دانیشتوانی ئاگادارکرد دەست لەدەنگە دەنگو هەراو هوریا هەڵگرن، ئەوکات ڕویکردە تاوانبارەکەو پێی وت (بەپێی ئەوبەڵگانەی کەلەبەردەستدایەو لەپەروەندەکەدا تۆمارکراون و بەپێی شاهیدی دراوسێکان وە لەهەمان کاتیشدا دانپێدانانی بێ پێچوپەنای خۆت

بەتاوانەکەدا تۆ تاوانبارکراوی بەوەی ماوەیەك لەمەوپێش ژنە دەوڵەمەندەکەی خۆتت کوشتووە، ئایا دوبارە دان بەتاوانەکەی خۆتدا دەنێیتەوە؟

جارێك پیاوی تاوانبار کاردانەوەیەکی لەبەرامبەر قسەکانی سەرۆکی دادگادا نیشان نەدابوو کەداواکاری گشتی لەجێگەی خۆی هەستاو وتی (بەرێز سەرۆکی دادگا لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ دوارۆژی دادگاییکردنی تاوانبارەکەیە مۆڵەت دەخوازم چەند رونکردنەوەیەك بەخزمەت جەنابتان بگەیەنم)

پاشان بەدەنگێکی لەرزۆکەوە بەمشێوەیە ووتی:

هەر بەو جۆرەی کەجەنابتان پێشتریش ئاگادارن بەپێی یاسا کەسێك ئەگەر بەبێ هیچ تاوانێك کەسێکیتر بکوژێت ئەوا دەبێت لەسزای ئەم تاوانەدا لەسێدارە بدرێت وە نەزمی کۆمەڵگاش وادەخوازێت کەیاسا دەبێت بەتوندترین شێوە لەبارەی بکوژەکانەوە بەڕێوە بچێت تاوەکو ببنە پەندو ئامۆژگاری بۆکەسانیتر وە لەدوبارەبونەوەی ئەم جۆرە تاوانانە خۆیان دوربگرن وە لەهەمانکاتیشدا پێویستە ئەوەش بڵێم برایانی دادوەر ئاگایان لەوەش بێت: بکوژێك کەئەمڕۆ لەبەردەمی یاسادا وەستاوە تاوانبارێکی سەنگ دڵە کەلەوپەڕی بێڕەحمیو بێ ویژدانیدا هاوسەرە گەنجو بێ گوناهەکەی خۆی خنکاندوەو لەتەواوی دانیشتنەکانی دادگادا مۆری بێدەنگی لەلێوەکانی داوە، وە لەبارەی مەرامی تاوانەکەشیەوە بچوکترین رونکردنەوەی ئاشکرانەکردووە.

هەموو دەزانن بێ دەنگیە ماندوکەرانەکەی تاوانباریش لەدانیشتنەکانی دادگادا دادوەرەکانی بەتەنگ هێناوە، وە من باوەڕم وایە ئەو بەوجۆرە فیڵو کەڵەکانەی دەیەوێت بەئەندامانی بەڕێزی دادگا بڵێت کەمن شێتمو بۆ ئەم شێتیەش بێدەنگیکردنو قسەنەکردنم هەڵبژاردوە وە لەگەڵ سەرنجدان بەوەش کەلەپەروەندەکانی دادگاییکردنی دادگادا چەندینجار



Scanned by CamScanner

بینراوە زۆرکات تاوانباران بۆ خۆ ڕزگارکرن لەسزاکانیان پەنادەبەنە بەر ئەم جۆرە کردەوانە، تاوانباری ئەم جارەش هەر دیارە ئەونمایشە ئەنجام دەدات وەمن دڵنیام کەلەم دانیشتنەشدا بێدەنگیەکەی خۆی درێژە پێدەداتو نایشکێنێت، بۆیە من پێشنیارم وایە دادوەرانی بەڕێز بۆ بەڕێوەبردنی یاساو بەرگری لەهەرج و مەرج لەکۆمەڵگادا فەرمانی خۆیان بدەنو لەهەمان چوار چێوەشدا دەبێت ئاگامان لەوە بێت بەپێی یاسای سزادانی گشتی بۆ تاوانبار داوای لەسێدارەدان کراوە..

داواکاری گشتی بێدەنگی کردو لەجێگەی خۆی دانیشتەوە.چاوی تەواوی ئامادەبوەکان بەلای تاوانبارەکەدا وەرچەرخاو و تاوانباریش هەربەو شێوەیە کەغەمو پەژارەیەکی بێ پایان لەتەواوی بونیدا شەپۆلی دەدایەوە زەردەخەنەیەکی شێوە گاڵتە پێکردن ئاسا لەسەر لێوەکانی نەخشی بەستو پاشان لەکاتێکدا چاوە پەرێشانەکانی بەلای دادوەرەکاندا گەڕاندبوو لەجێی خۆی هەستا.

ئارامیەکی تەواو سەرتاپای دادگای گرتبوو" تاوانبار بەدەنگێکی لەرزۆك چەند وشەیەك کەمایەی تێگەیشتن نەبوون لەژێر لێوەکانییەوە خستە سەر زمانی و لێوەکانی پێ تەڕکردوو و ئەوکات بەدەنگێکی ئارامو لەسەر خۆوە دەستیکرد بەقسەکردن:

سەرۆکی بەڕێز، دادوەرانی بەڕێز" من لاوێکی ئەم کۆمەڵگایەم، کۆمەڵگایەك کەئێوەی دادوەرانو ئێوەی خەڵك بەشێکن لێی" من ئێستا بەتاوانی کوشتن لەبەردەم یاسادا وەستاومو باڵە ئاڵتونیەکانی فریشتەی دادو یاسا لەبەر چاوەکانمدا دەبینم مژدەی ئەوەم پێدەدەن کەیاساو عەدالەت هەمیشە زیندوە.

عەدالەت !!

بەڵی یاساو عەدالەت زیندوەو منیش لەکەسانێك کەئەرکی بەڕێوەبردنە قورسەکەیان لەسەر شانە دەمەوێت گوێ بۆ قسەکانم رادێرنو ئەوکات



Scanned by CamScanner

فەرمانی خۆیانی لەسەر بدەن. من خوێندەوارنییم ، دیارە کەدەڵێم خوێندەوارنیم ئەو مانایە ناگەیەنیت کەهەرهیچم نەخوێندوە بەڵکو دەمەوێت بڵێم خوێندنەکەم بەپلەی خوێندنی ئێوە کەدەتانەوێت فەرمان دەربکەن ناگات، ناحەقیشم نییە چونکە خوێندنی ئامادەیم بەنیوە ناچڵی واز لێهێنا، بەڵام هەر ئەو خوێندەوارییەی کەهەمە بۆ بەرگریکردن لەخۆم بەکاری دەهێنم و لەدوا دانیشتنی دادگادا قسەی پێ دەکەم.

من سەرەتا شەرمم لەخەڵك دەکردو شەرمەزار دەبووم ئەگەر ڕاستییەکان بخەمە ڕوو، بەڵام ئێستا هەست دەکەم ئەو شێوە خەیاڵکردنەوەیە ڕاست نەبوو چونکە خەڵکیش بەشێکن لەم کۆمەڵگایە". من دوای قوتابخانە وانەکانم هەر لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا کەئێوەی خەڵك پێکهێنەرەکەین خوێندوەو هەر ئەم کۆمەڵگایەش بوو کەمەری منی شکاندو ڕسوایکردم لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا بوو کەدەنگی ستەم لێکراو و بێگوناهم بیستو لەگەڵیاندا بوومە هاوتا وە بڕیارێشمدا ببمە هاو وانەیان و هاوشێوەی وانەکەی ئەوان بخوێنم، بەڵام ئەم وانانە وانەیەك نەبوون کەپێویست بەمامۆستاو قوتابخانە بکات چونکە گەورەترین مامۆستای هەبوو، ئەویش هەر کۆمەڵگا بوو.

من و ئەو هاو وانانەی کەلەکۆمەڵگادا پەیدام کردبون هەموویان یەك بڕواو یەك بۆچونمان هەبوو، ئەویش بەخشینی ڕاستیو جوانی بوو بەژیانی لاوێتی.

دڵمان دەیخواست ئێمەش وەکو کەسانێك خاوەن دەسەڵاتو سامان بین و لەتاموچێژی خۆشی ژیان بەهرەمەند بین، دەمانویست ئێمەش بچینە ڕیزی ئەو کەسانەی کەئوتومبیل و کۆشك و تەلار و پارەو توانایی خۆشبەختی ژیانیان هەیە بەڵام بەداخەوە ئیمە گوناهکار بووین و گوناهیشمان نەبوونی واسیتە و پارەبوو، لەوانەیە ئەگەر منیش لەم دوو



Scanned by CamScanner

بەهرەیــە بێبــەش نەبومایــە نەدەچــومە ڕیــزی تاوانبــاران و ئــارەزووە ئاڵتونیەکانیشم بەمشێوەیە دانەدەچوون بەخاکدا.

هەندێ باوەڕیان وایە کە لەژیاندا چارەنووس شتێکی ئەفسانەییە و نیـە، وە مرۆڤ هەرچیەکی بەسـەردێت خـۆی بەسـەرخۆی دێنێـت" ئەگـەر ئـەم بۆچونە تاڕادەیەك ڕاست بێت بـەلام لەسەداسـەد نییـە. مێرولەیـەك کـەدوا لەبیـست جـار بەسـەر دیوارێکـدا سـەروخواردەکات خـۆراك دەبـات بـۆ مێلانەکەی هەوڵێکی ماندونەناسی هەیـە بـۆ سـەرکەوتن لەوکارەیـدا بـەلام ئەگەر هەمان مێروله توشی بێت بەتوشی لافاوێکەوە چ کارێکی لەدەسـت دێت ئەنجامی بدات؟

هیچ..

ئێستا منیش لەم هەلومەرجـەدام و لافـاوی خرۆشـاو منـی لەگـەڵ خۆیـدا بـردوە بـەبێ ئـەوەی تەنانـەت هیوایـەکم بـەژیان مابێـت. بەهـەرحاڵ مـن بەزینـدوی مامـەوە هـەروەکو لەوانەشـە مێرولەکـەش لـەناو لافاوەکـەدا بەشـێوەیەکی ڕێکـەوت بەپارچـەداریکەوە خـۆی چەسـپاندبێت و لـەمردن ڕزگاری بووبێت: منیش لـەدەریای کۆمەڵگـەدا لـەمردن ڕزگـارم بـوو بـەلام هەروەکو دەبینن ئەمڕۆ وەکو بکوژێك کەوتومەتە بەرلێپرسینەوە..

لـەئێوە داواکـرا بڕیـاری کۆتـایی بـدەن و مـن سـزا بـدەن. بۆچـی چـونکە قـسەم نـەکرد. ئەگـەر کەسـێك نـەتوانێت قـسە بکـات دەبێـت دەسـتبەجێ فـەرمانی لەسـێدارەدانی دەربکرێـت ؟ تـۆ وەلامـم بـدەرەوە، ئایـا ئەگـەر کەسـێك لـەپێناوی ئابڕویـدا زمـانی ببەسـترێت دەبێـت بخریتـە دڵـی خاکـەوەو بـەردی فەرامۆشـی بـدرێت بەسـەر ڕویدا؟..

تـۆ هەمیـشە دەم لەیاسـاو عەدالـەت دەدەیـت ..، بـەلام نازانیـت دەم لەعەدالەت دانیش بۆ خۆی دەبێتە بێ عەدالەتی.

عەدالەت!!!



Scanned by CamScanner

بەڕاستی وشەیەکی جوانە بەڵام ئەفسوس کە لەپێکهاتەی هیچ کەسێکدا بەواتا ڕاستیەکەی نابینرێتو یاسای مرۆڤایەتیش هەرگیز ناتوانێت بەواتا ڕاستیەکەی بەڕێوەی بەرێت!

وترا بەڕێوەبردنی سزای یاسایی تاوان کەمدەکاتەوە بەڵام زۆر بینراوە بەیانی کەسێك لەسێدارە دراوەو شەوەکەشی سەر لەنوێ روداوی کوشتنێکی تر کەوتۆتەوە!

ئەمرۆ لەیاسای دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا سزای لەسێدارەدان هەڵگیراوە بۆیە دەبێت دادوەرەکانی ئێمەش ئاگاداری ئەوەبن کەهەموو ئەوانەی بەناونیشانی بکوژ لەدادگاکاندا دادگایی دەکرێن هەر لەو ڕۆژەی لەدایك بوون بکوژ نەبوون.

من ناڵێم یاسای لەسێدارەدان بەڕێوەمەبەن بەڵکوو دەڵێم لەبارەی هۆی کوشتنەکەوە بەباشیو بەوردی لێکۆڵینەوە بکەنو بزانن مەرامی کوشتنەکە چیبووە؟

تۆ بۆ هەموو بکوژێك بەپێی یاسای سزادانی گشتی داوای لەسێدارەدان دەکەیەت ئایا هیچ بیرت لەوە کردۆتەوە ئەگەر خۆشت لەبارودۆخیکدا بەلافاوی تورەبونێکت کەسێك بکوژیت! ئایا تۆش دەبێت لەم کاتەدا دەستبەجێ لەسێدارە بدرێیت بۆ هەمیشە چاو لەدنیا دابخەیت؟

دیارە من کەئەمانە دەڵێم بۆ ئەوەیە هۆکارەکانی کوشتنەکە ئاشکرابێت و وردەکاری پێویست بخرێتە گەڕ!

یاسا بەبۆچونی من دەبێت بۆ بکوژو تاوانبارە ڕاستەقینەکان کەبەشێوەیەکی هەمیشەییو نادیار دەستیان لەبینەقاقاو خوێنی خەڵکی بێتاوانو بێ پەنادایە پەیرەو بکرێت نەك بۆ هەرکەسێك کەناوی بکوژیان خستبێتە پاڵ لەکاتێکیشدا هەر گوناهکاریش نییە!

باشتر وایە لەم بارە تایبەتیانەوە لەیاسادا پێداچونەوەی تەواو بخرێتە گەڕ چونکە من تەنها کەسێك نیم لەم دادگایەدا بەتاوانی کوشتن دادگایی



Scanned by CamScanner

بكرێمو بێگومان لەپێش منو دوای منیش چەندین دادگاییكردنی تری لەم جۆرە ئەنجامدراوەو دەشدرێت.

ئێستا ئێوە هەموتان چاوەڕوانی ئەوەن من خۆم هۆكارو مەرامی كوشتنەكە ئاشكرا بكەم لەكاتێكدا ئەوە ئەركی ئێوەیە كەلەم بارەیەوە بەڕاستی لیكۆلینەوە بكەن بەبێ ئەوەی هیچ پێویستیەك بەمن بكات. ئێوە بەڕێوەبردنی یاسا بەناوی دادو عەدالەت بەسەركەوتنێكی گەورەی دەزانن بۆخۆتان ئایا هیچكات بیرتان لەوە كردۆتەوە كەئەگەر هەڵەیەك بكەن لەفەرمانەكانتان چی ڕودەدات؟

بێگومان هیچ!

چونكە فەرمانەكەت دەركردوە ئیتر جێگەی رەتكردنەوە نییە..

لەهەمان كاتیشدا من كەئەم قسانە دەهێنمە سەر زمان بێگومان لەپێناوی خۆمدا نییە بەڵكو لەپێناوی كەسانێكدایە كەلەداهاتوداو لەم دادگایەدا دادگایی دەكرێت وە دەبێت لەخەیاڵی ئەواندا بین!!

لەم كاتەدا داواكاری گشتی لەجێگەی خۆی هەستاو بەدەنگێكی بەرزەوە ڕویكردە سەرۆكی دادگاو بەشێوەی ڕەخنە وتی:

(جەنابی سەرۆك: تاوانبار لەبابەتەكە چۆتە دەرەوەو باشتر وایە لەبری لێوار رۆیشتن ناوەڕۆكی داواكاریەكە بخاتەڕوو)

تاوانبار بەتەماشا كردنێكی بێبایەخانە تەماشایەكی داواكاری گشتی كردوو وتی:

(نەخێر.. من لەباسەكە نەچومەتەدەرەوە، وەناوەڕۆكی باسەكەش پەیوەندیەكی تەواوی بەم شتانەوە هەیە كەوتم: مەگەر من بەتاوانی كوشتن تاوانبار نەكراومو دەبێت دوابەرگری لەخۆم بكەم بەم پێیە دەبێت ئەو ئازادیە بەمن بدرێت كەبیروهۆشی دادوەران سەبارەت بەهەر بابەتێك لەهەر كوشتنێكدا بەیەك ڕوو پێش دێت ڕون بكەمەوە، بەمجۆرەش ئەوەی كەتۆ بەلێوار ڕۆیشتن ناوی دەبەیت پەیوەندیەكی تەواوی

بەقسەکانمەوە هەیە لەم دانیشتنەداو دەبێت ئازایانەو ئازادانە بڵێم کەمن لەبابەتەکە نەچوومەتە دەرەوە بۆیە من هیوام وایە برایانی دادوەر بەوانەی کەوتم بەسەرنجەوە گوێیان بۆ گرتبێت "لەڕاستیدا ئەمە سەرگوزەشتی منە کەبەڕووداوی مردنی ژنەکەم پەیوەندیەکی تەواوی هەیەو من ئەمە بەناونیشانی دوابەرگری لەخۆم لەدادگادا دوپاتی دەکەمەوە لەکاتێکدا دەشێت بۆ تەماشاچییانو دادوەران ببێتە داستانی پیاوێك کەئەمرۆ ژیانی ڕسوا بووە دەبێت تا کۆتایی تەمەنیشی بەیادگاریەکانیەوە خۆی زیندو بهێڵێتەوە..

****** ****** ******

تەمەنم حەڤدەساڵ بوو کاتێك لەپۆلی پێنجەمی ئامادەیی دەمخوێند، من ئەوکاتە زۆر ئومێدەوار بوومو حەزم دەکرد ڕۆژێك لەڕۆژان خۆشبەختی بەخۆمەوە ببینم "دڵم دەیخواست هەرچی زوترە ئەم دووساڵەی ئامادەیی کەماومە بیبڕمو بچمە زانکۆ..

ژیان لەلای من زۆر جوانو دڵگیر دەهاتە پێشچاو و لەچوارچێوەی قوتابخانەو جوانیەکەی تاموچێژێکی زۆرم دەبرد، لەوەش کەهەستم دەکرد دوای تەواوکردنی خوێندن سەرئەنجام دەبمە سەرچاوەی کارێك زۆر خۆشحاڵ دەبوومو نەخشەی جۆراوجۆرم بۆ ژیانی داهاتوم دادەڕشت. لەوکاتانەدا زەنگی قوتابخانە لای من چالاك بەخشترین ئاواز بوو بەتایبەتی کاتی نیوەڕوان چونکە لەو کاتەدا هاوکات لەگەڵ زەنگی قوتابخانەکەی ئێمەشدا زەنگی ئامادەیی کچانیش کەکەوتبووە خوار قوتابخانەکەی ئێمەوە دەبیسترا. کاتی نیوەڕۆ کچو کوڕ لەقوتابخانەکانمان دەهاتینە دەرەوە هەراوهوریا لەشۆستەو شەقامەکاندا بەرێ دەکەوت. منیش لەتەماشاکردنی کچە جوان و نازدارەکان



Scanned by CamScanner

تاموچێژێکی زۆرم دەبرد بەڵام هەمیشە هەوڵیشم دەدا خۆمیان لێ دوربگرم.

لەگەڵ ئەوەشدا من لاوێکی قۆزو جوان خاس بووم بەڕادەیەك کەهاورێکانم پێیان دەوتم لەناو کچاندا جێگەی سەرنج بووم بەڵام هەرگیز هەوڵی ئەوەم نەدەدا لەگەڵیاندا پەیوەندی دروست بکەم وە لەیادیشمە چەندین جار هەلومەرجی زۆر لەبارم بۆ رەخساوە لەگەڵ چەند کچێکدا ئاشنایی‌و پەیوەندی پەیدا بکەم بەڵام ئەم کارەم نەکردوە !

کاتێك کەکوڕە هاو قۆناغەکانم دەربارەی کچ‌و عیشقەکەیان قسەیان دەکرد من گاڵتەم لێ دەهات‌و پێم دەوتن کەلەم کات‌و قۆناغەدا عیشق‌و خۆشەویستی هیچ واتایەکی نییەو ئەوانیش کەدەیانزانی هاوبۆچونیان نییم ئیتر لەبارەی کچانەوە لای من قسەیان نەدەکرد بەڵام هەر هەمان ئەو کوڕانەش کاتێك کچێك لەگەڵیاندا بێ وەفا دەرچوایە دەهاتن بۆلام‌و دەیانوت تۆ ڕاستتکرد وە لەڕاستیدا من هەرگیز بەڕەگەزی کچ‌و خۆشەویستییەکەیان بچوکترین باوەڕم نەبوو وە هەر بەو پێیەش وشەی خۆشەویستی لەوکاتانەدا لەلای من لەگاڵتەجاڕییەك زیاتر نەبوو.

تاوەکو سەرئەنجام گەمەکانی قەدەرو چارەنووس لەلایەکەوە دەستپێدەکات کەتەنانەت مرۆڤ خۆشی خەیاڵی ناچێت بەلایدا وە ئەم گەمەیەش بۆ من لەڕۆژێکی ساردی پایزیدا دەستپێکرد..

ئەو ڕۆژە دوا نیوەڕۆ بۆ تەماشاکردنی یارییەکی تۆپی پێ چوم بۆ (ئەمجەدییە)و نزیکەی هەشتا دەقیقەی یاریەکەم تەماشاکرد بەڵام نازانم لەگەڵ ئەو هەموو وابەستگیەی کەبەمجۆرە یاریەوە هەمبوو بۆچی دە دەقیقەی کۆتایی یاریەکەش نەمامەوە. بەناو کۆمەڵێکی زۆر تەماشاچیدا تێپەڕیم‌و پاش کەمێکیش لەکاتێکدا کەدەنگی هاندەرە تەماشاچییەکان لەگوێمدا دەزرنگایەوە لەئەمجەدییە چوومە دەرەوە. لەشەقامدا ملی ڕێگای ماڵەوەم گرتبوو وە هەروا کەدەڕۆیشتم لەقوڵایی بیرکردنەوەدا بوم

Scanned by CamScanner

بۆ ژیانی داهاتوم نەخشەی جۆراوجۆرم دادەڕشت بەڵام لەناکاو نازانم چۆن بوو بینیم کتێبەکانم لەسەر زەوی بڵاوبۆتەوە. کاتێك سەرم هەڵبری تەماشام کرد کچێك خەریکی کۆکردنەوەی کتێبەکانمە، بەخۆمم وت لەوانەیە لەخەودا بمو خەوببینم، بەڵام دەنگە نەرمو ناسکەکەی منی لەو بیرکردنەوانەدا ڕاپەڕاند.

پاش ئەوەی داوای لێبوردنیکرد وتی لەبەرئەوەی وانەی بەهێزکردنەکەی کەوتۆتە ئەم شەقامەوەو گوایە درەنگ کەوتوە بەخێرای دەڕۆیشت تا لەسەری کاتدا بەوانەکەی بگات بەمشێوەیە نەی زانیوە خۆی کێشاوە بەمندا!!

کچێك بوو زۆر جوان، خاوەنی قژێکی درێژو زەرد، دووچاوی شین. بەتەواوی نەمدەزانی لەچ بارودۆخێکدامو هیچ قسەیەکم بۆ نەدەکراو ماتو کاس تەماشای چاوە شینەکانیم دەکرد.

ئەویش زۆر بەخێرای کتێبەکانی کۆکردەوەو دایەدەستمو ماڵئاوایی لێکردمو هەروەکو بروسکە چەند هەنگاوێکی تری ناو خۆیکرد بەبینایەکدا کەوانەی بەهێزکردنەکەی تێدابوو.

کات درەنگ بوو.. بەهەنگاونانی ئارامو لەرزۆکەوە بەرەوماڵەوە بەڕێکەوتم وەکاتێك گەیشتمە ماڵەوە نزیکی خۆرئاوابوون بوو وە بێئەوەی وەکو هەموو جارێك بچم بۆلای دایکمو هەواڵ پرسی بکەم چومە ژورەکەی خۆمو پاش داخستنی دەرگای ژورەکە کەوتمە ناو دەریای بیرکردنەوە.

ئەوشەوە دایکم هەرچەندێك لەگەڵمدا خەریك بوو تا نانی ئێوارە بخۆم بەڵام ئەوکاتانە من تەنانەت تاقەتی نان خوادنیشم نەمابوو وەهەرچەندێکیش هەوڵیدا بمهێنێتە قسە بەڵام هەوڵەکانی هیچ سوودێکیان نەبوو تاوەکو سەرئەنجام پێم وت کەماندومو دەمەوێت بحەوێمەوە، بەدروستکردنی ئەم بیانووە دایکم بەناچاری لەژورەکەم چووە دەرەوە منیش سەرلەنوێ کەوتمەوە ناو دەریای غەرقینی بیرکردنەوە!

Scanned by CamScanner

هەموو بیرکردنەوەکانم لەخولگەی جوانیو دڵگیری ئەو کچە قژ زەردەدا دەسوڕایەوەو ئەوەش کەڕوی دابوو لەنێوانماندا دەمهێنایەوە یادی خۆم. سەرئەنجام کەزانیم ناتوانم لەیادی خۆمی دەربکەم بڕیارمدا بەهەر شێوەیەك بێت بیبینمەوە!

ئەوشەوە بەڕاستی شەوێکی نائارامو سەرسوڕهێنەر بوو، کەسێك کەهەمیشە گاڵتەی بەخۆشەویستی دەکرد ئێستا لەپێناوی کچێکدا کەچەند چرکەیەك زیاتر نەیبینی بوو خەو لەچاوی ناکەوێت!

ئەوشەوە پاش چەند کاتژمێریك بیرکردنەوەی پەرێشانو بێهوودە بەناچاری چومە سەرجێگەی نووستنەکەم بەخەیاڵی ئەوکچە شۆخو جوانەوە خەوم لێکەوت.

بەیانی ڕۆژی دوایی لەجاران کەمێك درەنگتر بەخەبەر هاتم، دوای خواردنی نانی بەیانیو لەکاتێکدا خۆم بەخۆشحاڵ نیشان ئەدا سەبارەت بەتەمبەڵێکردنەکەی شەوی رابردوو داوای لیبوردنم لەدایکم کردو پاشان کتێبەکانم هەڵگرتو بەرەو قوتابخانە کەوتمە ڕێ، بەڵام لەڕاستیدا بۆ قوتابخانە نەدەچوم بەڵکو دەچوم بۆ ئەو جێگەیەی کچەکەم لێبینیبوو!

نیوەڕۆش تەلەفونم بۆماڵەوە کرد وە پێم ڕاگەیاندن ئەمرۆ بەهۆی وانەی زیادەوە ناتوانم نیوەرۆ بێمەوە بۆ ماڵەوە، تەواوی کاتی دوانیوەڕۆش لەجێگەی ناوبراودا مامەوە بەڵام مانەوەکەم هەروا بێسوود بوو.

کاتی خۆرئاوابوون بەپەرێشانیو نیگەرانیەوە ملی رێگەی ماڵەوەم گرت.. ئەورۆژە یەکەمین ڕۆژبوو من تێیدا نەچمەوە بۆ قوتابخانە، وە بەدرێژای ڕێگاش لەترسی ئەوەدابووم ئەگەر لەقوتابخانەوە نامەیەك بنێرن بۆ باوکمو ئاگاداری بکەنەوە ئەمڕۆ من لەوانەکانم خۆم دزیوەتەوە ئەوا ئابڕوم دەچێت.

بەڵام هەرچۆنیك بوو ڕێگە چارەیەکم دۆزیەوە وە بڕیارمدا کەبڕێك پارە بدەم بەکابرای نامەبەر ئەویش لەبەرامبەردا نامەکە بدات بەخۆم وەهەر

Scanned by CamScanner

بەوجۆرەش کەپێشبینیم کرد کابرای نامەبەر هات تاوەکو نامەکە بگەیەنێت بەدەستی باوکم بەڵام من پێنسەد تمەنیەکم دایەو داوام لێکرد نامەکە بدات بەخۆم ئەویش کاتێك چاوی بەبڕە پارەکە کەوت داواکەی پەسەندکردم.

لەم کردارەی کەکردم زۆر خۆشحاڵ بووم چونکە ئەگەر چەند ڕۆژیکی تر نەچووومایە بۆ قوتابخانە ئەوا هیچ ترسێکم نەبوو. ڕۆژی دوایش چوومەوە بۆ هەمان جێگە بەڵام هەرچەندێکیش چاوەڕوانیم کێشا ئەو هەر نەهات بۆیە ناچار کاتی دوانیوەڕۆ خۆمکرد بەو بینایەدا کەوانەی بەهێزکردنەکەی ئەوی تێدابوو بەڵام دیسان هەوڵەکانم هیچ سودێکیان نەبوو چونکە من ناونیشانی جۆری وانەکەیم نەدەزانی، وەهەر بەمشێوەیەش ڕۆژی سێهەم و چوارەم و پێنجەمیش بەسەرچوو بەڵام هەر نەمتوانی بیبینمەوە تاوەکو سەرئەنجام ڕۆژی شەشەم هەرلەهەمان کاتی ئەوڕۆژەی کەبۆ یەکەمجار بینیم وە لەهەمان جێگەدا بۆ جاری دووەم لەگەڵیدا ڕوبەڕوبوومەوە بەڵام پێش ئەوەی بتوانم کاردانەوەیەك نیشان بدەم ئەوخۆی کرد بەدوکانێکی ڕۆژنامە فرۆشیداو بەم شێوەیە چاوەڕوان مامەوە هەتاوەکو لەدوکانی ناو براو هاتە دەرەوە.



Scanned by CamScanner

"٢"

بێئاگا تەواوی لەشم دەلەرزی، بارودۆخیکی سـەیرم پەیداکردبوو. دڵـم بەتونـدی لێـی دەداو ڕۆحـم لـەژێر لێـوەوە ئاهـەنگێکی زەمزەمـە دەکـرد کەئاوازەکانی بۆمن جێی تێگەیشتن نـەبوون. لەوانەیـە ئـەو زەمزەمەیـەش خۆشەویستی بووبێت. لاوێتی بووبێت، شەوق بووبێت، بەهـەرحاڵ خـەریك بوو لەخۆشـیدا شـێتبم. خۆشـم لـەو بارودۆخـەی بەسـەرم هـاتبوو سـەیرم لێدەهات، بیرم دەکردەوەو دەمـوت کاتێـك لـەدوکانی ڕۆژنامـە فرۆشـیەکە هاتـە دەرەوە چـی بڵـێمو بەچـی سـەری بابەتـەکانمی بـۆ بکەمـەوە، هـەر لەهـەمان ئەوکاتانـەدا ئـەو لـەدوکانی نـاوبراو هاتـەدەرەوە، زمـانم بـەگیر هـاتبوو ئـەویش بـەرەو ڕوم دەهـات، ئێـستا بەتـەواوەتی لێـك نزیـك بووینەتەوە. پاڵم نابەدیواری کۆلانێکەوە کەئەیویست لێوەی بڕوات.

ورەم هێنایە بەر خۆمو وتم:

(سلاو)

لەکاتێکدا کەزەردە خەنەیەکی غەمگینی هێنایە سەر لێو ئـەویش وتـی:

(سلاو)

(بەتەنیایت)

(بەڵێ)



Scanned by CamScanner

(مۆڵەت ئەدەیت تا کەمێك پێکەوە قسە بکەین ؟)

زەردەخەنەیەکی گرت و هیچی نەوت..

بێدەنگ کردنەکەی نیشانەی ڕازی بوون بوو، بۆیە منیش هیچ قسەیەکی ترم نەکردپاشانیش کەوتینە ڕێو زمانیشمان تەنها نیگا عاشقانەکانمان بوو..پاش ماوەیەك بەپێشنیاری ئەو چووین بۆ کازینۆیەك . چاوە شینە جوانەکانی، مووە زەردە دڵڕفێنەکەی بەتەواوەتی سەرنجی منیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشابوو. ڕوخساری یەك تۆپە گوڵ بوو، خاوەنی جوتێك لێوی ئاڵ هەروا کەنوقمی تەماشاکردنی بووم هاتە قسەو وتی، بۆچی قسە ناکەیت، مەگەر میوانت ڕانەگرتووە، کەوابێ بۆ ناپرسیت حەزت لەچییە؟

هەروەکو یەکێ لەخەوێکی گران هەستابێ دەستە پاچە بووم‌و داوای لیبۆردنم لێکردو پاشان بەشەرمەوە پرسیم:

ببورە.. بەڕاست حەزت لەچییە؟

(هەرچیەك تۆ بیخۆیت)

(تۆ حەزت لەچییە)

(من ئاسایی کاکاو دەخۆمەوە)

منیش هەروەها !

ئەوکات داوای دوو کاکاوم کرد پاش چەند دەقیقەیەکیش کاکاوەکانیان بۆهێنایین وە لەکاتێکدا کاکاوەکانمان دەخواردەوە سەری قسەکردنم لەگەڵیدا کردەوەو لەچەند بارەیەکی جیاوازەوە پێکەوە قسەمان کرد وە من پرسیاری ئەوەم لێکرد کەئایا خۆشەویست یان دەستگیران هیچ کام لەمانەی هەیە، ئەو لەوەلآمدا رایگەیاند هیچیانی نییە. ئەوکات بەخۆشحاڵیەوە داوای بەستنی پەیوەندی خۆشەویستیم کرد لەگەڵیدا. بەلآم ئەو بێدەنگی کردو هیچ وەلآمێکی نەدامەوە، پاشان درێژەم



Scanned by CamScanner

بەقسەکانم داو پێم وت کەوا من لەپێناوی بینینی ئەودا چەند ڕۆژێکە نەچوومەتەوە بۆ قوتابخانەو چاوەڕوانیم کێشاوە !

چاوەکانی دۆخیکی سەیریان بەسەرداهات و بەزەردەخەنەیەکەوە لەوەڵامدا وتی بەهۆی نەخۆشیەوە چەند ڕۆژێکە نەچووە بۆ وانەکەی وەپێشی ڕاگەیاندم ئەویش بەدرێژای ئەم ماوەیە هەر لەخەیاڵی ئەوڕۆژەدا بووە کەخۆی پێدا کێشاوم. بەم قسانەی کەکردی ڕوناکی هیوایەك لەدڵمدا درەوشایەوە، ئێستا بەئاسانی هەستم بەلێدانەکانی دڵم دەکرد، بۆ منێك تاوەکو ئەوکاتە لەگەڵ هیچ کچێکدا پەیوەندیم نەبووە ئەم کاتانە لەڕادەبەدەر خۆشبوون وە بەجۆریك هەستی خۆشبەختیم دەکرد کەتا ئەوڕۆژە هەرگیز ئەوەندەم هەستی خۆشحاڵی بەخۆمەوە نەبینی بوو.

چاوەکانی تیشکیان ئەدایەوە، تیشکێکی تایبەت، تیشکێکی کوشندە، بەڵکو پێش کوشتن دەی سوتاندم و دەیکردم بەخۆڵەمێش، ئەو بۆمن هەموو ئەوانەی سەرەوەی نیشان ئەدام. جوانیەکی زۆر سەیرو سەرسوڕهێنەری هەبوو.

ماوەی کاتژمێریکی تەواو لەگفتوگۆکەمان بەسەرچوو لەگازینۆکەدا لەناکاو بینیم شێوەو ڕوخساری گۆرانی بەسەرداهات، چاوەکانی بارودۆخی ئارامی خۆی لەدەستدا هەروەکو کەسێك دوچاری دەردەدڵ بوبێت خۆی دەخواردەوە، ڕەگەکانی دەموچاوی گرژ بوون و سوربیە غەمگینیەکەی ڕوخساری گۆڕا بەڕەنگیکی شین..

بەتەواوی نیگەران بووم و پرسیم!

(حاڵت لەباش ناچێت !)

بەزۆر زەردەخەنەیەکی هێنایە سەرلێوی وتی..

(نە.. نە بۆچی باشم)



Scanned by CamScanner

تـەنها کـەمێك دلم تێکـچووە، ئـەوکات هەسـتاو دوای ئـەوەی داوای لێبوردنی کرد ڕۆیشت بۆ تـەوالیتو کاتێك گەڕایەوە کـەمێك حـالی باشتر ببوو.

منیش لەکاتێکدا لەگۆڕانی ناکاوی ئەو سەرم سوڕمابوو بەخەیالی ئـەوەی لەوانەیـە هـەوای نـاو گازینۆکـە بوبێتـە هۆکـاری خـراپ بـوونی بـارودۆخی پێشنیارم کرد بچینە دەرەوە کەمێك بگەڕێین.

داواکاریەکـەی پەسـەندکردم پـاش دانـی پـارەی کاکاوەکـان لەگازینۆکـە هاتینـە دەرەوە بەچـەند شـەقامێکدا تێپـەڕین. پـاش چـەند دەقیقەیـەك چـوینە سـەر شـەقامێك کەئـەویش لەشـەقامێکی سەرەکیەوە جیاببوەوە.

ئەم شەقامە شـەقامێکی خـەلوەت بـوو بـەجۆرێك دەنگـی هـەنگاوەکانی خۆمانمان تێدا دەبیستەوە. ئەوڕۆژە یەکێك بوو لەخۆشترین یادگاریـەکانی ژیانم چونکە هەستم دەکرد بەبەدەستهێنانی ئـەو خۆشبەختیو راستیم بەدەست هێناوە.

بۆ کەسێك هەمیشە خۆشەویستی بەگاڵتـە جـاڕی دەزانـی ئـەم ڕوداوە بەتەواوەتی خەیالیو جێگەی بـاوەڕ نـەکردن بـوو، بـەلام بەهـەرحال روی دابوو.

لەوکاتانەدا کەبەدەستە ساردو وشك هەڵهاتوەکانم دەستو پەنجە نەرمو نیانەکانی ئەوم دەگوشی ئەو تەنها زەردەخەنەی دەگرت.

لەکاتێکـدا چـاوم بڕیبـووە زەردەخەنـە شـیرینەکانی پـێم وت خۆشـم دەوێیـت بەڕادەیـەکی زۆر وەتەنانـەت ئامادەشـم لـەپێناوی ئـەم خۆشەویستیەماندا گیـانم بـەخت بکـەم، ئـەویش بەهـەمان شیوە دانی بـەوەدانا کـەمنی خۆشـدەویت وە ئـەم یادگاریـەش کەلەئـەوەوە لـەیادم گرتـووە هەمیـشە لـەدلی خۆمـدا هێـشتومەتەوە وە هـەرگیزیش فەرامۆشی ناکەم.



Scanned by CamScanner

شەوق و هەستێکی بێ پێشینە لەدەرونمدا شەپۆلی ئەداو لەوەش کەکچی نمونەی خۆمم بەدەستهێناوە لەڕادە بەدەر خۆشحاڵ و بەختەوەر بوم، ئەو بۆمن ببووە بتێك و دەمپەرست.

پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەشەقامەکاندا پێکەوە گەڕاین شەویش دەیویست باڵی ڕەشی خۆی بەسەر ئاسمانی شیندا بڵاوبکاتەوە بەرەزامەندی هەردوولامان لەیەکتر جیابووینەوە.

من بەڕادەیەك لەبەرامبەری ئەم ئاشنابوون و ناسینەمان گێژو کاس ببوم تەنانەت لەیادم چووبووەوە کەلێی بپرسم ناوی چییە تاوەکو ئەو خۆی کاتێ دەمانویست ماڵئاوای لەیەکتری بکەین پێی وتم ناوی (رونیا)یەو لەقۆناغی یەکەمی کۆلێژی یاسا سەرقاڵی خوێندنەو منیش بەهەمان شێوە پێم راگەیاند کەناوم (بەهمەن)ە لەقۆناغی ئامادەییدا خەریکی خوێندنم. ئەوکات دەستەکانمان خستە سەر ڕوی یەکترو چاوە تینوەکانمان لەیەك بڕی و پاش کەمێك وە بەپێچەوانەی خواست و ویستی دڵمان لەیەك جیابوینەوەو لەهەمان کاتیشدا بەڵێنم پێدا بەیانی چاوم پێبکەویتەوە.

بەمشێوەیە بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوتم. "بەڵام ئەو بیرەوەریە فەرامۆش نەبوەی ئەو ڕۆژە هەروا لەدڵمدا ماوەتەوە"..



Scanned by CamScanner

## "٣"

بەیانی ڕۆژی دوایی نەچومەوە بۆ قوتابخانە بەڵکو بۆ بینینی روئیا ڕاستەوخۆ بەرەو زانکۆ بەڕێکەوتم لەڕێگە هەر لەخەیاڵی خۆبەیەکدا کێشانەکەی ئەوڕۆژەماندا بووم، لەو بیرکردنەوانەدا ئەوەهات بەخەیاڵمدا وتم ئەو لەقۆناغی یەکەمی زانکۆدا بخوێنێت بێگومان دەبوو تەمەنیشی لەمن زیاتر بێت، بەڵام من هیچ جۆرە گرنگیەکم بەو جۆرە شتانە نەدا.

من هەستم دەکرد روئیام لەکانگای دڵەوە خۆشدەوێت ئیتر گرنگ نەبوو لام لەمن گەورەتر بێت یان بچوکتر، لەکاتێکدا نوقمی بیرکردنەوەی ئەو بووم پاش نیو سەعات گەیشتمە بەرامبەری دەرگای زانکۆ بەڵام لەبەرئەوەی کاتی نیوەڕۆ بوو و خوێنکارەکانی زانکۆش وانەکانیان تەواو ببوو و دەیانویست بچن بۆ نان خواردن بەباشترم زانی هەر لەبەردەرگای چونە ژورەوەکەدا کەلەهەمانکاتدا نزیك بوو لەکۆلیژەکەی روئیا چاوەڕوانی بکەم.

هەر لەو کاتی چاوەروانکردنەمدا بوو لەناکاو شتێکی چاوەڕوان نەکراو جێی باوەڕ نەکردن هاتە پێش چاوم.



Scanned by CamScanner

لەوکاتەدا ئۆتۆمبیلیکی رەنگ پرتەقاڵی خەریکی هاتنە دەرەوە بوو لەزانکۆکە، کاتێك لەبەردەمی دەرگای زانکۆکەدا کەمێك هێواشی کردەوەو لەناکاو گومانەکانی خەیاڵ سەرنجیان ڕاکێشامو تەماشام کرد ئۆتۆمبێلی ناوبراو تەنها دوو کەسی تێدا بوو ئەویش یەکێکیان لاوێکی نەناسراو بوو کەچاویلکەیەکی ڕەشی لەچاودا بوو بەڵام ئەوی تریان جگە لەروئیای، خۆشەویستەکەی من کەسێکی تر نەبوو!

کاتێك دڵنیا بووم لەوەی سەرنجەکەم هیچ گومانێکی تێدا نەماوە لەوەی کەروئیا لەگەڵ لاوێکی نامۆدا سواری ئۆتۆمبێلێك بووە ژیان لەبەر چاومدا بەجارێك بوو بەهەزار پارچەوە. بۆ چەند چرکەیەك دەست بەسەراگرتنی خۆم لەدەستدا بەشێوەیەك کەنەمتوانی شوێنیان بکەوم وە تەنانەت نەشمتوانی ژمارەی ئۆتۆمبیلەکەش بنوسم. بڕیارمدا بەهەر شێوەیەك بووە دەبێت تاوتوێی ئەم بابەتە ئاشکرا بکەم.

هەر بەم پێیە پاش ئەوەی خوێندکارەکان لەزانکۆکە چونەدەرەوەو زانکۆکەش روو بەچۆڵ بوون دەچوو بەرەو ئەو کۆلیجەی روئیا تێیدا دەیخوێند کەوتمەرێو راستەوخۆ چوومە بەشەکانی کۆلیجی ناوبراو ر دوای پرسیارکردن لەچەند خوێندکارێکی کۆلیجەکە کەهێشا نەڕۆیشبوون توانیم پۆلەکەی روئیا بدۆزمەوە وە کاتێك چومەوە ژورەوە کابرایەکی پیری فەراشم بینی خەریکی پاکردنەوەی بەشەکانی کۆلیژی ناوبراو بوو وە لەبارەی روئیاوە چەند پرسیاریکم لێکرد. سەرەتا فەراشە پیرەکە لەپرسیارو لیکۆڵینەوەکانی من بەتەنگ هاتبوو و چەند وەلامێکی بێ سەروبەرەی دامەوە بەڵام کاتێك بڕیك پارەم خستە مشتی دەستیەوە زەردەخەنەیەکی گرتو وتی:

(ببورە قوربان بەجوانی سەرنجی پرسیارەکانتم نەدابوو، لەبارەی هەرشتێکەوە بتەوێت بپرسیت ئائەوجێگەیەی زانیاریم هەبیت رێنماییت دەکەم). ناونیشانی روئیام بۆ هەڵداو بۆم دەرکەوت کەبەباشی دەیناسێت.



Scanned by CamScanner

ئەوکات خۆم وەکو کەسێك نیشاندا کەدەمەوێت بچمە خوازبینی ڕوئیا بەڵام پێش ئەوەی بەم کارە هەستم دەمەوێت لەبارەیەوە کەمێك لیکۆلینەوە ئەنجام بدەم، لەبەر ئەوەش زۆر نیگەران و پەشێو بووم سەرەتا ویستم بزانم خاوەنی ئەو ئۆتۆمبیلەی ڕوئیا لەگەڵیدا سوار دەبوو کێیە، بۆ ئەوەش ئەم بابەتەم پێش هەموشتێك بۆ ئاشکرا بێت بەفەراشە پیرەکەم وت:

بەراست من ئێستا ڕوئیام لەئوتۆمبێلێکی پرتەقاڵیدا بینی، خاوەنی ئەو ئۆتۆمبیلەکێیە؟ کابرای پیر کەمێك مات بوو پاشان وتی:

خاوەنی ئەم ئۆتۆمبێلە ناوی (ئەحمەد – ف)و هاوپۆلی ڕوئیایە وە باوکیشی یەکێکە لەدەوڵەمەندە ناودارەکانو خۆشی لاوێکی خاوەن دەسەلاتە. لەکاتێکدا لەژێر لێوەوە چەند جنێویکم بە(ئەحمەد –ف)دا ئەوکات لەبارەی خودی ڕوئیاوە پرسیارم کرد... زەردەخەنەیەکی شێوە گاڵتە جارانەی گرتو وتی: (هەروەکو خوێندکارەکان دەڵێن ڕوئیا خۆشەویستی ئەحمەدە، ئەوان لەڕۆژدا زۆرتری کات پێکەوەنو واش بڵاوە کەگوایە (ئەحمەد) کوڕێکە دوچاری هیرۆین کێشان بووە، ڕوئیاشی لەم داوەوە ئاڵاندوەو ڕوئیاش بۆئەوەی هیرۆینی پێویستی لەلایەن ئەحمەدەوە دەست بکەوێت ناچارە درێژە بەخۆشەویستیەکەی خۆی بدات لەگەڵیدا .

ئەحمەد ساڵی رابردو بەهۆی هاوڕێیکردنی چەند کەسانێکی نابارو نادروستەوە لەدەرەوەی چوارچێوەی زانکۆدا توشی خوگرتن بەهیرۆین بووە وە بەهۆی ئەوەش کەباوکی پارەی پێویستی بۆ بەدەستهێنانی ئەم مادە بێهۆشکەرە نەدەیایە ئەحمەد ناچاربوو بچێتە باندێکی هیرۆین فرۆشتنەوەو کاتێك لێپرسراوانی زانکۆ بەمەیان زانی ئەحمەدیان لەزانکۆ دەرکرد.



Scanned by CamScanner

بەڵام باوکی ئەحمەد لەپێناوی پاراستنی ئابڕوی خۆیدا بەری خـوگرتنی ئـەوی بـەم مادەیـە گـرتو لەیـەکێك لەنەخۆشـخانەکاندا خـستی بـەهیوای ئـەوەی کەلـەم خـووە کوشـندەیە ڕزگـاری بێـتو پاشـانیش دوای بـەڵێن وەرگـرتن لەئەحمـەد سـەرلەنوێ بـۆ دریـژە پێـدانی خوێنـدن لـەزانکۆ وەرگیرایەوە.

بەڵام ئێستاش کـەم تـا زۆر دەبیـسترێت ئەحمـەد سـەرلەنوێ لـەهێرۆین کێشان هەڵچۆتەوەو روئیاش بەهۆی ئـەوەوە تووشـی کێـشانی ئـەم مـادە ترسناکە بووە. بەبیستنی قسەکانی فەڕاشە پیرەکە تـەواوی لەشـم هاتـە لەرزە قاچەکانم سست بوون لەجێگـەی خۆیانـدا، هەسـتم دەکـرد خەریکـە دەکەوم بەزەویدا. بەخێرایی ماڵئـاوایم لـەکابرای فەڕاشـکردو لەکۆلیجەکـە هاتمە دەرەوە.

لەوکاتانەدا شنە بایەك هەڵی کردبوو و لەناو گەڵای درەختەکاندا چرپەی دەکـردو دەدرا بەڕومـدا، ئێـستا بـارودۆخی کەسـێکی سەرخۆشـم بەسـەر هاتووە بەشێوەیەك بەزەویدا کەوتنم نزیك بوو.

بەهەر دەردەسەرییەك بوو خـۆم گەیانـدە شـەقامەکە و بـۆ یـەك چرکە یەکەمین ڕۆژی دیدارەکەمانم هێنایەوە یادی خۆم ئەوکات تێگەیشتم بۆچی ئەو ڕۆژە روئیا بارودۆخی ئاسایی خۆی لەدەستداو حاڵێ سـەرەونگون بـوو لەگازینۆکەدا.

کەواتە ئەو خوی بەهێرۆین گرتبوو و منیش ئەوەم نەدەزانی.

هەستم دەکرد ژیانی روئیا لەمەترسی دایەو من دەبێت هەرچـۆنێك بێـت لـەم خـوە کوشـندەیە رزگـاری بکـەم. مـن روئیـام لـەناخی دڵـەوە خۆشدەویستو لەدەست دانیشی شتێکی مەحاڵ بوو لام.

ئێـستا راسـتیەکانم لائاشـکرابووە بێئـەوەی بهـێڵم هەسـت بکـات دەبێـت لـەم چوارچـێوە ناسـکەدا بیهێنمـە دەرەوەو رزگـاری بکـەم چـونکە ژیـانی ئـەو چـرکە بەچـرکە روو بەلەناوچـوون دەچـوو وە



Scanned by CamScanner

دره‌نـگ یـازویش ئەودەبوایـە بـۆ مـردن خـۆی بدایـە بەدەسـتەوەو منـیش لەوکاتـەدا دەبێـت بمـرم. بـەنقوم بـوویی لـەم خەیالآنـەدا گەیشتمەوە ماڵەوە.

لەماڵەوە بەتەلـەفون پەیوەنـدیم کـرد بـەرونیاوە بـەلآم بێئـەوەی هیچ شتێك سەبارەت بەچونەکەم بۆ زانکۆکەی ئەو بڵێم پـێم راگەیانـد سبەینی کاتژمێر چواری پاش نیوەرۆ دەمەوێت لەکافتریایەك کەکەوتبووە شەقامی رەزاشاوە بیبینم.

پاش ئەوەی پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەم بـڕی سـەر لـەنویٚ کەوتمـەوە ناو بیرکردنـەوەی جۆراوجـۆرو سـەیر وە سـەبارەت بـەهیرۆینی بـوونی رونیا منیان زۆر ئازاردەدا بەلآم هەرچۆنێك بوو تاوەکو کاتی ژوانەکـەمان ئـارامم گرتو لەوکاتەدا بەتاکسییەك چوم بۆ کافتریای ناوبراو.

رونیاش بەدوای مندا چەند دەقیقەیەك درەنگتر هاتو کاتێك گەیشتە لام لەجێگـەی خـۆم هەسـتامو لەکاتێکـدا بـەزۆر هـەولم دەدا رویـەکی خـۆش نیشان بدەم پێشوازیم لێکردو ئەوکات دانیشت، پێم وت (درەنگ کەوتی؟)

(داوای لێبـوردن دەکـەم بـەهۆی بـوونی کـەمێك ئیـشوکارەوە چـەند دەقیقەیەك درەنگم بەسەرهات)

(باشە.. چی دەخۆیت ؟)

(دۆندرمە)

(زۆر باشە)

داوام کرد دوو دۆندرمەمان بۆ بهێنن ئەوکات رونیا کەوتە قسەو ئـەحواڵ پرسـین کـردنم. بۆ ئـەوەی کەبەنیگـەرانی یەکـەم هەسـت نـەکات ئاسایی وەلآمی پرسیارەکانیم دایەوە.

دۆندرمەکانیان بۆ هێنایـنو ئێمەش دەستمان کرد بەخواردنیان.

دۆندرمەکەم بەبیٚ مەیلی خوارد.



Scanned by CamScanner

کاتێـک ئـەویش تـەواوبوو پێـشنیارم کـرد بـچینە دەرەوە کـەمێك بگـەڕێین و لەهەمانکاتیـشدا کـەمێکیش لەچـەند بارەیەکـەوە بـدوێین، پەسەندی کرد.

لەکافتریاکە هاتینە دەرەوەو چووینە سەرشەقامی رامسەر.

خۆر پاشمـاوە خوێناویـەکانی خـۆی لەپـشت چیاکانەوە دەشـاردەوەو ئاوابونیش بەجوانیە دڵڕفینەکەی خۆیەوە دەستیپێکرد.

من و ئەو بەهەنگاونانـە ئـارام و هێدیەکانمانـەوە لەشـەقامی رامسـەرەوە چـووینە سـەر شـەقامی سـورەبیا. لـەناخ و دەرونمـدا جـەنگێکی سـەخت هەڵگیرسـابوو کەحەسـرەت و مەینـەتی فـەرمان ڕەواییـان دەکـرد هەسـتم دەکرد دڵم بۆ حاڵی رونیا دەسـووتێت. بـەڵام نـەخێر ئـەوە بـەزەیی نـەبوو بـەڵکو پەیوەندیـەکی بـەتین بـوو کەبـەرونیاوە هـەمبوو و هـەر ئـەو پەیوەندیەش بوو کەمنی بۆ یارمەتیدان و رزگارکردنی ئەو هاندەدا.

سەرئەنجام بڕیارمدا ئەم بابەتە لەگەڵ خۆیدا بخەمە ڕوو و لەم بارەیەوە قسەی لەگەڵدا بکەم تـاوەکو بەکۆمـەکی خـۆی بتـوانم ڕێگـە چارەیەك بـۆ ڕزگارکردنی لەم خوەکوشندەیە بدۆزمەوە. کاتێـك ڕوداوەکـەم خستە ڕو لەسەرسـوڕماوی خۆییـدا مـات بـوو وە فرمێـسك لەچـاوەکانیدا ئەڵقـەیان بەستبوو و ڕقوکینە گەروویان دەگوشـی و لـەوەش کـەمن بەهـەموو شـتێکم زانی بوو بەتەواوەتی نیگەران ببوو. بەڵام من دڵنیام کـرد تـەنها لـەپێناوی خۆشەویـستی ئـەودا ئـەم ڕوداوەم خـستۆتە ڕوو وە دەمـەوێت یارمـەتی بدەم و لەهەمان کاتیشدا بەڵێنم پێدا کەهەتاوەکو گیان لەجەستەمدا بێت بۆ ڕزگـارکردنی ئـەو هـەوڵ بـدەم و لەهـەمان چوارچێوەشـدا داوای ئـەوەم لێکرد ئیتر لەگەڵ ئەحمـەدا سـواری ئۆتۆمبێـل نـەبێت و لـەپیناوی هێرۆیـن وەرگرتنیش لێی دریژە بەخۆشەویستیەکەی نەدات. ئەویش بەڵێنی پێدام ئەم کارە بکات و ئەم بەڵێنەش بۆ من وەکو بەڵگەیەك وابوو.



Scanned by CamScanner

بەشێوەیەکی هەستپێکراو ڕویدا لەدوای ئەو ڕۆژەش چەند گۆڕانیك بەشێوەیەکی هەستپێکراو ڕویدا
لەدوای ئەو ڕۆژەش چەند لیکۆلینەوەیەکدا کەکردبووم بۆم ئاشکرابوو ڕوئیا چونکە لەچەند لیکۆلینەوەیەکدا کەکردبووم بۆم ئاشکرابوو ڕوئیا
چونکە لەچەند خۆی لەگەڵ ئەحمەدا پچڕیوەو هیچ پەیوەندیە خۆشەویستیەکەی نەداوە. لەبەرئەوەی ڕوئیا خوی بەم مادە گرنگیەکی بەهەرەشەکانی نەداوە. لەبەرئەوەی ڕوئیا خوی بەم مادە
گرنگیەکی بەهەرەشەوە گرتبوو تەکینەوەکەی زۆرگران بوو و نەدەکرا بەزوی بیهۆشکەرەشەوە گرتبوو تەکینەوەکەی زۆرگران بوو و نەدەکرا بەزویی
بیهۆشکەرەشەوە لێبکرێت دەست لەم خووە هەڵگریت بۆیە ناچار بەو چاوەڕوانی ئەوەی لێبکرێت دەست لەم خووە هەڵگریت بۆیە ناچار بەو
چاوەڕوانی ئەوەی باوکی دەیدایەو پارەیەیکیش کەمن دەمدایە هیرۆینی بڕە پارەیەی ڕۆژانە باوکی دەیدایەو پارەیەیکیش کەمن دەمدایە هیرۆینی
بڕە پارەیەی ڕۆژانە بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەوڵێ دەدا کەڕۆژ بەڕۆژ کەمی پێدەکڕی دەیکێشا بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەوڵێ دەدا کەڕۆژ بەڕۆژ کەمی
پێدەکڕی دەیکێشا بتوانم شێوازی چۆنێتی تەکینەوەکەی بۆ ڕێك بکاتەوە تا بەمشێوەیە بتوانم شێوازی چۆنێتی تەکینەوەکەی بۆ ڕێك
بکاتەوە تا بەمشێوەیە
بخەم.

من لەو گۆڕانکاریانەی ڕویدابوو زۆر ڕازی بووم وە دڵنیاش بووم بەو شێوازانەی ڕوئیا گرتبویە بەر هەرچی زوترە دەتوانیت لەداوی هیرۆین خۆی ڕزگار بکات وەئەو کاتیش دەتوانین ژیانێکی ئارامو خۆش دەست پێبکەین.

دیارە لەم گیرەوکێشەیەدا داروودەستەی ئەحمەدیش هەروا دەستەو دامان دانەنیشتبون بەڵکو بۆ تۆڵەسەندنەوە لەڕوئیا باوکیان لێ ئاگاداركردو باوکی ڕوئیاش کەپیاوێکی پارەدارو سوخۆر بوو لەهەموو شتێك زیاتر گرنگی بەئیشەکەی خۆی دەداو لەڕادە بەدەر زۆردار بوو کاتێکیش لەڕودانی خووگرتنی کچەکەی لەهیرۆین ئاگادارکرا وەکو هەزاران باوکی بی سەرنجی تر تەنها کردەوەیەك کە نواندی و پێی هەستا بڕینی ڕۆژانەی کچەکەی بوو.

ئەم پیاوە لەبری ئەوەی لەخەمی ڕزگارکردنی کچەکەیدا بێت بەبۆچوونی خۆی ئەگەر ڕۆژانەکەی ببڕێت ئەوا ئیتر ئەویش ناچار دەبێت واز لەهیرۆین کێشان بهێنێت ! !



Scanned by CamScanner

کاتێك روئیا روداوەکەی بۆ گێڕامەوە بەڵێنم پێدا هەرچۆنیك بووە بێپارەی ناکەمو بەمشێوەیەش ئەم پارەیەی من دەمدایە ئیتر هیچ پێویستیەکی بەپارەی باوکی نەبوو و باوکە نەفامەکەشی وای دەزانی ئیتر بەم جۆرە خوگرتن لەسەری کچەکەی دەچێتە دەرەوە.

ئێستا منو روئیا زۆربەی کات لەکاتی بێ ئیشیدا یەکتریمان دەبینیو کاتمان لەتەنیشتی یەکتردا بەسەر دەبرد.

ڕۆژەکانو مانگەکان بەپشتی سەری یەکتردا بەسەر دەچوونو کاتی تاقیکردنەوەکانیش نزیکبونەوە، من بەهاندانی روئیاو هەوڵی زۆری خۆم دەستمکرد بەخوێندنەوەی وانەکانمو هەولم دەدا بەهەر شێوەیەك بێت ئەو وانانەی لەدەستم دابوو و تیایاندا دواکەوتبوم پێیان بگەمەوەو روئیاش لەوانەکانمدا یارمەتی دەدام وە بەمشێوەیە توانیم بەسەرکەوتنێکی گەورەوە وانەکانی سەری ساڵ بەسەر بەرمو بەنمرەی بەرزیشەوە دەربچم.

روئیا کاتێك لەسەرکەوتنی من بەئاگا بوو لەخۆشحاڵیدا لەپێستی خۆیدا نەدەگونجا ، ئێستاش منو ئەو بەڕادەیەك لەیەکتر نزیك بوینەتەوە کەخۆشیو ناخۆشیەکانیشمان پێکەوە دەگونجان.. منو ئەو گیانێك بووین لەدووجەستەدا.

پاش چەند هەفتەیەك تاقیکردنەوەی روئیاش تەواو بوو و ئەویش بەنمرەی درەخشاوەوە توانی سەر بکەویتو ئەو کاتانە من لەسەر کەوتنی ئەو شادمان بووم وە ئەویش لەسەر کەوتنی من!

کاتێك پشووی هاوین دەستیپێکرد دایكو باوکی روئیا بەخەیاڵی خۆیان وایان دەزانی بەبڕینی ڕۆژانەی کچەکەیان توانیویانە ئەو لەخوگرتنەکەی ڕزگار بکەنو بۆ یارمەتی دانی زیاتریش بڕیاریان دابوو بینێرن بۆ باخەکەیان لە(مەی گوون) بۆلای دایەگەورەی.



Scanned by CamScanner

ڕوئیا کاتێك ئەم بابەتەی پێ ڕاگەیاندم زۆر خۆشحاڵ بووم چونکە منیش دەمتوانی بچم بۆ مەی گوون و لەباخەکەی مامم پشووی هاوین بەسەر بەرم و لەوێش دەمتوانی زیاتر لەگەڵ ڕوئیادا بم.

لەکۆتایدا ئەم شتە بەکردەوە ئەنجامدرا من و ئەو لەماوەی چەند ڕۆژێکدا چوین بۆ مەی گوون. لەبەیانی ئەو ڕۆژەوە من و ڕوئیا ڕۆژانێکی شادو خۆشمان دەستپێکرد لەتەنیشتی یەکتردا، هەموو بەیانیەك دەچوین بۆ گەڕان لەشاخ و باخەکانداو یاریکردنی بەکۆمەڵ لەگەڵ کوڕو کچی ئەو هەوارەداو حەوانەوەی جۆراوجۆرمان ئەنجام ئەدا وە بەم شێوەیەش من و ڕوئیا پەیوەندی نێوانمان زیاترو بەتین تربوو.

ڕۆژە درێژو گەرمەکانی هاوین لەپشتی سەری یەکتر بەسەر دەچوون و ژیانیش لەسەر ڕەوتی ئاسایی خۆی بەرەو پێش دەچوو تاوەکو ڕۆژێك پێیان ڕاگەیاندم کەباوکم داوای لێکردوم بگەڕێمەوە بۆ تاران بەم پێیە بەخێرایی ماڵئاوایم لەڕوئیا کرد، لەکاتێکدا دەمویست بڕۆم بینیم ڕوئیا بەهۆی ڕۆیشتنەکەمەوە دەگریا بۆیە بەڵێنم پێیدا دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بگەڕێمەوە بۆلای و پاشان ئەوێم بەجێهێشت.

کاتێك لەمەی گوونەوە گەیشتمەوە تاران یەکڕاست چوومەوە بۆ ماڵەوە بەڵام لەوێ بارودۆخ ئاسایی نەبوو شتێك لەگەڵ ڕابردومدا جیاوازی پەیدا کردبوو، کۆمەڵێك لەخزم و ئاشناکان لەماڵێ ئێمە کۆببوونەوەو هەمویان بەچاوی گریاناویەوە مات ببوون.

لێرەدا بوو من بەڕاستیەکی یەکجارتاڵ ڕووبەڕوو بومەوەو زانیم کەدایکم بۆ هەمیشە چاوی لەدنیا داخستووە. بەبیستنی ئەم هەواڵە دڵتەزێنە زۆر بەتوندی کەوتمە گریان و لەهۆش خۆم چووم بەجۆرێك کەچەند کەسێك لەخزمەکانمان هێنایانمەوە هۆش خۆم.

ئێستا من خۆشەویسترین خۆشەویستی ژیانم لەدەستدابوو و نەمدەزانی دوای مردنی دایکم چارەنوسم بەکوێ دەگات!



Scanned by CamScanner

مردنی دایکم بارودۆخی منی بەتەواوەتی سەرەو نگون کردو ڕەوتی ژیانمی گۆڕی چونکە دوای مردنی ئەو من ئیتر نەچوومەوە بۆ قوتابخانەو لەبەر ئەوەش کەباوکم پاش بەسەرچونی تەنها شەش مانگ لەمردنی دایکم ژنی تری هێنایەوە ئیتر ماڵەوەم لێکرا بەدۆزەخ. لەوانەیە باوکم ئەگەر کاتێك دایکم نەمرد بوایە ژنی تری بهێنایە بەو ڕادەیە نیگەران نەدەبووم بەڵام بەهۆی ئەوەی کەپاش مردنی دایکم بەشەش مانگ ئەو هەستا بەم کردەوەیە لەبەرامبەری باوکم نەفرەتێکی سەیرم لەدڵمدا پەیداکردبوو!

ئێستا تەنها هیوای من لەدنیادا روئیا بوو وەهەر بەم پێیە بڕیارمدا کەروئیا بکەمە هاوسەری ژیانم چونکە هەروەکو وتم چارەنووس دوای مردنی دایکم ڕەوتی ئاسایی ژیانمی گۆڕی‌و هیوام وا بوو لەگەڵ روئیادا بتوانم پاش رزگاربوونی لەداوی هیرۆین ژیانێکی خۆش‌و کامەران ڕێك بخەم.

هەر بەپێی ئەم بیرکردنەوەیە لەپێناوی ئەم مەبەستەدا لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی باوکم لەدڵمدا نەمابوو داوام لێکرد ئیشێکم بۆ پەیدا بکات‌و پاش چەند هەفتەیەك باوکم توانی ئیشێکم بۆ بەدەست بهێنێت‌و بەهۆی ئەوەوە لەکۆمپانیایەکی بیناسازیداو لەبەشی ژمێریاریدا سەرقاڵ ئیش بووم.

من لەئیشەکەی خۆم زۆر ڕازی بووم‌و هەوڵیشم دەدا خاوەن‌و لێپرسراوی کۆمپانیاکە لێم ڕازی بن وە هەر بەم پێیەو لەوپەڕی سەر راستی‌و راستگۆییدا توانیم لەماوەیەکی کورتدا پیشکەوتنێك لەئیشەکەمدا بەدەستبهێنم‌و ببمە سەرۆکی خەزێنەی کۆمپانیاکە. وە بەمشێوەیەش سەرو سامانێکم بەحاڵی خۆم بەخشی‌و ئەو دەرامەتەش کەهەمبوو بۆ پێکەوەنانی خێزان دەشیا. لەو موچەیەی وەرم دەگرت بەشی روئیاشم لێئەداو خۆشم لێم خەرج دەکرد. ئێستا تەنها گرفتی من هیرۆین کێشانەکەی روئیا بوو.

بۆ ئەوەی کەبمتوانیایە بیکەمە هاوسەری خۆم دەبوایە ئەو خووگرتنەی بوار بکردایە وەهەر بەم پێیە ڕۆژێك بۆ گەڕان لەگەڵیدا چووبوومە دەرەوەو پێشنیاری ئەوەم خستە ڕوو کەبچین بۆ نەخۆشخانەیەکی تایبەتی تاوەکو پزیشکەکان تێروانینێکی پزیشکی بۆ ئەنجام بدەن و لام ئاشکرا بێت چەندە پارە پێویستە بۆ بواردنی خوەکەی، ئەویش پێشنیارەکەی پەسەندکردم پێکەوە چوین بۆ نەخۆشخانەیەکی تایبەتی و لەوی پزیشکی بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە پاش ئەنجامدانی تێروانینێکی وردی پزیشکی روئیا پێی ڕاگەیاندم کە(دە ملیۆن) تمەن پێویست دەبێت تاوەکو ئەو چارەسەر دەکرێت. هەوڵێ من بۆ کەمکردنەوەی بڕە پارەکە بێ سوود بوو وە پزیشکەکە وتی لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆرە لەم خوگرتنەی روئیا بەسەرچووە دەبێت خوێنەکەی ئەو بگۆردرێت و کاتێك زانیم قسەکردن لەم بارەیەوە بێ سودە. ماڵئاوایمان لەبەڕێوبەری نەخۆشخانەکە کرد لەنەخۆشخانەکە چوینەدەرەوە، لەناو ڕێگەدا پاش حساب کردنێکی سادە بۆم دەرکەوت دووساڵ پێویست دەبێت تاوەکو بتوانم ئەم بڕە پارەیە کۆبکەمەوە وە ئەوەش شتێك بوو نەدەکرا چونکە لەوانەبوو لەم دووساڵەدا چەندین ڕوداوی جۆراوجۆر ڕویان بدایەو ببونایە هۆکاری ئەوەی من و روئیا لەیەك جیابکەنەوە لەبەرئەوە بڕیارمدا بەهەر شێوەیەك بووە پارەیەك بۆ چارەسەرکردنی روئیا پێویست دەبێت ئامادەی کەم.



Scanned by CamScanner

# "٤"

لەبەیانی ڕۆژی دواترەوە هەوڵێ خۆمم بۆ بەدەستهێنانی بڕە پارەکە خستە گەڕ، بۆ هەر جێیەك بمتوانیایە دەچووم وەچومە لای تەواوی هاوڕێکانم بەڵام لەهەمویان بێ هیوا بووم، لەوکاتانەدا هاتە خەیالم کەبچمە لای خوشکە گەورەکەم لەشیراز. ئەم خوشکەم لەشیرازدا دەوڵەمەندێکی ناسراو بوو وە ئەو دەیتوانی کەلەم بارەیەوە یارمەتیم بدات، هاوسەری ئەم خوشکەم سێ ساڵ لەوە وپێش لەڕوداوێکی ئۆتۆمبێلدا گیانی لەدەست دابوو. لەبەرئەوەش ئەوان منالیان نەبوو و لەهەمان کاتیشدا میراتگرێکی تری نەبوو تەواوی ماڵو سامانەکەی بۆ خوشکەکەم کەتەنیا هاوسەری بوو مایەوە.

ئەم خوشکەم پاش مردنی مێردەکەی هاوسەرێکی تری هەڵنەبژاردبوو و لەشیراز بەتەنیا دەژیاو لەدەرامەتی پارەو مولکێکی لەڕادە بەدەریش کەلەمێردەکەیەوە بۆی مابووە ژیانی دەبردەسەرو ئەو دەیتوانی یارمەتیم بدات.

ئەمە باشترین ڕێگە بوو، هەر بەم پێیە بەتەلەفۆن ڕوداوەکەم بەروئیا ڕاگەیاندو ئەوکاتیش بۆ ماڵێ خوشکەکەم بۆ شیراز بەڕێکەوتم.

کاتێك گەیشتمە ئەوێ نزیکی بەرە بەیان بوو. لەپاسەکە دابەزیم.. هەواساردو باراناوی بوو، هەورە ڕەشەکانیش بەشێوەی پەڵەپەڵە بەری



Scanned by CamScanner

ئاسمانیـان گـرت بـوو. بـەدڵێکی نیگـەران و پەشـێوەوە بـەرەو ماڵی خوشـکەکەم کەوتمـەرێ و لەخەیاڵمدا روئیـام دەبینـی بەبەرگی سپییەوە لەناو مرواریـدا نـوقم ببـوو، دەسـتەکانی بـۆ رادەکێشام و زەردەخەنـەی دەگرت و منـیش مـژدەم دەدایـە کەلـەم خـوە کوشـندەیە رزگـاری بکـەم بەتەواوی نازانم چەندە لەم بارودۆخەدا بووم لـەناکاو بینـیم ڕێگـەی نیوان ماڵی خوشکەکەم و گەراجەکە تەواوبووە.

نزیکی کاتـژمێر پێنجی بـەیانی بـوو کاتێـك گەیشتمە بـەردەرگای ماڵی خوشکەکەم و ئەو کات بـەئارامی دەسـتە ساردەکانم لـەگیرفانم دەرهێنـاو پەنجەم خستە سەر زەنگەکە، ماوەی سێ دەقیقە چەند جارێك زەنگم لێدا تاوەکو خزمەتکارەکە لەخەو بەئاگاهات و دەرگای لێکردمەوە.

ئەو منی ناسی و سەلامی لێکردم لەکاتێکدا لەو کاتە زوەی بەیانی سەری سـوڕمابوو ڕێنمـایی ژورەوەی کـردم و منـیش بێئـەوەی هـیچ گرنگیـەك بەسەرسـوڕمانەکەی ئـەو بـدەم یـەك راسـت چـووم بـۆ ژوری خوشـکەکەم ئـەویش کەبـەدەنگی زەنگەکـە بـەئاگا هـاتبوو بـەبینینم خۆشـحاڵ بـوو و باوەشـی پێـداکردم و پـاش هـەواڵ پرسـینی خـزم و کەسـەکانمان و چەند پرسیارێکی تر لەبەرئەوەی ماندوبووم بەباشم نەزانی جارێ لەبارەی هۆی هاتنەکـەم بۆلای قـسەبکەم، بـەم شـێوەیە جێگەیـەکیان بـۆ ئامـادەکردم تاوەکو بحەوێمەوە، بەتەواوی نازانم چەندە خەوتم بەڵام کاتێك بـەئاگاهانم نزیکـی کاتـژمێر دوانـزە بـوو، لەجێگەکـە هەسـتام و پـاش شـتنی سەروو دەموچـاوام نـانم خـواردو پاشـان لەگـەڵ خوشـکەکەمدا چـووین بـۆ ژوری میوان و ئەوکات کەوتینە قسە.

من لەپاش وتنی سـەرەتایەکی کـورت سـەبارەت بەرێگاکـەو ماندوبوونـە لەڕادە بەدەرەکەم ناوەڕۆکی داواکاریەکەم خستە روو و بۆشم رونکردەوە کەمن چۆن لەگـەڵ روئیـادا ئاشـنابووم و ئێـستاش بـارودۆخی ئـەو چۆنە و سەبارەت بەو بڕە پارەیەش کەپێویستم بوو لەگەڵیدا کەوتمە گفتوگۆ.



Scanned by CamScanner

سەرەتا خوشکەکەم زەردەخەنەیەکی هێنایە سەر لێویو منیش لەم زەردەخەنەیە خۆشحاڵ بوومو وتم بێگومان هاوکاریم دەکات.

لەناکاو دەموچاوی دابەیەکداو وتی:

(بەڕاست چەندت پارە پێویستە ؟)

(دە ملیۆن تمەن)

لەکاتێکدا شێوازێکی حەق ئامێزانەی بەخۆوە گرت وتی..

تۆبرای منێت و منیش پێم خۆشە یارمەتیت بدەم بەڵام بەداخەوە ئەو بڕە پارەیەی تۆ دە یڵێیت ئێستا لەدەستمدا نییە بەڵام ئەگەر دەتەوێت سێ ملیۆن تمەنت دەدەمێو ئەوەی تریش شەش مانگی تر بۆت دەنێرم بەمشێوەیە نەبێت من لەتوانامدا نییە ئەم بڕە پارەیەت بدەمی. قسەکانی ئەم خوشکەم خەریك بوو شێتم بکات، ئەو بەم وەڵامەی دایمەوە هەموو هیواو ئارەزوەکانمی دابەدەم با چونکە من بەدڵێکی پڕ لەهیواو ئارەزووەوە چووم بۆلای بەڵام ئەو بەتەواوی منی نائومێد کرد.

لەوکاتانەدا بوو من بەرامبەر بەدەوڵەمەندەکان کینەم پەیداکرد وەحەسودیم پێ بردن. دڵم حەزی دەکرد منیش پارەدار بومایەو بەتەواوی خواستو ئاوەتەکانم بگەیشتمایە بەڵام بەداخەوە.

بەدەردە دڵێ وتم خوایە بۆچی هەندێك ئەوەندەیان هەیە تەنانەت سەروەتو سامانی خۆیان ناتوانن بژمێرنو هەندێکیش ئەوەندە هەژارن کەنانی شەویان نییەو بەبرسێتی سەر دەنێنەوە بەڵام تەنانەت بۆ ئەم پرسیارەش وەڵامێکم نەدییەوە کەویژدانم پێی رازی بێت بۆیە بەنائومێدیو نقوم بوو لەبیرکردنەوەی خەیاڵێ پوچدا هاتمەدەرەوەو پاش ماڵئاوایی کردنێکی ساردوسڕ لەخوشکەکەمو خزمەتکارەکەیو بێئەوەی هیچ گرنگیەك بەداواکاریەکەیان سەبارەت بەمانەوەم لەشیراز بدەم لەماڵەکەی هاتمە دەرەوە ماوەیەك لەشەقامەکانی شیرازدا بەبێ هیچ مەبەستێك گەڕام تا سەرئەنجام بێ هیواو لەکاتێکدا نەمدەزانی چیم بەسەر



Scanned by CamScanner

دێ چومەوە بۆ گەراجو بەنیگەرانیو ڕەشبینیەکی لەڕادە بەدەر سواری
پاسێکی شڕو شکاو بووم وەگەڕامەوە بۆ تاران.

کاتێ گەڕامەوە بۆ تاران کات درەنگ بوو بۆ چوونە سەر کارەکەم، بۆیە
بەتەلەفۆن بەلێپرسراوی کۆمپانیاکەم ڕاگەیاند بەهۆی نەخۆشیەوە
نەمتوانیوە لەسەر ئیشەکەم ئامادەبم و دوانیوەڕۆش بۆ قەرەبوو
کردنەوەی ئەو ئامادەنەبوونەم دەچم کارەکانم ڕادەپەڕێنم. پاش ئەم
پەیوەندیە تەلەفۆنییە لەتاران بۆ هەرجێیەک بمتوانیایە پارەی تێدا
بەدەست بهێنم سەرم دەدا بەڵام دیسان نەمتوانی هیچ ئەنجامێک بەدەست
بهێنم.

نائومێدی هەروەکو مخۆرکە تەواوی بونمی کون کون کردبوو، هەستم
دەکرد گیانم لەجەستەمدا دەفڕێتو لاشەی ماندوم بەدەستی فەرامۆشی
دەسپێرێت بەڵام نەخێر هەرگیز وانەبوو. من نەمردم هەوڵو کۆششمدا
بۆئەوەی سەرئەنجام سەرکەوتوو بم. من زندوو مامەوە تاسروشت لەبارەی
منەوە بەگەمەکانی خۆی درێژە بدات وەچارەنووسیش هەرچیەک بیەوێت
بەسەرم دێنێت.

پاش نیوەڕۆی ئەوڕۆژەش بەنیگەرانیەوە چوم بۆ کۆمپانیاکە لەژووری
ئیش کردنەکەمدا بەبارودۆخیکی بێزارو پەرێشانەوە چوومە پشتی
مێزەکەم و خۆم سەرقاڵی ئیشەکانم کرد.

لەبەرئەوەی بەهۆی ڕۆیشتنەکەم بۆ شیراز لەئیشەکانمدا دواکەوتبووم
پاش تەواوبونی ماوەی یاسایی کارکردن وە ڕۆیشتنی کارمەندەکان من
بەمەبەستی ئەنجامدانی ئیشە دواکەوتوەکانم لەکۆمپانیاکە مامەوە.

کاتێک هەموو ڕۆیشتن جگە لەپاسەوانی کۆمپانیاکە کەسی تری لێ نەما
بۆ پێداچونەوەی ئیشە دواکەوتوەکانم کەمێک درەنگ کەوتمو پاش
تەواوکردنی ئیشەکانم ویستم لەژوورەکەم بچمە دەرەوە لەناکاو هێزێکی
نادیار سەرنجی بەلای خەزێنەکەدا ڕاکێشام!



Scanned by CamScanner

پارەکان لـەناو خەزێنەکـەدا چاویان لـیّ دادەگـرتمو لەخەیاڵمـدا رونیـام دەبینی رزگاربونەکەی پەیوەندیەکی تەواوی بەم پارانـەوە هـەبوو و داوای لێدەکردم رزگاری بکەم.

هەرچیەکم دەکرد کەئەم دەنگە ونو لاڵە لەویژدانمدا دامرکێنمەوە بەلاّم نەمتوانی، پارەکان بەرامبەرم بوون بەلاّم دەسەلاّتی هەلّگرتنیانم نەبوو.

بیرم دەکـردەوەو دەمـوت ئەگـەر ئـەم پارانـە هـەلّگرم ئـەوا ڕسـواییەکی گـەورە دامێـنگیرم دەبێـتو بـۆ کەسـێکی وەك منـیش کـەجێی متمانـەی خاوەن کۆمپانیاکە بووم ئەم کردەوەیە شایستەو نابەجیّ بوو.

بەلاّم سەرئەنجام لەکیشمەکیشێکی دەرونی توونداو بێئـەوەی کـەهێزی بیرکردنەوەم هەبێت ئـەو بـڕە پارەیـەی کـە پێویـستم بـوو لەخەزێنەکـەدا دەرمهێناو ئەوکات رۆیشتمە دەرەوە لەکۆمپانیاکە.

بیرم دەکردەوە وە دەموت لەبەرئەوەی خۆم ژمێریارم دەتـوانم مـاوەی هەفتەیەك ئەم بابەتە بشارمەوەو نەهێلّم لێپرسراوی کۆمپانیاکە پێی بزانن وە لەهەمانکاتیشدا ئاواتە خوازبووم کەلەو ماوەیەدا بەهەر شێوەیەك بووە بتوانم ئەم بڕە پارەیە ئامادە بکەمو بیخەمـەوە جێگـەی خـۆی، هـەر ئـەم ئومێدەواریەش بووە هۆی ئەوەی دەسـتی دزی بـۆ خـەزێنـەی کۆمپانیاکـە درێژ بکەم.

بـــەیانی رۆژی دوایـــی زوو لەخـــەو هەســـتام بـــەترسو ســـامەوە پارەکـانم هــەلّگرتو چــووم بــۆ مــالّی "حەمیـد" دۆســتو هــاورێی دلّسۆزم، حەمیـد یـەکێك بـوو لـەهاوریّ هـەرە دلّسۆزەکانم، بـاوکی ئـەو ژمارەیـــەکی زۆر بـــاخو مـــولّکی لەدەوروبـــەری تارانـــدا هـــەبوو، حەمیـدیش بـاخو مولّکـەکانی بـاوکی بـەڕێوەدەبرد. ئـەو لـەزۆر کاتـدا یارمـەتی منـی دابـوو، تەنانـەت لـەپێناوی پارەیـەکیش کـەبۆ خـستنی رونیـا لەنەخۆشـخانەکە پێویـستم بـوو هـەولێکی زۆریـدا لـەباوکی بـۆم وەربگرێـت بـەلاّم لەهەولّەکەیـدا سـەر کـەوتوو نـەبوو. مـنو حەمیـد



Scanned by CamScanner

لەگــەڵ یــەکتردا زۆر ڕێــك بــوینو هــەر لەمناڵیــەوە هــەر نهێنیــەکمان هەبوایــە لــەلای یــەکتر دەمــان درکانــدو لەیــەکتریش ڕێنمایمــان وەردەگـرت. حەمیـد بەڕوکـەش کـوڕیکی زۆر بـاش بـوو بـەڵام زۆر گـوێ ڕایـەڵی قـسەی بـاوکی بـوو چـونکە ئەگـەر گـوێ رایـەڵ نەبوایـە بـاوکی خـەرجی نەدەدایـە بـەڵام لەگـەڵ ئـەم درێـژە پێدانەشمـدا ئـەو کـوڕێکی باشو هاورێیەکی دلسۆزو میهرەبان بوو بۆ من.

ئەورۆژە بەیانی زوو کاتێك لـەزەنگی دەرگـای مـاڵ حەمیدمـدا خزمـەت کارەکـەیان دەرگـای کـردەوەو سـڵاویکرد منـیش پـاش دانـەوەی وەڵامـی سڵاوەکە یەك راست چووم بۆ ژوورەکەی حەمید.

ئەوکە تازە لەخەو هەستابوو لـەبینینی مـن لـەو بەیانیـە زووەدا سـەیری لێدەهات، پـێم وت بابـەتیکی گـرنگم بـۆ پـێش هـاتووە ئـەوکات بـێ هـێچ پێشەکیەك روداوەکەم بۆ شیکردەوە.

حەمید پـاش بیـستنی روداوەکـە پێـی لەسـەر ئـەوە داگـرت کەهەرچـی زوترە پارەکە بگەرێنمـەوە بـۆ خەزێنـەی کۆمپانیاکـەو لەهـەمان کاتیـشدا بەڵێنیدا لەماوەیەکی کورتدا ئەم برە پارەیەم بۆ ئامادە بکات. مـن بـەڵێنم پێدا تـاوەکو ئامـادەکردنی پارەکـە ئـەم بابەتـە بەشـاراوەیی دەپـارێزمو پاشان دەیگەرێنمەوە بۆ خەزێنەکە.

حەمیـد سـوربونی خـۆی پیـشاندا تـاوەکو بـرە پارەکـە بگەڕێنمـەوە وەپێشی وتم لەوانەیـە رووداوەکـە ئاشـکرابێت تـۆ بەناونیـشانی دز بدەنـە دەست دادگاو یاسا.

مـن دڵنیـام کـرد کـەکار بـەو جێگەیـە ناگـاتو تەنانـەت ئەگـەر ئـەویش نەتوانێت پارەکە ئامادە بکـات کاتێك بـاوکم لـەم ڕووداوە ئاگـادار بکرێـت تەواوی پارەکـە دەگەرێنێتـەوە بـۆ کۆمپانیاکـە وە لەبەرئـەوەش خـاوەنی کۆمپانیاکە هاورێیـەکی دڵـسۆزی باوکمـە ئـەم بابەتـە دەشـارێتەوە.بـەڵام حەمید پێی وتم: تۆ شێتی، تۆ دەتەوێت لـەپێناوی کـچێکی هیرۆینـی بـێ



Scanned by CamScanner

نرخدا ئابڕو و ناموسی خۆت بخەیتە مەترسییەوە، باشتر وایە ئەم کارە نەکەیت!

من بەدەنگێکی بەرز قسەکەم پێ بڕیو وتم: من ئەو کارەم کردوەو لەبڕیاڕی خۆشم پەشیمان نیمو لەقسەی خۆشم ناگەڕێمەوە. حەمید کاتێك سوربونی لەڕادەبەدەری منی بینی ئیتر هیچی تری نەوت.



Scanned by CamScanner

# "٥"

ڕۆژی دوایی بەدڵ هەراسیو غەمگینیەوە چوم بۆ کۆمپانیاکەو بەهەر شێوەیەك بوو بێئەوەی بهێڵم کەس بەروداوەکە بزانێت خۆم سەرقاڵ ئیشەکانم کرد. پاش تەواو بوونی کار یەکراست چووم بۆلای روئیا. ئەوم لەهەمیشە جوانترو دڵگیرتر بینی، کاتێك نیگام بەنیگای کەوت هەستمکرد دڵم لەخۆشیدا دەلەرزێت. دەتوت لەبەرامبەر هێزی خۆشەویستی ئەودا وردو خاش بووم. بەخۆم دەوت لەبەرامبەر ئەم هەموو پاکیو بێگەردی ئەو خۆشەویستیەی کەلەبوونی روئیادا هەیە تەنانەت گیانیش نرخی نییە. بەخۆشحاڵیەوە دەستم هێنا بەمووە جوانەکانیدا پاشان لەبارەی بەدەستهێنانی برەپارەکەشدا داستانێکم دروستکردو وتم کەلەلایەن یەکێك لەهاورێکانمەوە بەدەستم هێناوە. لەکاتێکدا بەگومانو دوودڵیەوە تەماشای دەکردم سوربونێکی زۆری خۆی نیشاندا تاوەکو بزانێت ئەم پارەیەم چۆن بەدەستهێناوە بەڵام من لەبارەی پرسیارەکەیدا بابەتەکەم دەخستە لایەنی پێکەنین تاوەکو سەرئەنجام کاتێك زانی سوربونەکەی بێسوودە دەستی هەڵگرتو بڕیاریشمان دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژیش لەگەڵ



Scanned by CamScanner

حەمیددا بچین بۆ ئـەو نەخۆشـخانە تایبەتییـەی کـەبڕیاربوو رونیـای تێـدا چارەسەر بکرێتو لەوێ کاروبارەکانمان ڕێکبخەین.

رونیا لەکاتێکدا لەو پەڕی خۆشحاڵیدا بـوو سوپاسـی لێکـردم وە لـەوەی ئـەوم بـەو ڕادەیـە خۆشـحاڵ دەبینـی بـچوکترین گـرنگیم نـەدەدا بـەو کردەوەیەی پێی هەستابووم چونکە خۆشحاڵی ئەو بۆمن هێندەی یەکدنیا بەهای هـەبوو، وە مـن دوای بـواردنی خوگرتنەکەشـی دەمتـوانی ژیـانێکی خـۆشو ئاسـودەی لەگەڵـدا دەسـت پێبکـەم. دوابـەدوای ئـەم قـسانە لەبەرئـەوەی کـەنزیکی نیـوەڕۆ بـوو پێشنیاری ئـەوەم کردنـانی نیـوەڕۆ لەچێشتخانەیەکدا بخـۆینو ئـەویش بەرامبـەر بـەم پێشنیارە رەزامەنـدی خۆی نیشانداو پاشان چـوین بـۆ چێشتخانەیەکو لـەوێ نـانی نیوەڕۆمـان خـوارد، دوابـەدوای ئـەوەش چـووین بـۆ سـیەنەماو پاشـانیش رونیـام گەیاندەوە ماڵەوە، بڕیاریش بوو رونیـا بەماڵـەوەیان بڵێـت لەگـەڵ هـاورێ هاوانەکانیـدا لەگەشـتێکی بەکۆمەڵـدا دەچـێت بـۆ شـارەکانی ئێـران بۆماوەیـەکی تاڕادەیـەکی دوورو درێـژ، ئـەوکات لەبـەردەم هـەمان ئەوسـینەمایەدا کەچـوین چـاوەڕوانم بێـت تـاوەکو پێکـەوە بـچین بـۆ نەخۆشخانەکە. کاتژمێر پاش لێدانی شەش لێدانی یەك لەدوایەکی بەچرکە چرکە درێژەی دەدا کەبەخێرایی جلەکانم لەبەرکردو ئـەوکات تەلـەفۆنم بـۆ حەمید کرد کەبێت بـۆ ئەوجێگایـەی بڕیـاربوو رونیـای لـێ ببینـمو پاشـان لـەماڵ چـوومە دەرەوە. کاتێـك گەیـشتمەوەجێگەی نـاوبراو بینـیم رونیـا لەپێش منەوە هاتووە بەڵام جارێك هیچ هەواڵێك لەحەمید نەبوو. هـەر لـەو کاتـەدا دەنگـی وەسـتانی تاکسییەکی رەنـگ زۆیـشتوو بێـدەنگی شـکاند وەپاش کەمێك حەمیدی لێ دابەزی.

پـاش ئـەوەی رونیـاو حەمیـدم بەیـەك ناسـاند هەرسـێکمان پێکـەوە بـەرە و نەخۆشـخانەکە کـە ئـەویش هـەر لەوناوچـەیەوە نزیـك بـوو بـەرێ کـەوتین. نزیکـی کاتـژمێر شـەش و نیـو ئێمـە لەنەخۆشـخانەکە



Scanned by CamScanner

بـــووین، بەرپرســـی پرســـگەی نەخۆشـــخانەکەش ئێمـــەی بـــۆ هـــۆڵی چـاوەڕوان کـردن ڕێنمـایی کـرد وە بەتەلـەفۆن پزیـشکەکەی لـەهاتنی ئێمـە ئاگـادار کـرد، ئـەویش پـاش کـەمێك هـات بـۆ لامـان و لەگەڵیـدا چووین بۆ ژوورەکەی خۆی.

پـاش وتوێـژکردنێکی دوورودرێـژی ئێمـەو پزیـشکەکە ڕێکـەوتین لەسـەر ئەوەی ڕوئیا بخەین لە نەخۆشخانەو ئەوکات منـیش خـەرجی خستنەکەی ڕوئیـام داو لەهەمانکاتیـشدا بڕێـك پـارەم بـەخودی ڕوئیاشـدا تـاوەکو بـۆ پێویـــستیەکانی خـــۆی خـــەرجی بکـــاتو داواشـــم لەپزیـــشکەکەکرد کەچاودێریەکی بـاش لـەڕوئیا بکـەنو لەبەرامبەریـشدا پزیـشکەکە بـەڵێنی پێدام لەپێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ڕوئیا ئەوپەڕی هەوڵێ خۆی بخاتە گەڕو کاروبارەکانیش وارێك بخات کەبەئاسـانی خوگرتنەکـەی بـوار بکـات. ئـەوکات پزیـشکەکە بردینـــی بـــۆ ئـــەو ژوورەی دەبوایـــە ڕوئیایـــان تێـــدا بخستایە، پاش کەمێك جێهێشتینو حەمیـدیش بەبیانویەکـەوە لەژوورەکـە چووە دەرەوە. بەمشێوەیە من و ڕوئیا لەژوورەکەدا ماینەوە.

کاتێك حەمیدو پزیشکەکان مـنو ڕوئیایـان لەژورەکـەدا بەتەنیاجێهێشت ڕوئیا دەستیکرد بەگریانو باوەشی پێداکردم منیش ئـەوکات لێوەکـانم نـا بەلێوەکانیەوەو لەباوەشی یەکتردا چووین.

لەشـی ڕوئیـا گـەرمو سـوتێنەر بـوو بـەجوتێك چـاوی فرمێـسکاویەوە، ڕوخساری بارودۆخیکی سەیری بەسەردا هاتبوو وە ئەوکاتانە بـۆمن کـاتی بێئارامی بوون بوو. بێ ئاگا هەستمکرد منیش دەگـریم فرمێسکەکانی مـن بــەرووی ئــەودا دەڕژاو فرمێـسکەکانی ئــەویش بــەڕوی منــدا، بۆنمــان بەیەکترەوە دەکـرد هـەروەکو بڵێیـت توانـای جیابونـەوەمان نـەبوو. کـات بەمـشێوەیە بەسەرچـوو و کاتێـك گەڕاینـەوە سـەردۆخی ئاسـایی خۆمـان ساتەکانی ماڵئاوایی گەیشتبوون.



Scanned by CamScanner

لەوکاتەدا حەمیدیش هاتە ژورەوەو بۆئەوەی من لەوە زیاتر نیگەران نەبم روئیا داوای لێکردم هەرچی زوترە ئەخۆشخانەکە جێبهێڵم. لەگەڵ ئەوەشدا کەپێشتر حەزم نەدەکرد روئیا لەهەلومەرجێکی ئاوادا جێبهێڵم بەڵام بەهۆی زۆر لێکردنی خۆیەوە لەگەڵ حەمیدا ماڵئاوایم لێکردو لەژورەکە چوینە دەرەوە. روئیا بۆ بەڕێکردنمان هاتە کەناری دەرگای ژوورەکەو شانی نا بەقەراغی دەرگاکەوە، نیگای چاوەکانی بڕیبووە ڕێگە رۆیشتنەکەی ئێمە، کاتێك لەکۆتایی رێرەوەکەدا خەریك بوو لەبەرامبەر چاوەکانیدا ونببین دەنگی روئیا لەرێرەوەکەدا دەنگی دایەوەو وتی:

(بەهمەن) زوو زوو سەرم لێبدە زوو..

گریان مۆڵەتی نەدا. چووە ژوورەوەو منیش گوێم لەدەنگی داخستنی دەرگاکەبوو، نازانم چ باروذۆخیکم بەسەرداهاتبوو بەڵام روخسارم لەگریاندا خوسابوو.

ئیتر هێزی جوڵەم نەمابوو بەشێوەیەك کەحەمید یارمەتی دام تاوەکو لەدەرگای چونە دەرەوەی هۆلەکەوە رۆیشتینەدەرەوە کاتێك لەنەخۆشخانەکە چوینە دەرەوە شەو بەسەر هاتبوو و ئەستێرەکانیش لەئاسماندا خەریکی چاوداگرتنی خۆیان بوون. (حەمید) دۆستو هاورێی دڵسۆزم کاتێك دەیبینی من بەسەختی غەمگینو نیگەرانم کەوتە دڵنەوایم.

ئەوشەوە بۆ من لەهەموو شەوەکانی تری خودا رەشتر بوو وە لەکاتێکدا لەخستنی روئیا لەنەخۆشخانەدا دڵم رازی بوو بەڵام بەهۆی ئەو دزییەی پێی هەستابووم خۆم بەبێ چارە دەزانی. ئێستا من لەباروذۆخیکی کێشمەکیشیدا بووم وە نەمدەزانی سەرئەنجامی ئەم کردەوەیە بەکوێم دەگەیێنێت. لەبەرئەوەش کەباوکم منی بەکۆمپانیاکە ناساندبوو نەمدەتوانی بزانم کەئەگەر رووداوەکە ئاشکرا بێت چی رودەدات. بۆ پیاوێك کەلەتەواوی ژیانیدا شەرەفمەندانە ژیابوو دزیکردن کردەوەیەکی ڕەوا نەبوو من بۆ خۆم دەمزانی لەپێناوی رزگارکردنی کەسێکدا دەستم



Scanned by CamScanner

داوەتـە ئـەم دزیـە بـەڵام ئەمـە بەڵگەیـەکی بـەجێ نابینرێـت لەڕوانگـەی کۆمەڵگـەوە. دزی بەهــەرحاڵ دزییــە چ لــەپێناوی رزگــارکردنی گیــانی مرۆڤیکدا بێت یا لەپێناوی دابینکردنی ژیاندا!

ئـەمجۆرە بیرکردنەوانـە بەتـەواوەتی منیـان نیگـەران کردبـوو بـەڵام چارەیەك نـەبوو وە دەبوایـە خـۆم بەدەسـتی چارەنوس بسپاردایە وە ئـەوەش کەلـەم ماوەیـەدا بەسـەر مـن هـاتبوو داسـتانێك بـوو کـەس لەکۆتاییەکەی ئاگادار نەبوو.

نقوم بوو لەناو ئەم بیرکردنەوە تێکەڵو پێکەڵو نیگەرانکەرانەدا لەگـەڵ حەمیـدا ماوەیـەك بـەبێ هـیچ مەبەسـتێك لەشـەقامەکاندا گـەڕاین تـاوەکو سـەرئەنجام وە لەکاتێکـدا بەتونـدی نیگـەران بـووم‌و دڵنەواییـەکانی حەمیدیش نەیانتوانی بوو ئارامم بکەنەوەو ماڵئـاوایم لەحەمیـدکردو بـەرەو ماڵەوە کەوتمەڕێ.

کاتێك گەیشتمەوە ماڵەوە یەکراست چومە ژورەکەی خۆم‌و لەنیگەرانی‌و پەشێوی خۆمدا چومە سـەر جێگەکـەم‌و کەوتمـەوە بیرکردنـەوە. بایـەکی سارد لەنێوان لقی درەختەکاندا لـورەی دەکێـشاو دەدرا بەپـەنجەرەکـەدا. بێحـاڵ‌و خـەیاڵاوی لـەناو بیرکردنــەوە داچـوبووم تـاوەکو سـەرئەنجام لەبیرکردنــەوەش مانـدوبووم و هـەر بـەو بیرکردنــەوە تێکـەڵ‌و پێکـەڵ‌و ماندوکەرانەوە خەوم لێکەوت.

بـەیانی رۆژی دوایـی لەهەمیـشە زوتـر لەجێگەمـدا هەسـتام‌و پاشـان بـەترس‌و لـەرزەوە بـەرەو شـوێنی ئیـشەکەم کەوتمـەرێ، کاتێـك گەیـشتمەوە ئـەوێ جگـە لەفەرمانبـەران‌و پاسـەوانەکە کەسـیتر لەسـەر کارەکەی ئامادەنەبوو.

لەکاتێکـدا چـومە ژوری کارکردنەکـەی خـۆم ترسـێکی بـێ وێنـە سەرتاسـەری بـونمی گرتبـوەوە. چـاوەڕوانی ئـەوە بـووم کەبەڕێوبـەری کۆمپانیاکە بەڕوداوەکە بزانێت‌و بمداتە دەست پۆلیس.



Scanned by CamScanner

خـەیاڵ کردنـەوەی ئـەوەش کەبەدەستی بەستراوەوە دەیان بردم بۆ زیندان تەواوی جەستەم دەلەرزی بەڵام چارە چیبوو؟ من خۆم دابووە دەست چارەنوس وە چارەنوسیش هەرچیەکی بویستایە پێی دەکردم. من ئەو کاتانە وەکو شەپۆلێك وابووم کەپێش ئەوەی بەکەنار بگەم لەناو دەچووم وە بێسەروشوێن دەبووم.

بەم پێیە دەبوایە بمزانیایە کەچارەنووس چیم لەگەڵ دەکات هەرواش رێکەوت دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سەرئەنجام چارەنووس لەگەڵ ژیانمدا کەوتە قوماركردنو بەسەریدا سەركەوت!

نزیك خۆرئاوابوون بوو کەخاوەنی کۆمپانیاکە بۆ بەستنی گرێبەستێکی بازرگانی گرنگ داوای پارەی هەبووی ناو خەزینەکەی لێکردمو منیش گێژولاڵ بووم، نەمدەزانی چی بڵێم وەچی بکەم، تەلەفونم بۆ ماڵی حەمید کرد بەڵام ئەویش لەماڵ نەبوو پاشان یەکێکم نارد بەشوێن باوکمدا ئەویش باوکمی نەدۆزیبووەوە تا سەرئەنجام بەهۆی ئەو بارودۆخە نائاساییەی کەبەسەرم هاتبوو خاوەنی کۆمپانیاکە لەبابەتی دزیەکەم ئاگادار بوو.

ئەو لەبەرئەوەی لەگەڵ باوکمدا هاوڕێ بوون هەرئەو شەوە باوکمی بۆ کۆمپانیاکە بانگکردو روداوی دزیەکەمی پێ ڕاگەیاند باوکیشم پاش بیستنی روداوی دزیەکە بەئاسودەییو بەبێ ئەوەی هیچ نیگەران بێت بەخاوەنی کۆمپانیاکەی وت:

لەبەرئەوەی کەمن کوڕەکەمم ناساندوە بەم کۆمپانیایە دەبێت ئێوەش بیدەنە دەست یاساو زیندان تاوەکو تەمێ بێت!!!

بەهۆی ئەو وەڵامە زەقو ئاشکرایەی کەباوکم دایەوە بەسەرۆکی کۆمپانیاکە ئەویش بەناچاری دایمە دەست بەرپرسانی پۆلیس، لەکاتێکدا منیش تەواوی پرسیارەکانی پۆلیسە بەر پرسەکانم لەبارەی هۆی دزینەکەوە بەبێ وەڵام هێشتەوە پاش ئەوەی دۆسیەیەکیان لەبنکەکەیاندا رێکخست ناردیانم بۆدادگا.



Scanned by CamScanner

پاش بەسەرچوونی سێ مانگ لەیەکێك لەبەشەکانی دادگادا کەوتنە لێپرسینەوەم، ئەوان زۆر پێیان داگرت کەهۆکاری دزیەکەیان بۆ ڕونکەمەوە بەڵام من سەبارەت بەئاشکراکردنی ڕاستیەکان خۆم دورە پەرێزگرت تا نەوەکو یەکێك لەبەسەرهاتی منو روئیا ئاگادار بێت هەر بەم پێیە لەبەرامبەر دادوەرەکاندا بێدەنگیم کرد وەهیچ وەلامێکم نەدایەوە وەکاتێکیش دادوەرەکانیش بێدەنگکردنەکەی منیان بینی وە زانیان کەبەهیچ شێوەیەك ئامادەنیم ڕاستیەکان ئاشکرا بکەم پاش تەواوکردنی دادگاییکردنەکە منیان بەیەك ساڵ زیندانی بەهۆی دزینی دە ملیۆن تمەن سزادا. گرنگ نەبوو کەمنیان بەناونیشانی دزێك دادگایی کرد وە ساڵێك سزای زیندانیان سەپاند بەسەرمدا ئەوە لای من هیچ گرنگیەکی نەبوو بەڵکو گرنگ بۆ من رزگاربونی روئیا بوو وە من لەپێناوی رزگارکردنی ئەو لەداوی هیرۆین ئامادەبوم کەبەرگەی ئەم عەیبەیە بگرم. بەهەرحاڵ قسەنەکردنم لەم بارەیەوە بۆچونی تایبەتی خۆم بوو وە من لەوکاتانەدا بەهیچ شێوەیەك لەخەیاڵی خۆمدا نەبووم بەڵکو بەتەنهاو تەنها لەخەیاڵی رزگارکردنی روئیادا بووم لەچنگی هیرۆین وە هەر بەمشێوەیەوە بوو کەبێئەوەی هیچ ناڕەزاییەك دەربڕم سزاکەم بەدڵو بەگیان وەرگرت.

لەزینداندا بوو کەلەگەڵ راستیو تاڵی ژیاندا ئاشنابوم و هەستم دەکرد ئازادی تاچ ڕادەیەك بەتامو بەنرخە. ئێستا لەنێوان ئازادیو زینداندا دیوارێکی بەرز هەبوو وە لەو دیو دیوارەکەوە کۆمەڵێك کەسانی ئازادو خۆشبەخت هەبوون کەبەهەوڵێکی هەرچی زۆرترە بۆ داهاتویان هەوڵیان دەدا وە لەدیوەکەی تریشیەوە کۆمەڵێك کەسانی زیندانیکراو هەبوون کەرۆژیان بەشەو و شەویان بەرۆژ دەگەیاند تاوەکو ماوەی سزادانەکەیان تەواو بێت.

بەڕاستی مرۆڤ لەناو زینداندا لەهەستو هەڵویستی هەندێك لەزیندانکراوەکان بەسەختی سەیری لێ دێت. نمونەی ئەوانەش کەسانێکن



Scanned by CamScanner

کەبەلەسێدارەدران‌و زیندانی هەمیشەیی سزادراون بەڵام هیوای خۆیان لەدەست نەدابوو.

ئەمانە هەریەکەیان سەرگوزشتەیەکی سەر سوڕهێنەریان هەبوو هەرگیز نەیان دەویست تەمەنی شیرینیان لەم چوارچێوە دەردناکەدا بەسەر بچێت وە زۆریەشیان نازانن کەبۆچی چارەنوسیان بەئێرە گەیشتووە. ئەمانە باوەڕیان وابوو کەمرۆڤ نابێت لەهیچ هەلومەرجێکدا هیوای لەدەست بدات ئەم زندانییانە کاتێك لەماوەی زیندانیەکەی من ئاگادار بوون دەوریانداموو وتیان خۆزگەمان بەخۆت چونکە تۆ تەنها یەك ڕۆژ زیندانی دەکرێیت وەسەر ئەنجام ئازاد دەکرێیت! لەراستیدا قسەکەیان بۆ من جێگەی سەرسوڕمان بوو بەڵام کاتێك لەم بارەیەوە ڕونکردنەوەیەکی زیاترییاندا زانیم کەئەوان ڕاست دەکەن چونکە لەچاو کەسانێکدا کەبەزیندانی هەمیشەیی یان سێدارەدان سزادراوە یەکسالێ یەك رۆژە وەهەر چۆنیك بێت ئەم یەك ساڵە بەسەر دەچێت وەسەر ئەنجامیش زیندان کراوەکە ئازاد دەکرێت لە کاتێکدا کەسێك کە سزای زیندانی هەمیشەیی یان لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە ئیتر یەك سالێ یان چەند سالێکی بەلاوە گرنگ نییە بەڵام بەو جۆرەش ئەو هیوادارە کەڕۆژێك لەڕۆژان بەر لێبوردنێك بکەوێت‌و لەسێدارەدان یان زیندان رزگاری ببێت.

بەپێی یاسای سروشت هەموو مرۆڤێك گیانی خۆی خۆشدەویت وە ئامادەیە لەناو چوار دیواری زینداندا بۆ هەتا هەتایی هەمو ڕۆژێك بمرێت وە زیندو بێتەوە بەڵام ئامادەنییە لەسێدارەی بدەن!!

ئەم کۆمەڵە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانن مرۆڤ بیەوێت‌و نەیەوێت دەبێت خۆی بۆ مردن بدات بەدەستەوە بەڵام تەواوی هەوڵێ خۆی دەخاتە گەڕ تابەئاسانی خۆی بۆ مردن نەدات بەدەستەوە وە بەبۆچونی ئەم کۆمەڵە دەبێت بەرەنگارییەکەیان پەندێك بێت بۆ ئەوانەی کەکاتێك بچوکترین گرفت توشیان دەبێت خۆیان بەلەسێدارە دراو هەست پێدەکەن!



Scanned by CamScanner

مـن کاتێـك لەگـەڵ ئەوانـدا لـەبارەی روئیـاوە قـسەم دەکـرد وەکاتێك هەستو پەیوەندیم بەروئیاوە بۆ ڕونکردنەوەی ئەوان دەیانوت هیواداربە بـەرەنگاری بارودۆخەکەببـە ئێمـەش دەسـتگیران، دایـك، بـاوك یـان هاوسەرمان هەیە بـەلاّم هـەرگیز هیواکانمـان لەدەسـت نـادەین. قـسەکانی ئــەم کۆمەلــەژیانیان پێبەخــشیمەوە وە هیوایــان دەکــرد بەبەرمــدا وەکاتێکیش بـیرم لـەوە دەکـردەوە کەبەزنـدانی بونەکـەی مـن مـرۆڤیکیتر رزگاری دەبێت هەستی خۆشحالّیم دەکرد. روئیا بۆ من هەموو شتێك بـوو وە زیندانی بونیشم لەپێناویدا هیچ گرنگیەکی نەبوو لەلام.

ژیــان لەزیندانــدا جگــە لەسـنوردانان لەگـەڵ دەرەوەدا جیاوازیــەکی نۆری نــەبوو وە لــەم جێگەیــەدا کەلەڕاســتیدا شــارێك بــوو بۆخــۆی کەبەچــەند دیــوارێکی بــەرز دەورە درابــوو مرۆڤــەکان هــەروەکو ئەوانــەی کەلــەو دیـو دیوارەکـەوە بـوون لـەپێناوی ژیــانو مانــەوەدا هـەوڵیان ئـەداو تیدەکۆشـان منـیش لـەناو ئـەم مرۆڤانـەدا ژیـانم بەسـەر دەبــەرد هــەروەکو ئــەوانیش بــەهیوای داهــاتوی ڕونــاك بەزینــدویی مابومەوە.

لەزینداندا جگە لەحەمید هیچ کەسێکیتر لـەخزمو هاورێکـانم سـەردانیان نـەدەکردم وە تـەنها حەمیـدیش بـوو کـە ببـووە ئەڵقـەی پەیوەنـدی مـنو روئیا. من بەحەمیدم راسپاردبوو کەبەهەر شێوەیەك بووە دەبێت زینـدانی بونەکەی من لەروئیا بشارێتەوە وە ئەویش بەڵێنی پێدابووم تەواوی هەوڵی خۆی لەم بارەیەوە بخاتە گەڕ تاوەکو روئیا لەڕوداوەکە ئاگادار نەبێت.

لەگەڵ ئەم هەموو هیوایەشدا کەزیندانیکراوەکان پێیان دەدام بـەلاّم مـن بەبێ روئیا هـەرخۆم بـەمردو دەزانـی. رۆژانـە بـیرم دەکـردەوە شـەوانەش لەنیگەرانیـدا خـەوم لێنەدەکـەوت وە چـەندین جـار بـیرم دەکـردەوە وە دەمــوت نــەکا روئیــا لــەیادم بکــات. بــەلاّم لەبەرئــەوەی کــەباوەڕم بەوەفاداریەکەی هەبوو هەر بەزویی ئـەم جۆرە خەیالاّنـەم لەسـەری خۆم



Scanned by CamScanner

دەردەکرد. لەلایەکی تریشەوە خەیاڵم تەخت بوو چونکە بەحەمیدم ڕاگەیاندبوو کەبەروئیا بڵێت من بەناچاری چووم بۆ سەفەرێکی دوورو درێژ وە چاوەڕوانیم بکات تاوەکو دەگەڕێمەوە . بەڵام نازانم بۆچی هەرکاتێك لەزینداندا دەکەوتمە خەیاڵیٚ روئیا دڵم خورپەی دەکرد..

چەندینجار ئارەزوم دەکرد وە دەمووت خۆزگە کاتێك روئیا لەنەخۆشخانەکە بهاتایەتە دەرێ کەمنیش لەهەمانکاتدا ئازاد ببومایەو ئەوکات بەپیریەوە بچومایەو باوەشمان بەیەکتردا بکردایەو نوقمی ماچی یەکتر ببوینایەو منیش بەبۆنەی ئەوەی روئیا لەخوگرتنەکەی رزگاری بووە پیرۆزبایم لێبکردایە.

دڵم دەیخواست پاش بواردنی خوەکە بمانتوانیایە لەتەنیشتی یەکتردا ژیانێکی تازە دەست پێبکەین خۆشبەخت بین بەڵام بەداخەوە کەمن هەرگیز بەم ئارەزوەم نەگەیشتم چونکە تەنها پێنج مانگ لەماوەی زیندانی یەکەی من بەسەرچوو بوو کەروئیا لەنەخۆشخانەکە دەرچوو بوو. بەڵام من دەبوایە لەگەڵ ئەوەشدا کەسێ مانگ پێش دادگایکردنو دوومانگ دوای ئەوەی کەلەزینداندا بووم حەوت مانگی تریشم لەزینداندا دەبوایە رابکێشایە.

بەهەرحاڵ ئەم بابەتە منی بەسەختی ئازار دەدا لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیابوم حەمید بەبەندبوونی منیش بەباشی چاودێری لەروئیا دەکات هەتاوەکو خۆم ئازاد دەبم بەڵام ئەم بارودۆخە منی بەسەختی نیگەرانی داهاتووی خۆمو روئیا دەکرد,

هەستێکی لاڵو نادیار شەو رۆژ لەزینداندا ئازاریان ئەدام وەکاتێکیش ئاوابوون (غروب) دەستیپێکردو ڕۆژ دەمرد لەگۆشەیەکدا دادەنیشتم وە دەکەوتمە ناو دەریای بیرکردنەوەوە.

لەوانەیە جێی باوەڕتان نەبێت بەڵام دەتوانم بڵێم کەغەمناکترین جۆری ئاوابوونەکان، زیندانە. هەمووشتێك لەزینداندا ڕەنگ پەڕیوو مردو دەهاتە



Scanned by CamScanner

پێشچاو تەنانەت دەنگەکانیش لەوکاتانەدا کەڕۆژ بەکۆتایی دەگەیشت دڵتەنگتر دەبیستران.

زیندان بەم تایبەت مەندیانەوە ئاگری بەردەدایە جەستەمو بەتوندی دڵی تەنگ دەکردم. لەگەڵ ئەوەشدا کەدەڵێن غەمناکترین ئاوابوونەکان ئاوابوونی ژیانە بەڵام من باوەڕم وایە کەلەئاوابوونی زیندان غەمناکتر بونی نییە چونکە بەئاوابونی ژیان مرۆڤ بۆ هەمیشە دەچێتە ناو دنیای خامۆشی بەڵام لەزیندانادا ئەم ئاوابونە هەموو ڕۆژێك دوبارە دەبێتەوە.

لەراستیدا دەستپێکردنی کاتی ئاوابوون کاتی دەستپێکردنی غەمو فرمێسکە لێڵەکانی من بوو گریان لەکاتی خۆرئاوابوندا وە لەگۆشەیەکی تاریکدا ئارامیان دەبەخشی بەدڵمو هەوڵم دەدا لەگەڵ ژینگەی زینداندا خۆم ڕابهێنم چونکە خوازو ناخواز مرۆڤ لەگەڵ هەرشتێکدا بێت ڕادێت وەمنیش سەرئەنجام خۆم لەگەڵ چواچێوەی زینداندا گونجاند وەهەر کاتێکیش دڵم بگیرایە دەکەوتمە یادی روئیاو لەخەڵوەتدا فرمێسکم دەرشتو لەوەش کەڕۆژێك لەڕۆژان ئازاد دەبوم ڕۆشنایی هیوایەك لەدڵمدا دەدرەخشایەوەو مژدەی رۆژانی خۆشبەختییان پێ دەدام لەتەنیشتی روئیادا.

بەڵام بەداخەوە کەمرۆڤ بەپێچەوانەی بۆچونەکانیەوە هەرگیز ناتوانێت بەوەی ئارەزووی دەکات هەر بەو جۆرەی کەخواستو ویستی مرۆڤە ڕەنگی ڕاست بەخۆیانەوە بگرن.

هەموو کەسێك دەبێت ئەوە پەسەند بکات هەر کاتێك بێت دەبێت پێشبینی ئەوە بکات کەڕوداوو بەسەرهاتە چاوەڕوان نەکراوەکان پێشبینو ڕەوتی ژیان بگۆڕن هەروەکو چۆن من لەناکاو ڕەوتی ژیانم گۆڕاو بارودۆخیکم بەسەرهات کەهەرگیز بەخەیاڵیشمدا نەدەهات.

ئەورۆژەم بەتەواوەتی لەیاد نەماوە بەڵام نزیکی دوومانگم مابوو کەئازاد ببم ڕۆژێك حەمید هات بۆ لام بەڵام بەپێچەوانەی جارەکانی ترەوە



Scanned by CamScanner

ڕویەکی پەشۆکاو و شێواوی بەخۆوە گرتبوو، کاتێك هۆی نیگەرانیەکەم لێپرسی سەرەتا بەڵێنی لێوەرگرتم کەنیگەران نەبم وەمنیش پاش ئەوەی بەڵێنم پێدا ئەو لەکاتێکدا کەبەشێنەیی قسەی دەکرد بەبێ هیچ پێشەکیەك وتی:

بەهمەن : (ڕوئیا دەیەوێت بڕوات) بێئاگا هاوارم کرد: (بۆچی ؟ بۆچی بەبیستنی ئەم هەواڵە بەیەکدا درام. لەکاتێکدا حەمید بەداخەوە سەری حەمید؟) بۆ دەیەوێت بڕوات؟ لەکاتێکدا حەمید بەداخەوە سەری دەلەقاند وتی: من هەوڵێکی زۆرم لەگەڵدا تاوەکو لەڕۆشتنەکەی پاشگەزی بکەمەوە بەڵام ئەو لەکاتێکدا لەڕاستی ڕوداوەکە بێ ئاگایەو بەبۆچونی خۆشی کەمن درۆدەکەم وە تۆ نەچویت بۆ سەفەر بەڵکو تۆ ئەوت بەجێهێشتووەو لێی جیابویتەوە دوێنی پێی وتم کەجێگەکەی بەهمەنم پێبڵێ وەیان ناونیشانەکەیم بدەرێ تاوەکو نامەی بۆ بنێرم بەڵام لەبەر ئەوەی کەمن وەڵامێکی ڕاستم نەدایەوەو خۆم لەداواکاریەکانی دورگرت ئەو ڕودانی ڕۆشتنەکەی خستەڕوو وەکاتێکیش هۆی ڕۆشتنەکەیم لێپرسی وتی تۆ هەموو شتێك دەشاریتەوە، بەهمەن منی فەرامۆش کردوە وە ئەگەرنا ناکرێت بەهمەن لەهەموو ئەم ماوەیەدا بۆ هەواڵ پرسیو سەردان نەیەت بۆ لام وەتۆش پێم ناڵێی لەبەرئەوە منیش ناچارم بڕۆم بۆ سەفەر تاوەکو کەمێك بحەوێمەوە.

چاوەکانم بەو پەڕی نائومێدیەوە بەلای حەمیدا گەڕاندو وتم: (حەمید ئەو کاتێك نازانێت من لەکوێم ئاخر تۆ کەدەزانی ؟)

(بەڵی من دەزانم بەڵام سودی چییە هەوڵی من بۆ قانعکردنی ئەو سەبارەت بەوەی کە تۆ لەسەفەریت لەم دوایانەدا بەبێ ئەنجام ماوەتەوەو ڕوئیا ئیتر ئامادە نییە کەباوەر بەقسەکانم بکات وە دەڵێت ئەگەر بەهمەن ڕۆیشتوە بۆ سەفەر هیچ نەبێت ناونیشانەکەیم بدەرێ تابتوانم نامەی بۆ بنێرم. ڕوئیا دەڵێت (بەهمەن) کەتوانای یەك چرکە دوری منی



Scanned by CamScanner

نییە ئێستا چۆن دەبێت چەند مانگێك من بێ هەواڵ جێم بهێڵێتو بڕوات، ئەو بەپێی ئەم بەڵگە سادانە ئیتر ئامادەنییە قسەکانی من پەسەند بکات! پاش کەمێك بیرکردنەوە بۆم دەرکەوت کەحەمید ڕاست دەکات بەڵام من هەرچارەیەکم نەبوو، من کەتاوەکو ئەمڕۆ ئەم ڕوداوەم بەشاراوەیی پاراست بوو وە چۆن دەبوو کەلەلایەن حەمیدەوە وە لەکاتێکدا کەشتێکی وا لەماوەی زیندانی بونەکەم نەمابوو ڕاستییەکان بەروئیا بڵێم، نەخێر ئەمە مەحالە هەستم دەکرد خەریکە هەموو شتێك کۆتایی پێدێتو منیش خەریکە روئیا لەدەست دەدەم. لەو کاتانەدا بەتەواوی بونمەوە هەستم بەنەبونی روئیا دەکرد بەڵام بەو جۆرەش تەڵقینی خۆم دەکرد کەدەبێت هەر چۆنیك بووە بەرەنگاری بکەم تابەڵکو بارودۆخەکە چاك بێتەوە بەڵام بەداخەوە کەمن تەنانەت هێزی بەرەنگاریشم لێ بڕابوو. هەر بەم هۆیە تکا کارانە لەحەمیدی هاوڕێم داوای یارمەتیم کرد.

ئەو بەئارامی و بەشێوەیەك کەمن نیگەران نەبم وتی:

داوای لێبوردن دەکەم بەهەمەن، من ئەگەر هەوڵێك لەم بارەیەوە توانیبێتم ئەنجامم داوە ئیتر هیچ کارێك لەدەست مندا نەماوە!

لەکاتێکدا کە لەوپەڕی نیگەرانیو غەمگینیدابوم چەند جارێکیتر تکام لەحەمید کردەوە کەهەر چۆنیك بەباش دەزانێت کارێك بکات کەروئیا لەرۆشتنەکەی پەشیمان بکاتەوە، ئەویش لەبەرامبەردا بەڵێنی پێدام کەئەوپەڕی هەوڵێ خۆی بداتو ئەوکات ماڵئاوای لێکردم ڕۆیشتو منیش لەکاتێکدا کەلەلوتکەی نیگەرانیو پەرێشانیدا بووم چومەوە بۆ ژورەکەی خۆم.

دڵم بەتوندی گیرابوو لەگۆشەیەکدا کزۆڵەم کردبوو و کەوتبوومە بیرکردنەوە. ئاسمان بەرە بەرە بەرەو ڕەش بوون دەچوو سایە روناکەکانی ژیانیش لەچوارچێوەی زیندانەدا خۆی دەپێچایەوە. بەدوای ئاوابوونی غەمناکدا تاریکی غەمناکتر دەهات.



Scanned by CamScanner

کات بەبێ درەنگ کەوتن بەسەردەچوو رووداوەکانیش هەرچرکەو ژیانی چەند مرۆڤیکی سەرەونگون دەکرد منیش لەگۆشەی ژورەکەمدا لەخەیاڵێ چارەنووس‌و ژیانە خراپ بوەکەمدا بوم. بەبێ ئەوەی کەخۆم بمەوێت دەگریام وە ئەمەش گریانێك بوو کەفرمێسکە لێڵەکانی لەدڵمەوە سەرچاوەیان دەگرت‌و بەزەوی روخسارمدا دەرۆیشتن، هەستم دەکرد کەبۆ یەکەم جارمە بەراستی و کلۆلانە دەگریم، ئەویش گریانێکی تاڵ‌و کوشندە. تەواوی ئەو پیاوانەی کەلەژیاندا بەپێی چەند هۆکارێك ناچار بوون بگرین بارودۆخی منیان لەوکاتەدا هەست پێدەکردو باش دەزانن کەگریانی پیاو لەکاتی داماویدا چەند تاڵ‌و دەردناکە.

پیاو ئەگەر کاتێك هەست بەداماوی و بێ دەسەلاتی خۆی بکات‌و شانازیکردنەکەی خۆی بەزۆر لێبسێنن ئیتر خۆی بەزندو نازانێت وەمنیش لەو کاتانەدا هەر بارودۆخیکی بەو جۆرەم هەبوو وەچارەیەکیشم نەبوو دەبوایە بسوتامایەو بگونجامایە.

ئەوشەوەم هەرچۆنیك بێت بەبیرکردنەوەی تێکەڵ‌و پێکەڵ‌و دڵێکی نیگەرانەوە لەزیندانەدا بەڕۆژ گەیاند، کاتێك بەیانی بەسەرداهات لەژورەکەم هاتمە دەرەوە بەبێ ئەوەی نان بخۆم لەحەوشەی زیندانەکەدا کەوتمە گەڕانێکی بەردەوام‌و لەگەڵ هیچ کەسێکدا قسەم نەدەکردو تەنها لەبیرکردنەوەی لاڵ‌و نادیاری خۆمدا نقوم ببوم. کاتی نیوەڕۆش لەبەرئەوەی کەدڵم بەسەختی گیرابوو هەر بەم هۆیەوە نانم بۆ نەخورا، بەکورتی تاوەکو کاتی دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە من هەر لەحەوشەی زیندانەکەدا دەگەڕام‌و بیرم دەکردەوە تاوەکو حەمیدهات بۆ سەردانم.

ئەو هەڵگری پەیامێکی ناخۆش بوو بۆم چونکە لەگەڵ ئەوەشدا کەهەوڵێکی زۆری دابوو سەرئەنجام روئیا رۆیشتبوو بۆ شیراز.



Scanned by CamScanner

بەبیستنی ئەم هەواڵە زۆر دڵ نیگەران بووم بەڵام حەمید کەوتە دڵنەواییمو وتی لەبەرئەوەی کەماوەیەکی کەمت لەزینداندا ماوە تۆش پاش ئازاد بونت دەتوانیت بچیت بۆ شیراز بۆلای روئیاو داوای لێبوردنیشی لێبکەیت سەبارەت بەو ماوە دورودرێژەی کەلێی بێ هەواڵ بویت ئەو کات ژیانێکی خۆش لەگەڵیدا دەست پێبکەیت.

لەڕاستیدا قسەکانی حەمید لەو کاتانەدا تاڕادەیەك هێدیو ئارامیان کردمەوە، داوام لەحەمیدکرد تاوەکو من لەزیندان ئازاد دەبم دەبێت بچێت بۆ شیرازو سەر لەروئیا بدات وە لەهەمان کاتیشدا دڵنەوایی بداتەوەو پێشی رابگەیەنێت کەمن بەم زوانە لەسەفەر دەگەڕێمەوە.

حەمید بەڵێنیدا لەپێناوی مندا بەم کارە هەستێت..

پاش ئەم وتوێژە حەمیدماڵئاوایکرد تاوەکو بڕوات بەڵام پێش ئەوەی بڕوات داوای لێکردم کەخۆم نیگەران نەکەم وە لەهەمان کاتیشدا نامەیەکی لەلایەن روئیاوە دایە دەستم.

ئەم نامەیە روئیا دابووی بەحەمید تاوەکو ئەویش بیگەیەنێت بەو جێگەیەی منی لێم.

پاش ڕۆیشتنی حەمید وە لەکاتێکدا کەدڵم بەتوندی لێی ئەدا بەخێرایی چومەوە بۆ ژورەکەمو بۆ ئەوەش کەهەرچی زوترە لەناوەڕۆکی نامەکەی روئیا بەئاگابم دەستبەجێ نامەکەم کردەوە کەوتمەوە خوێندنەوەی.

روئیا نوسیبوی: بەڵام چەندە غەمناکانە نووسیبووی:

بەهمەنی خۆشەویست..

ئەم نامەیەت لەکۆتایی رۆژێکی ساردو غەمناکدا بۆ دەنوسم.



Scanned by CamScanner

ئاسمان پڕە لەهەوری ڕەش‌و دڵی منیش بەسەختی گیراوە، وێنەی تۆ ئێستا لەبەرامبەرمدا گیانی بەبەردا کراوەو وەکو خەون لەچاوەکانمدا دەگەڕێن.

بەهمەنی خۆشەویست: ئەمرۆ یەکێ لەناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانمە، چونکە بۆ یەکەمین جارە کەتامی تاڵی خۆشەویستیەکم چێژا. ئەمرۆ هەستمکرد کەئیتر تۆ منت خۆشناویت وە بۆ هەمیشە لێم جیابویتەوە.

گوڵی جوانم. بەهمەنی جوانی من..

تۆ ئەوەندە بێ وەفا بویت تەنانەت لەماوەی کەوتنەکەمدا لەنەخۆشخانە یەکجاریش نەهاتیت بۆ سەردانم لەکاتێکدا کەچاوەکانی من هەمیشە چاوەڕوانی تۆیان دەکێشا !

هەمیشە لەخەیاڵی ئەوەدابوم کەتۆ ڕۆژێك دێیت بۆ لام‌و کۆتای بەچاوەروانیە تاڵەکەم دێنیت. بەلاّم بەداخەوە ئەم چاوەڕوانیە هەڵەی بۆچونەکان بووە وە تۆ تا دواچرکەیەك کەمن نەخۆشخانەم تێدا جێهێشت نەهاتی بۆسەردانم وەچاوەکانیشم هەروا لەچاوەروانی تۆدا مانەوە.

هیوای ژیانم خۆشەویستی جوانی من خۆشم دەوێیت بەڕادەی پەرستن. بەلاّم تۆ خۆت بێوەفابویت کەمنت بەیەکجاری جێهیشت‌و تەنانەت نامەیەکیشت بۆ نەناردم بەلاّم بەهمەن ئەوە بزانە کەمن بۆهەمیشە تۆم خۆشدەوێت و هەتاوەکو زیندوشبم وەفاداریم بەرامبەر بەخۆشەویستیەکەی تۆ هەردەمێنێتەوە.

تۆ گولێ جوانی ژیانی منی وە تۆ تەنها پیاوێکیت کەتوانیت دڵی وێرانی من ئاوەدان بکەیتەوە. دڵنیاشبە کەبۆ من جگە لەتۆ پیاویکی تر بونی نییە وە ناشبێت!

بەهمەنی خۆشەویستم: حەزم دەکرد ئەو ڕۆژەی مردم دڵم لەسینەمدا دەربهێنیت‌و وە بیبینیت کەچی لەسەری نوسراوە، ئەوڕۆژە ئەگەر ئەم



Scanned by CamScanner

خۆشبەختیە ببێتە هی من دەبینیت کەلەسەری نوسراوە: خۆشم دەوێیت بۆ هەمیشە.

ئازیزی من.. بەهمەنی من. چاوەجوان‌و دلگیرەکانی تۆ ئیلهام بەخشی منن وەمن بەبێ تۆ هیچم هیچ.

بەهمەنی جوانم: چرۆی ژیانم دلم دەیخواست کەتۆش منت بەورادەیەی کەخۆشم دەوێیت خۆش بویستایە خۆزگە دەتهێنایە یادی خۆت کەلەم زەمانە پڕ گەندەلیەدا کچێك هەیە کەلەتاریکیەکانی ژیاندا لەپێناوی خۆشەویستیەکی پاکدا دەسوتێت‌و دەبێتە خۆلەمیش.. ئەو خۆشەویستیەش خۆشەویستی گەورەی تۆیە بەهمەن.

خۆشەویستەکەم هیچ نەبێت ئەو تکایەم لێت هەیە کەلەیادم نەکەیت چونکە من هەرگیزاو هەرگیز تۆ فەرامۆش ناکەم.

من ئەمشەو کەشەوێکی رەش‌و تاریکە وە دەبێت بلێم کەلەهەموو شەوەکانی تری خواوەند رەشترو تاریکترە لەپێناوی تۆدا فرمێسك دەرێژم وە دەبێت ئەوەش بزانیت کەئەمشەو بۆ من شەوی گریان‌و شەوی غەمە. من ئێستا بۆ هیوا بەرباکەوتوەکانم داخ‌و ئەفسووس دەکێشم‌و نازانم هۆی ئەم هەلاتنە لەناکاوەی تۆ لەمن چی بوو؟

بەهمەنی دلگیرم: ئەگەر کچێك بەڕاستی عاشق بوو هەرگیز پەیمانی خۆشەویستی لەگەل کەسی تردا نابەستیت وە لەبارەی تۆشەوە ئەی خۆشەویستی ژیانم منیش هەر بەوجۆرەم.

بەهمەنی من.. دلگیرو خۆشەویستم، هەرکاتێ کەبینیت خەریکن جەستەی کچێکی گەنج دەبەن بۆ گۆڕستان بەیادی منەوە چەند هەنگاوێك لەگەلیدا برۆ وەچەند فرمێسکێك بەدوایدا برێژە چونکە ئەوجەستەیەش هەروەکو جەستەی بێ گیانی من وایە کەسوتاوە و بووە بەخۆلەمیش وەهەر بەوجۆرەش کەلەخاك دروست بووە بەخاکیش دەسپێردرێتەوە.



Scanned by CamScanner

بەهمەنی ئازیز ئەمڕۆ کەدەمەوێت شاری یادگاریەکان جێبهێڵم نازانیت لام چەندە بەئازارو گرانە.

یەکەمین ڕۆژی ئاشنابونەکەمان، ئەوسات‌و کاتە شیرین و خۆشانەی کەلەتەنیشتی یەکدابوین دەیانهێنمەوە یادی خۆم وەبەداماوی‌و بێ دەسەلاّتی فرمێسك دەرێژم.

فرمێسك بۆ خۆشەویستیەکی لەدەست چوو بەلاّم لەناو نەچوو. خۆشەویستیەك کەبۆ هەمیشە لەدڵی مندا بەنەمری دەمێنێتەوە بەلاّم تۆ ئەوەت زوو فەرامۆش کردو لەیادی خۆت بردەوە.

بۆمن خوایەکێك بوو و بەهمەنیش یەکێك. ئەمەش باوەڕی هەر کچێکە کەکوڕێکی لەناخی دڵەوە خۆشدەوێت.

بەهمەن من دەڕۆم وە دڵنیاشم کەتۆ ڕۆژێك لەڕۆژان پەشیمان دەبیتەوە وە بەهۆی ئەم جیابونەوەیەمان بۆ هەمیشە لەژیانتدا داخ دەخۆیت کەبۆچی خۆشەویستیەکەی ئێمە بەری نەگرت.

بەلاّم بەهمەن لەیادت بێت ئەوە تۆ بویت پەیمانی ئەم خۆشەویستیە راستەقینەیەت شکاند هەرچەندە من هەرگیز باوەرم بەشکاندنی پەیمانی خۆشەویستی راستەقینە نییە.

خۆشەویستی ئەگەر بەڕاستی بکرێت هەروا بەپایەداری دەمێنێتەوەو تەنانەت مەرگیش ناتوانێت شکۆمەندی خۆشەویستی ڕاستەقینە لەناو بەرێت.

بەلاّم ئەم شکۆیە ئێستا لای تۆ بەڕوکەش مردووە، لەوانەشە من واگومان بکەم کەمردبێت! من بەپێچەوانەی خواست‌و ویستەکانی دڵی خۆم وە تەنها بەو شێوەیەی کەتۆ ویستت من تێبگەیەنیت کەفەرامۆشت کردوم لێت جیادەبمەوە لەکاتێکدا کەدڵم بەیادی تۆو خۆشەویستیەکەتەوە لێ ئەدات وە هەتاوەکو زیندوش بم لەیادم ناچێت.



Scanned by CamScanner

ماڵئاوا بەهەمەنی من .. ماڵئاوا ئەی خۆشەویسترین خۆشەویستی ژیانم،

ماڵئاوا.

کەسێ کەهەرگیز فەرامۆشت ناکات "روئیا"

کاتێ لەخوێندنەوەی نامەکەی روئیا تەواو بووم بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت نامەکە لەنێوان پەنجەکانمەوە خزاو کەوتە خوارەوە. دڵم دەیخواست هاوار بکەمو بەروئیا بڵێم من بێوەفانیم وە ئەم لێك دورکەوتنەوەیەش لێك دورکەوتنەوەیەکی کاتییەو بەرژەوەندیەکی لەخۆ گرتووە.

حەزم دەکرد روئیا لێرە بوایە حاڵێ بدیمایەو بیزانیایە من لەپێناوی چیدا زیندان کراوم وە بۆچی نەچوم بۆ سەردانیکردنی بەڵام بەداخەوە کەهاوارەکەم بێئەوەی بەگوێی ئەوبکات لەگەرومدا خەفەبوو وە لەناو خەیاڵە تێکەڵو پێکەڵەکانداو بەنیگەرانیەکی زۆرەوە نوقم بوم.



Scanned by CamScanner

"٦"

ڕۆژەکـان‌و هەفتـەکان بـەدوای یەکـدا بەسەرچـوون‌و سـەرئەنجام منـیش پاش ئەوەی ماوەی زینـدانی بونەکـەم تـەواوکرد ئـازاد کـرام. ئـەو ڕۆژەی کەپێیان ڕاگەیاندم ئازاد دەکرێم خەریك بوو لەخۆشیدا شێت بم.

بەخێرایی لەهەموو هاوڕێ زیندانیەکانم ماڵئـاوایم کـردو لەکاتێکـدا هیـوام بۆخواستن ئەوانیش هەرچی زوتره ئازاد بکـرێن بەشـادمانی خۆشـحاڵیەوە لەزیندانەکە هاتمە دەرەوە.

ئـەوڕۆژە ڕۆژێکـی جـوانی بـەهاری بـوو، وەنەوشـەکان ڕەنگـاو ڕەنـگ بیوون. گەڵای درەختەکان سەوزو سروشت بەتەواوی خۆی ڕازاندبوەوە.

شـەوق‌و جـوانی بـەهار وزەو چـالاکی بـەمرۆڤ دەبەخـشی. لەکاتێکـدا کەشەماڵێکی هێدی لـەنێوان گـوڵ‌و گـەڵای درەختەکانـدا لـولی دەخـواردو دەدرا بەڕومدا. من ئارام و بێ خەیاڵ پاش ئەوەی کەبەچەند کۆڵانێکی پـڕ درەختدا تێپەڕیم چوم بۆشەقامەکە چڕو جەنجاڵەکانی شار.

ئێستا پاش یەکساڵ زیندان سـەرلەنوێ گەڕابومـەوە نـاو دنیـای مرۆڤـە ئازادەکـان‌و هەسـتی ئـازادی سەرتاسـەری بـونمی پڕکردبـوو لەچـالاکی،



Scanned by CamScanner

لەجموجۆڵی خەڵك تاموچێژم دەبرد، خەڵكێكی ئازاد كەهەر كارێكیان بویستایە دەیانكرد.

ماوەیەك بەبیركردنەوەیەكی لاڵەوە سەرنجم دابونیّو پاشان دەستمكرد بەگەڕان بەناو شارو شەقامەكاندا.

دەنگەكان ئێستا ئاهەنگێكی تریان هەبوو بۆ من. كوڕو كچی ئارەزومەندم دەبینی كەدەستیان خستبووە ناودەستی یەكترەوە لەسەر شۆستەو شەقامەكاندا پێكەوە دەگەڕانو نەخشەی جۆراوجۆریان بۆداهاتوی خۆیان دادەڕشت. فرۆشیارە دەستگێرەكانم دەبینی كەبەدەنگێكی بەرز هاواریان دەكرد تاوەكو شتەكانیان بفرۆشن، بەردەمی سینەماكان قەرەباڵغ بوون وەخەڵكی بۆچونە ناو هۆڵی سینەماكە ڕیزیان بەستبوو، پیرو لاوو گەورەو بچوك بەئیشوكارەكانیانەوە سەری خۆیان قاڵ كردبوو. گڵۆپە ڕەنگاو ڕەنگەكانیش بەشەوقی خۆیان جوانیەكی تایبەتیان بەشارەكە بەخشی بوو وەمنیش هەروەكو یەكەمین جارم بێت كەبێمە ناو ئەم شارەوە هەروا گێژو كاس بووم، هەموو شتێك لەلام تازەبوو. دڵم دەیخواست كەپاش یەك ساڵ ڕەنجو ئازاری زیندانی بوون بەئازادانە لەشارەكەدا بگەڕێم وەبیرەوەریە خۆشە بەسەرچوەكانم تازەبكەمەوە.

چەند كاتژمێریك بێ هیچ مەبەستێك وە تەنها لەپێناوی بەدەستهێنانەوەی ئازادیەكەمدا گەڕام لەشەقامەكانی شاردا. كاتژمێر نۆی شەوی پیشانئەدا كەبەماندویو هیلاكیەوە لەكاتێكدا كەبەسەرچونی ماوەی زیندانی بونەكەم لەوپەڕی خۆشحاڵیدا بووم بەرەو ماڵی حەمید كەوتمە ڕێ. كاتێك گەیشتمە ئەوێ حەمید بەبینینی من زۆر خۆشحاڵ بوو وەهەر بەم پێیە باوەشمان بەیەكدا كردو وەمن بێئاگا دەستمكرد بەگریان، حەمیدیش بۆئەوەی لەو كاتە خۆشانەدا بەهۆی نەبونی روئیاوە دوچاری نیگەرانی نەبم روی تێكردم و بەپێكەنینەوە وتی:



Scanned by CamScanner

بەهمەن.. ئیتر هەموو شتێك تەواو بوو و تۆ ئێستا پیاوێکی خۆشبەختی، هەرچەندە لەزینداندا ڕۆژانیکی سەختت لێ بەسەرچوو بەڵام بەهەرحاڵ ئێستا کەئازاد بویت دەتوانیت بچیت بۆشیراز بۆلای رونیاو ژیانێکی تازەی لەگەڵدا دەست پێبکەیت.

بەمجۆرەی کەلێکۆڵینەوەم ئەنجامداوە بۆم دەرکەوتوە رونیا لەشیراز لەماڵی مامیەتی وەتۆ دەتوانی لەوێ رونیا بدۆزیتەوەو ئەو کات نەخشەیەکی پڕ خۆشیو کامەرانی بۆژیانی داهاتوتان دابرێژن. من بێگومانم لەوەی کەئێوە دوو هاوسەری خۆشبەخت دەبن چونکە ئێستا ئیتر رونیا لەهیرۆین کێشان دەستی هەڵگرتوەو تۆش پاش ئەوەی کەکردت بەهاوسەری هەمیشەی خۆت دەتوانیت ژیانێکی ئارامت هەبێتو پاش ئەم هەموو تاڵیو ڕەنج بردنەت ڕۆژانێکی خۆشی لەگەڵدا بەسەر بەریت. لەوکاتەدا پاش سوپاسکردنی زۆری حەمید سەبارەت بەو دڵنەواییەی کەدایمەوە وە لەهەمانکاتیشدا لەبەرئەوەی زۆر ماندوبوم وەنەشم دەویست ببمە ئەرکو بار بۆ حەمید هەستام ویستم کەماڵئاوایی لێبکەم وە بڕۆم بەڵام ئەو بەرگری لەرۆیشتنەکەم کردو وە فەرمانی بەخزمەت کارەکەشیاندا کەلەژورەکەی خۆیدا جێگەیەکی حەوانەوەم بۆ ئامادە بکات، منیش هەر بەمشێوەیە ئەو شەوە لەوێ مامەوە.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی حەمید بڕێك پارەی وەکو قەرز دامیو منیش دوای ئامادەکردنی بلیتی شیراز سواری پاسەکەبوم وە لەهەمانکاتیشدا حەمید بۆ بەڕێکردنم هاتبوو لەگەڵمدا.

پاش بەسەرچونی چارەکە کاتژمێرێك پاسەکە لەگەراجەکەوە بەرەو شاری شیراز کەوتە جوڵەو لەو کاتانەشدا حەمید بۆ ماڵئاوایی لێکردنم دەستی تەکاندەدا پاشان پاسەکە لەشەقامە جەنجاڵەکانی شاردا تێپەڕیو چوە سەر شەقامێك کەبەجادەی شیراز کۆتایی دەهات.



Scanned by CamScanner

لەوکاتانەدا ئاسمان ڕەنگێکی شینی تێری لەخۆ گرتبوو، زۆربەی دوکانی شەقامەکانیش گلۆپە ڕەنگاو ڕەنگەکانیان هەڵکردبوو، پاسەکە پاش ئەوەی لەشەقامی ناوبراویش تێپەڕی چووە سەر جادەی شیراز. دڵم بەتوندی خورپەی دەکرد، بیرم دەکردەوەو و دەموت لەشیراز چۆن خۆم پیشانی روئیا بەم و وەچی بڵێم؟ لەراستیدا خەیاڵەکانیشم منیان لەشادیدا سەرمەست دەکرد ، دڵم دەیخواست کاتێك گەیشتمە ئەویَ هەر ئەوەندەی لەپاسەکە دابەزیمایە روئیام بدۆزیایەتەوەو بەهۆی ئەو دورکەوتنەوە دورو درێژەشەوە داوای لیبۆردنم لێبکردایە.

ئەوەی ڕاستی بێت من لەوجارەی پێشوتردا کەچوم بۆ شیراز وە لەوی چوم بۆ ماڵێ خوشکەکەم هیچ جۆرە خۆشیەك لەدڵمدا نەبوو بەڵام ئەم جارەیان مەبەستی من ماڵی خوشکەکەم نەبوو وە لەگەڵ ئەوەشدا کەدەمتوانی لەماڵە گەورەکەی خوشکەکەمدا بمێنمەوە بەڵام بەهۆی رەفتارو هەڵسو کەوتە ناشرینەکەی جاری پێشویەوە ئامادەبوم لەگۆشەی شەقامێکدا بخەوم بەڵام نەچم بۆ ماڵێ ئەو.

هەستی نەفرەتێکی زۆرم لێ دەکرد چونکە ئەو ژنێکی یەکجار پیسکە بوو بەجۆریك کەپارەو تەماع چاوەکانی کوێر کردبوو وەگوێی بەهیچ کەسێك‌و هیچ شتێك نەئەدا.

ئەم خوشکەم لەگەڵ ئەوەشدا کەئەو هەموو ماڵ‌و سامانە زۆرەی هەبوو من کەنزیکترین کەس بووم بۆی ئامادەنەبوو کەدەستی یارمەتی‌و خوشکایەتی خۆیم بۆ درێژ بکات وەئەو برە پارەیەم بداتێ کەبۆ چارەسەرکردنی روئیا پێویستم بوو تاوەکو سەرئەنجام من لەپێناوی ئەو پارەیەدا چەند مانگێك خرامە زیندان.

پاش ئەوەی ڕودانی زیندانی بونەکەم بەسەرهات بریارمدا کەنەتەنها لەخوشکەکەم‌و بەڵکو لەهەموو خزم‌و کەسەکانیشم خۆم بەری بکەم‌و ئەم کارەشم سەرئەنجام کرد چونکە لەهەمویان بێزارو پڕ بووم چونکە ئەوان



Scanned by CamScanner

منیان بەکەسێکی سەر ڕاست نەدەزانی وە لەکاتێکدا کەخاوەنی دەیان ملیون تمەن بوون دەستیان نەبرد بڕێك پارەم تەنانەت بەناو نیشانی قەرزیش بدەنێ ڕاستە کەوتویانە هەندێك تاوەکو بڕی پارەو سامانەکانیان زیاتر بێت هەستی مرۆڤایەتییان کەمتر دەبێتەوە، ئەویش وەکو خزمو کەسە دەوڵەمەندەکانی من کەبەجارێك هەستی مرۆڤایەتیان مردبوو. ئەوان تەنانەت لەکاتی زینندانی بونەکەشمدا بۆ یەکجاریش سەردانیان نەکردمو نەهاتن بۆلام وە هیچ یەکێکیان نەیانویست بزانن کەمن بۆچیو لەسەر چی بەم کارە هەستاوم؟

تەنانەت باوکیشم یەکجاریش نەهات بۆ لام تاوەکو ڕاستی ڕوداوەکە لەخۆم بپرسێت.

کەوابێ بەمشێوەیەوە من لەسەر خواستی خۆم ئیتر هیچ کام لەمانە بەکەسوکاری خۆم نەدەزانی وەئیتر خێزانو بنەماڵەش لای من هیچ واتایەکیان نەبوو بگرە لەنێوان منو ئەواندا بەربەستێك دروست ببوو کەئەم بەر بەستەش هەتاوەکو کۆتایی تەمەنم دەمینێتەوە.

بەمشێوەیە من لەبارەی بچڕینی پەیوەندیەکانی خۆم لەگەڵ کەسو بنەماڵەکەمدا لەدادگای ویژدانـدا بێگوناهی خۆم سەلماندبوو وە لەسەرتاسەری ڕێگەکەشمدا جگە لەرۆئیا بیرم لەشتێکی تر نەدەکردەوە.

کاتێك گەیشتمەوە شیراز بەبێ ئەوەی تەنانەت بەخەیاڵیشمدا بێت من ماڵێ خوشکێکم لەوشارەدا هەیە یەکراست چووم بۆ میوانخانەیەکو لەوێ ژورێکم بەکرێ گرت، پاش ئەوەی کەکاروبارەکانم ڕێکخست سەبارەت بەدۆزینەوەی رۆئیا لەمیوانخانەکە هاتمە دەرەوەو بەرەو ئەو ماڵە کەوتمەڕێ کەناونیشانەکەیم لەدەستا بوو ئەویش ماڵی مامی رۆئیا بوو.

ماوەیەکی زۆر لەگۆشەی شەقامەکەدا چاوەڕوانیم کێشا بەوهیوایەی کەرۆئیا بۆخۆی لەماڵێ ناوبراودا بێتەدەرەوە بەڵام نەك رۆئیا بەڵکو هیچ کەسێك نەهاتە دەرەوە. بۆیە بڕیارمدا هەرچۆنیك بووە دەبێت زانیاریەك



Scanned by CamScanner

سەبارەت بەرۆئیا بەدەست بهێنم بەپێی ئەم بیرکردنەوەیەم چووم بۆ دوکانێك کەکەوتبوە سەرەتای کۆلانێکەوە وەخاوەنەکەشی کابرایەکی پیربوو کەلەپشتی مێزەکەوە راوەستابوو، پاش ئەوەی کەبیبسیەکی ساردم کڕی چەند پرسیارێکم دەربارەی رۆئیا لێکرد وە بەمشێوەیە بۆم دەرکەوت کەئەوان دوێنێ چوون بۆ یەکێك لەهەوارگەکانی دەوروبەری شیراز.

بەبەدەستهێنانی ئەم زانیاریە ئیتر مانەوەم لای کابرای دوکاندار بەپێویست نەدەزانی بۆیە لەدوکانەکە هاتمە دەرەوەو ڕۆیشتمەوە بۆ میوانخانەیەی کەتێیدا نیشتەجێ بوو بووم.

ئەوشەوە تاوەکو بەیانی خەو لەچاوەکانم نەکەوتو هەمووی لەخەیاڵی رۆئیادا بووم. هەندێکات بیرم دەکردەوەو دەموت کاتێك رۆئیا من ببینێت بەتوڕەییەوە روی خۆی وەردەگێڕیو لەخۆیم دوردەخاتەوە، وەهەندێ کات دەمبینی لەگەڵ پیاویکی تردایە هەندێ کاتیش بیرم دەکردەوە کەرۆئیا لەبینینم زۆر خۆشحاڵ بووە وەهەردوکیشمان دەگریاین. دیارە ئەمانە هەموو جگە لەچەند خەیاڵو گومانێك هیچیتر نەبوون، چەند خەیاڵێك بوون کەزۆربەی خۆشەویستیە ڕاستەقینەکان لەکاتی بیرکردنەوەیاندا لەیارەکانیان بۆ خۆیان دروست دەکەنو خۆیانی پێ خۆشحاڵو غەمگین دەکەن، ئەوشەوە منیش بارودۆخێکی بەو جۆرەم بەسەرهاتبوو وە هەرچیش هەوڵم ئەدا بخەوم بەڵام نەمتوانی وە هێندەش ئەم دیوو ئەودیوم کرد لەسەر جێگەکەم تاکاتێ سەرنجمدا بەیانی بەسەر هاتبوو.

کاتێ خۆر لەپشتی چیاکانەوە وەکو بوکێکی جوانو ڕازاوە سەری دەرهێنا لەناو جێگەکەمدا هاتمە دەرەوەو پاش خواردنی نانی بەیانی بڕیارمدا تەواوی کاتی ئەو ڕۆژە بۆ بینینی شوێنو جێگە نایابو خۆشەکانی شیراز بەخەرج بدەم. هەر بەپێی ئەم بڕیارەم سەرەتا چومە سەر ئارامگای حافزو پاشانیش ئارامگای سەعدی، دوای ئەوە چوم بۆ



Scanned by CamScanner

چەند جێگەیەکی تری شیراز وەپاش نیوەڕۆش کەوتمە گەڕان بەناو شەقامەکاندا، کاتێ شەویش بەسەراهات بەهیلاکیو ماندوی گەڕامەوە بۆ میوانخانەکەو وە لەماندوێتی خۆمدا هەرزوو خەوم لێکەوت.

بەیانی ڕۆژی دوایی هەر لەدرێژەی گەڕانەکەمدا ڕۆیشتم بۆ تەختی جەمشید وەکاتێکیش خەریك بوو خۆر ئاوادەبوو سەر لەنوێ گەڕامەوە بۆ شیرازو چووم بۆ بینینی شوێنەواری کەریم خانی زەند. کاتێك لەپردی شیراز دەپەڕیمەوە لەناکاو دیمەنێکی چاوەڕوان نەکراو سەرنجی ڕاکێشام بەلای خۆیدا، سەرەتا وام دەزانی سەرنجێکی هەڵەم داوە بەلاَم کاتێك کەلەسەرنجەکەم ورد بومەوە بۆم دەرکەوت ئەوەی دەیبینم ڕاستییەو هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە.

لەئۆتۆمبێلێکی ڕەنگ لیمۆییدا کەلەگۆشەی شەقامێکدا وەستابوو روئیام بینی کەتێیدا دانیشتوەو خەریکی خوێندنەوەی گۆڤاریك بوو.

لەوەی کەبینیم بەتەواوی ماتو کاس بووم، ویستم لەئۆتۆمبێلەکە بچمە پێشەوەو قسە لەگەڵ روئیادا بکەم بەلاَم لەوکاتەدا پیاوێك لەنانەواخانەیەك هاتەدەرەوە چووە پشتی سوکانی ئۆتۆمبێلەکەوە، پێش ئەوەی من بتوانم چەند هەنگاوێك بچمە پێشەوە ئۆتۆمبێلەکە کەوتە جوڵە.

ئۆتۆمبێلێك کەروئیاو ئەو پیاوە نەناسراوەی تێدابوو ڕۆشتو منیش هەروا بەماتیو کاسی لەجێی خۆمدا وشك ببووم وە تەماشای جێگەی ئۆتۆمبیلەکەم ئەکرد.

سەرئەنجام پاش ماوەیەك وەستانی بێهودە لەگۆشەیەکی شەقامەکەدا بەرەو کۆلانێکی دیکەی شەقامە بەڕێ کەوتم. ئاسمان هەوری بوو وە لەخۆر هیچ هەواڵێك نەبوو. شنەبایەکی ئارامیش دەشنایەوەو قژمی دەئالۆزاند.



Scanned by CamScanner

من لەو پیاوە نەناسراوە کەتاوەکو ئەو کاتە نەمدیبوو و ڕوئیاش لەئۆتۆمبێلەکەی دابوو بیرم دەکردەوە وەدەموت نەکا ڕوئیاو ئەو پیاوە بوبنە خۆشەویستی یەکتر وەیان..

ئەمجۆرە خەیاڵو بیر کردنەوانە منیان بەتەواوەتی نیگەران کردبوو بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەوڵم دەدا تاوەکو ئاشکرابوونی ڕاستییەکان دەست نەدەمە هیچ کارێکو هیچ هەڵوێستێك نیشانەدەم بەڵام بەو جۆرەش هەر هەستم دەکرد هێزی بیرکردنەوەم بەتەواوەتی لەدەست داوە وەبەتەواوەتی شێت بوم. هەستم دەکرد کەخۆشەویستیە پاکو بێگەردەکەم پێشیلکراوەو لەناوچووە هەر بەو هۆیە سوێندم خوارد ئەگەر ئەو پیاوە خۆشەویستی ڕوئیا دەربچێت ئەوا تۆڵەی توندی ئەم هەموو بێوەفایی‌و بێ مروەتییە لەڕوئیا دەسەنمەوە.

بەڵام نازانم بۆچی هەرکاتێ دەکەوتمە خەیاڵی تۆلەسەندنەوە نەمدەتوانی هیچ شتێك بەرامبەر بەڕوئیا ئەنجام بدەم وەدڵم بەتەواوی بوونییەوە بەری ئەو هەڵچونەمی دەگرت. هەر لەوکاتەشدابوو کەهەستم دەکرد من ڕوئیام لەناخی دڵەوە خۆشدەویت.من باوەڕم بەڕوئیا هەبوو وە دڵنیاش بووم ئەو هەرگیزو هەربەو جۆرەی کەلەنامەکەیدا نووسیبوی ئەو ئیتر پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هیچ پیاوێکی تردا نابەستێت. ئەی کەوابێ ئەو پیاوە کێبوو؟ هەرچی بیرم دەکردەوە بەڵام بیرکردنەوەکانم بەهیچ جێگەیەك نەدەگەیشت وەتەنها ڕێگا چارە ئەوە بوو کەچاوەڕوانی بکەم تاوەکو خودی ڕوئیا دەبینیمو ئەو کات هەموو شتێك ئاشکرا دەبێت. لەناو ئەم بیرکردنەوە تێکەڵ لێك ئاڵۆزکاوانەدا ڕۆژێکی تریشم بەسەر برد تاوەکو ڕۆژی دوایی کاتێك لەمیوانخانەکە دەهاتمە دەرەوە بەرێکەوت بینیم ڕوئیا دەیەوێت لەشۆستەکەی بەرامبەرەوە بپەڕێتەوە ئەمبەر. بەتەواوەتەی نازانم چ بارودۆخیکیم بەسەرهات بەڵام هەر ئەوەندە دەزانم لەخۆشیدا دەلەرزیمو فرمێسك لەچاوەکانمدا ئەڵقەیان بەستبوو و



Scanned by CamScanner

نەمدەتوانی هیچ جووڵەیەك بكەم.روئیا ئێستا چەند هەنگاوێك زیاتر لێم دوور نەبوو بەڵام هەر نەمدەتوانی تەنانەت یەك هەنگاویش بەرەو پێشبنێم و هەر لەجێگەی خۆمدا رەق وەستابوم ئەویش هەر بەو شێوەیە دەهات تابەجێییەك گەیشت كەبەتەواوەتی لێم نزیك ببوەوە. بەدەنگێكی لاواز هەر وەكو لەقوڵایی چاڵێكەوە بێتە دەرەوە وتم: (روئیا.. تۆی) "هیچی نە وت" بەئارامی دەستم گرتو وەدەستو پەنجە نەرمەكانیم گوشی. ئەو كات هەردوكمان ماتو بێدەنگ بووین. بەڕاست لەو كاتانەدا كەبەهیچ جۆرێك وەسف ناكرێت چی لەبێدەنگی باشتر بوو. چاوەكانی هەردووكمان بەپەردەیەكی تەنكی فرمێسك داپۆشرابوون، ماوەیەك بەمشێوەیە بەسەرچوو ئەوكات تەنانەت بێئەوەی كەیەك وشەش لەدەممان بێتە دەرەوە لەتەنیشتی یەكترداو لەسەر شۆستەی شەقامەكەدا كەوتینە رێ. لەخۆشیو ناخۆشی ئەم دیدارە ناكاوەدا هەردوكمان زمانمان بەستراو بوو وەمنو روئیا كەپاش ماوەیەكی تاڕادەیەك دورو درێژ یەكترمان نەبینیبوو هیچ یەكێكمان توانای زمان هەڵهێنانەوەمان نەبوو! لەگەڵ ئەوەشدا كەدەمویست هاوار بكەم باوەشی پێدا بكەم وەبەدەنگێكی بەرز پێی رابگەێنم خۆشمدەوێتو ئەم ماوەیەش لەپێناوی خۆشەویستیەكەی ئەودا زیندان كرابوم بەڵام نەمتوانی، واتە هێزی دەربڕینی ئەم ڕازەم نەبوو، لەوانەشە حەزم نەكردبێت ئەو بزانێت من لەم ماوەیەدا لەپێناوی ئەودا لەزینداندابووم، ئامادەبووم كەئەو بەبێ وەفام بزانێت بەڵام هیچ كات بەڕودانی دزینو هۆی زیندان بوونەكەم نەزانێت. بەهەرحاڵ هەر چۆنیك بوویێت منو ئەو دەبوایە پێكەوە قسەبكەین چونكە جوان نەبوو لەوە زیاتر بێدەنگی بكەین. بۆ ئەوەی بێدەنگیەكەشمان بشكێنمو لەهەمان كاتیشدا بتوانین باشتر پێكەوە قسە بكەین داوام لێكرد بچینە جێگەیەك دابنیشینو پاش ئەم هەموو دوركەوتنەوەشمان پێكەوە كەمێك قسەبكەین، ئەویش لەبەرامبەردا



Scanned by CamScanner

داواکاریەکەی پەسەند کردم ئەوکات چوین بۆ گازینۆیەکو لەوی داوای دوو چامان کرد، کاتێکیش چایەکانیان بۆ هێناین کەوتینە خواردنەوەیان روئیا دەستیکرد بەسەر زەنشتکردنمو هەتا توانی گلەیی لێکردمو منیش لەبەرامبەر گلەیەکانیدا تەنها تەماشای چاوە جوانەکانیم دەکرد، لەوکاتانەدا هەستم دەکرد دڵم خۆی بەلایدا کێش دەکاتو ئەوەم بەتەواوی بونەوە دەپەرست وە ئەو بەو تایبەتمەندیانەیەوە کەهەیبوو بۆ من ببوە پەرستراوێك.روئیا لەمنو بێوەفایەکەم بەردەوام قسەی دەکردو منیش تەنها گوێم بۆ قسەکانی گرتبوو، پاش ئەوەی بەباشی گلەیی لێکردمو قسەکانی تەواوبوون پارەی چایەکانم داو بۆئەوەش کەمێك هەوای پاكو ئازاد هەڵمژین لەگازینۆکە چوینە دەرەوەو بەرەو شەقامێك ڕۆیشتین کەبەکۆتایی شار تەواو دەبوو. بەئارامی کەوتینە ڕێ وە کاتێك گەیشتینە کۆتایی شەقامەکە لەجێگەیەکی خەڵوەتو لەپاڵ دارچنارێکی پیردا ڕاوەستاین، لەوکاتەدا روئیا خۆی هاویشتە باوەشمو لەناکاو دەستیکرد بەگریانو منیش بەهەر شێوەیەك بوو ئارامم کردەوە.لەو کاتە شکۆدارانەدا هەستم دەکرد کە بیرەوەرییە خۆشو بەئەمەکەکانی خۆشەویستیەکەی نێوان منو روئیا گیانیان بەبەردا کراوەتەوە بەجۆریك کەهەر وەکو بڵێیت هەر ڕەنجو حەسرەتێکمان کێشابوو کۆتایی پێهاتوەو ئێستاش لەتەنیشتی یەکتردا بووین هەستی خۆشبەختی سەرتاسەری بونمی گرتبوەوە. ئەو ڕۆژە من خۆشبەختی ڕاستەقینەم بەدەست هێنابووەوە، لەپێناوی ئەو دەستکەوتەشمدا هەستم بەشادمانیەکی بێ سنوور دەکرد. روئیا چەند کاتژمێرێك کەوتە قسەکردن لەگەڵمداو من لەکاتی قسەکانیدا بۆم ئاشکرابوو کەئەو لەم ماوەیەدا وەفاداری خۆی بردۆتە سەر. کاتێك سەبارەت بەو پیاوە نەناسراوەی کەروئیا لەئۆتۆمبێلە ڕەنگ لیمۆییەکەدا سوار ببوو لەگەڵیدا پرسیارم کرد، زەردەخەنەیەکی گرتو وتی کەئەو لاوە کوڕی مامی بووە. بەڕونکردنەوەی ئەم بابەتە زۆر بەسەختی خۆشحاڵ



Scanned by CamScanner

بووم ئەوکات روئیا بابەتی قسەکانی گۆڕی‌و پێی ڕاگەیاندم کەماڵی مامی بڕیار وایە دوو ڕۆژی تر بچن بۆ تاران بەڵام ئەو لەبەرخاتری من بەبیانویەك لەشیراز دەمێنێتەوە. لەم بڕیارەی روئیا زۆر خۆشحاڵ بووم، وە لەبەر ئەوەش کات درەنگی کردبوو وە لەوەش درەنگ تر جوان نەبوو لەلام بمێنێتەوە بەم پێیە تانزیك ماڵی مامی لەگەڵیدا ڕۆیشتم‌و بڕیاریش وابوو چەند ڕۆژێکیتر پاشئەوەی ماڵی مامی دەچن بۆ تاران یەکتر ببینینەوە. پاشان‌و لەکاتێکدا کەلەجیابونەوەی کاتیەکەمان نیگەران بووین چووین بۆ ئەو شەقامەی ماڵی مامی لێ بوو لەیەکتری ماڵئاوایمان کرد وەبەمجۆرەش روئیا چوەوە بۆ ماڵی مامی لەکاتێکدا تەماشای هەنگاو بەهەنگاوی دورکەوتنەوەی روئیام دەکرد بینیم بۆ ماڵئاوایی دوبارە دەستی تەکاندایەوە ئەوکاتیش چووە ناو ماڵەکەوە. منیش بەمشێوەیە بەرەو میوانخانەکە کەوتمەرێ لەناو بیرکردنەوەیەکی سەر ڕێژ لەخۆشی خۆم سەرقاڵکرد. ڕوبەروبونەوەی ناکاوم لەگەڵ روئیا بۆمن شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، هیواداریش بووم کەبتوانم پاش ڕۆیشتنی ماڵی مامی بۆ تاران لەشیراز چەند ڕۆژێکی خۆشی لەگەڵدا ببەمە سەرو لەبارەی ژیانی داهاتومانەوە قسەو گفتو گۆ بکەین. بەمشێوەیە بەچاوەڕوانی مامەوە دوای یەکتر بینینەکەمان پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی بوو کەروئیا پێی ڕاگەیاندم ماڵی مامی ڕۆشتون بۆ تاران وەئەویش بەبیانوی حەوانەوەی زیاتر لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا ماوەتەوە لەشیراز هەر ئەو شەوەی ئەوان رۆیشتن بۆ تاران منو ئەو ژوانێکمان داناو تیایدا بریارماندا هەر چۆنیك بێت روئیا خزمەتکارەکەی ماڵی مامی ڕازی کات کەپاش ئەوەی ماڵی مامی لەتاران گەڕانەوە هیچ قسەیەکیان لەبارەی ئێمەوە بۆ نەگێڕێتەوە تاوەکو ئێمەش بتوانین چەند ڕۆژێك بەئارامی‌و ئاسودەیی لەتەنیشتی یەکتردا بەخۆشی‌و شادی بەسەر بەرین لەهەوارگەکانی دەوری شیراز. سەرئەنجامیش ئەم نەخشەیەمان بەکردەوە بەئەنجام گەیاند چونکە روئیا



Scanned by CamScanner

ڕۆژی دوایی بەپێی بەڵێنێك کەخزمەتکارەکە لەم بارەیەوە پێی دابوو سواری پاسێك بوین کەئەویش دەچوو بۆ یەکێك لەدێهاتە خۆشەکانی شیرازو ئەو دێهاتەش پانزە کیلۆمەتر لەشیراز دوور بوو. پاش چەند چرکەکەیەك پاسەکە بەرەو دێهاتی ئامازە پێکراو بەڕێکەوتو بەمجۆرەش کەوتە جێهێشتنی شیراز. لەکاتێکدا منو روئیا لەتەنیشتی یەکتردا بوین من ئەوم لەهەمیشە جوانترو دڵگیر تر دەهاتە پێشچاو. بایەکی هێدی لەشوشەی پاسەکەوە دەهاتە ژورەوەو قژەجوانو ئاڵەکەی روئیای دەئالۆسکان. بەبێ دەنگیو ئارامی سەرقاڵی تەماشاکردنی شاخە سەوزو جوانەکانی دەوروبەری جادەکە بوو. لەدامێنی ئەو شاخانەدا خەڵکی دێهاتەکان سەرقاڵی کارو فرمان بوون بۆ دابینکردنی داهاتویان، ژنانو پیاوان شانبەشانی یەکتر کاریاندەکرد. شوانەکانیش مەڕو ماڵاتەکانیان لەدامێنی ئەم کێوانەدا بەردابوو وە بۆ خۆشیان لەژێر سێبەری درەختەکاندا پاڵیاندابوەوەوخەریکی شمشاڵ لێدان بوون. روئیا لەکاتێکدا لەجوانی خواپێداوی خۆیدا نقوم ببوو زۆر بەوردی لەژیانی ئەم کۆمەڵە خەڵکەی دەڕوانی وەهەر لەو کاتەدا رویکردە منو وتی:(بەڕاست ئەم خەڵکانە چەند خۆشبەختن. بەوپەڕی هاودڵیو هاوشانیەوە پێکەوە کاردەکەنو خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتری دەنوێننو بەپاکی ژیان بەسەر دەبەن، وەهیچ شوێنەوارێکی کینەو نەفرەت لەدڵیاندا نییە بەجۆرێك کەڕواڵەتیان چۆن بێت لەدەرونیشدا هەروان. ئەگەر کچێکیان خۆشەویستی بکات ئەوا شێتە، شێتێکی راستەقینەو بەدڵێکی پاكو سازگارەوە. ئەگەر کورێکیشیان عاشقبێت ئەوا بۆ هەمیشە لەبەرامبەر خۆشەویستەکەیدا وەفادار دەمێنێتەوە.. ئایا وانییە؟ منیش بەتەکاندانێکی سەر قسەکەیم پەسەند کرد. ماوەیەك منو ئەو بێدەنگ بوینەوە. لەناو پاسەکەدا غەلبەغەلبێك پەیدا بوو، کچو کوڕ پێکەوە قسەیان دەکردو پیرەمێردو پیرەژنیش پێکەوە !هەریەکەیان سەبارەت

بەبابەتێك قسەیان دەكرد. هەندێكجار ئەم هەراو هوریایە بەڕادەیەك زیادی كرد كەدەتوت شەڕ كەوتۆتەوە، بەڵام لەڕاستیدا هیچ ناخۆشیەك لەئارادانەبوو وە دەنگەدەنگو هاتوهاواریش لەچەند گفتو گۆیەكی دۆستانەو گێڕانەوەی چەند بیرەوەریەكی خۆشو ناخۆشدا خۆی دەبینیەوە. منو رونیاش بەڕادەیەك نوقمی تەماشاكردنی یەكتری ببوین كەهەستمان بەو هەموو خەڵكەی دەوروبەرمان نەدەكرد. رونیا بێدەنگو ئارام دانیشتبوو بیری دەكردەوە منیش لەتەماشاكردنی روخساری جوانو سەرنج راكێشی تێرنەدەبووم. روخساری ئەو لەو كاتانەدا هێندە پاكو شیرین بوو كەزمانم لەباسكردنی زەبونە.دڵم بێ ئاگا خورپەی دەكرد. ئەوم وەكو فریشتەیەك ئەهاتە پێشچاو كەجگە لەپاكیو میهرەبانی هیچیتر لەبونیدا بەدی نەدەكرا. رونیا فریشتەیەك بوو پاكو بێگەرد، خاوەنی جوتیك چاوی سیحراوی بوو، من هەستم دەكرد كەدەبێت قەدرو رێزی ئەم فریشتەیە بزانم.لەناو ئەم بیركردنەوە شیرینەنانەدا نقوم ببوم لەناكاو دەنگی وەستانی پاسەكە منی هێنایەوە سەر خۆمو بەمشێوەیە گەیشتینە جێگەی مەبەست.

ئێرە دێهاتێكی جوانو دلگیر بوو. كاتێ لەپاسەكە دابەزین كوڕو كچە منالەكانی لادێكە سەبەتە میوەیان بەسەر سەرەوە بوو و بەپیرمانەوە هاتن. قسەو باسێكی سەیر لەدەورو بەری پاسەكە بەر پابوو. من بڕێك میوەم لەمنداڵێكی چاوگەش كڕی وە رونیاش چلێك گوڵی سوری جوانی لەكچێكی جوانكیلە بەدیاری وەرگرت. من میوەكانمدا بەرونیاو رونیاش گوڵەكەی دامێ. پاشانو لەكاتێكدا دەستمان خستبووە ناو دەستی یەك بەناو خەڵكەكەدا تێپەرینو بەرەو ئاواییەكە كەوتینەرێ. كاتێك گەیشتینە ئەوێ بەڕێنمایی چەند خەڵكانێك چوین بۆماڵی كوێخای لادێكەو وەكو ژنو مێردێك خۆمانمان پێناساندو پێمان راگەیاند كە بۆ بەسەربردنی مانگی هەنگوینی (شهر العسل) هاتوین بۆ ئێرە، ئەویش پاش پێشوازی

لێکردنیکی گەرم لێمان بردینی بۆماڵ پیرەژنێکی هەفتا ساڵەکە ئەویش ژوری کرێی هەبوو. کاتێك گەیشتینە ئەویّ کوێخاکە ئێمەی بەپیرەژنەکی ناساند وە لەهەمان کاتیشدا پێی ڕاگەیاند وەکو دوو میوانی ئازیز خزمەتمان بکات. پیرەژنەکەش کەقەدو باڵایەکی کوڕی هەبوو زۆر بەباشی پێشوازی لێکردین‌و ژورەخاڵیەکەش کەلەتەنیشت ژورەکەی خۆیدا بوو بۆی ئامادەکردین دواتر ئێمەش سوپاسێکی زۆری ئەو پیرەژنە دڵ زیندوەمان کردو لەبەرئەوەش کەنزیکی نیوەڕۆش بوو روئیا هێلکەو ڕۆنیکی بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ ئامادەکرد وەبەمجۆرە دەستمان کرد بەخواردنی نانی نیوەڕۆ. روئیا ماندوبوو هەر لەبەرئەوە پاش ئەوەی کەنانی نیوەڕۆمان خوارد کەمێك حەواینەوە. کاتی پاش نیوەڕۆش کەوتینە گەشت‌و گەڕان بەشاخ‌و دەشتەکانی دەوروبەری لادێکە. ئەوکاتانە ئاسمان شین‌و ساف بوو، خۆریش بەر لەدەستدانی پاش ماوەی تیشکە خوێناویەکەی خۆی لەپشتی چیاکانەوە خۆی دەشاردەوە.چیاکان سەر سەوز بوون‌و دامێنەکەشیان پڕ گوڵ‌و گوڵزار، من‌و روئیاش گەڕانمان بەناو گوڵ‌و گیا سروشتیەکاندا دەستپێکردو بەرەو لابەلایەکی کۆڵکە چۆڵەوانی بەرەوپێش دەچوین. روئیا هەرکاتێك گوڵێکی سوری بدیایە هەڵی دەکەندو دەیدایە دەستم.من‌و ئەو ئەم ناوچە پرگوڵ و گوڵزارەمان بەڕاکردن بەسەر برد تاگەیشتینە لای تاقە درختێك کەلەناوچەیەکی شینایییدا بوو ئەوکات هەردووکمان لەبەرامبەری درەختەکەدا وەستاین لەدەوروبەرماندا برێکی زۆر گوڵی جوانی سروشتی هەبوو تیشکی هەتاو سەرتاسەری ناوچەکەی داپۆشیبوو، ئاویش بەدەنگە تایبەتیەکەی خۆیەوە لەباریکاییکەوە دەڕۆیشت. لەگۆشەیەکی ئاسمانی پاندا کەخەریك بوو کەم کەمی تاریك دەبوو دوو کۆتری ڕەش‌و سپی خەریکی فڕین بوون من لەکاتێکدا لەجوانییە دڵرفینەکەی سروشتدا سەر مەست ببوم وە لەژێر کاریگەریەکی توندی دەوروبەردا روئیایەك کەلەهەموو دیمەنەکانی تری



Scanned by CamScanner

سروشت جوانتر بوو لەناکاو باوەشم پێداکردو ماچێکم کرد. ئەو لەبەرامبەر ئەو رەفتارەمدا هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی نیشان نەدا وەپاش کەمێك زەردەخەنەیەك کەتەنها هەر لەئەو جوان بوو هێنایە سەر لێوەکانیو روانیە چاوەکانم جارێکی تر باوەشم پێداکردەوەو لێوم خستە سەر لێوەکانی بەلام ئەمجارەیان هەروەکو کەسێك لەدۆخیکی خەوالوی درێژخایەن هاتبێتەدەرەوە دەستی کردە ملمو لێوەگەرمو سوتێنەرەکانی نا بەلێومەوە. لەگەلّ هەر ماچێکدا هەستو تینی هەردووکمان زیاتر بوو. پاش کەمێك بەتەواوەتی هەستم بەگەرمی لەشی روئیا کرد.

ئەو وەکو شکۆفەیەك کەلەباوەشی درەختێکدا بێت سەری خستبوە سەرشانمو قژەجوانەکانی لەدەموچاوم هەلدەسوو وە لەوکاتەدا لێوەکانم لەدواماچی یەك بەدوا یەکەکانیدا بەپەرۆشەوە بۆ ماچیتر دەگەڕان. روئیا بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وتی: "دەترسم.. بەهمەن.. دەترسم"پرسیم "بۆچی؟" وەلامی نەدامەوە بەمشێوەیە دەستم لەدەوری کەمەری بەربوو. گولە سورەکان لەدەستم کەوتنە خوارەوە.روئیا دەستیکرد بەگریان منیش بەخەیالێ خۆم وتم لەوانەیە لەڕەفتارەکەی من دلێ نیگەران بوبێت بۆیە داوای لێبوردنێکی زۆرم لێکرد وەلەهەمان کاتیشدا بەخواوەند سوێندم بۆ خوارد من بەڕاستی خۆشم دەوێت. ئەو لەکاتێکدا کەچاوە فرمێسکاویەکانی بەلامدا گەڕان بەزەردەخەنەیەکی تەنك لێوەکانی جوان کردو وتی: (بەهمەن منیش سوێندت بۆ دەخۆم کەئەگەر سەدسالێ پاش مردنم گۆڕەکەم بکەیتەوە وە دلّم مابێتەوە ئەوا دەبینیت لەسەری نوسراوە: تەنها تۆم خۆشدەوێت).کاتێك هەردوکمان بێئاگاو بیهۆش فرمێسکەکانمان دەڕشت لەباوەشی یەکتردا چوینو ئەو کات سوێندمان خوارد کەدەبێت خۆشەویستیەکەمان بۆ هەمیشە بەپایەداری بمێنێتەوە، وەبەمپییەش هەردوکمان بەرامبەر بەسوێندەکەمان بەوەفاداری ماینەوە بەجۆریك کەمن تاوەکو ئێستاش ئەو خۆشەویستیە گەورەیەمان

لەیادنەچـوە وە لەیادیـشم ناچـێت تائـەو ڕۆژەی كەجەسـتەم بـەخاك دەسپێرن. لەو كاتانەدا كەهەرگیز ناتوانریت فەرامۆش بكرێت مـن و روئیا ماوەیەك لەتەنیشت تاقە درەختەكەدا لەم بـارو دۆخـەدا ماینـەوە پاشان پێكـەوە بڕێكمـان لەگوڵـەكان كەلەسـەر روی زەوی پـەرت و بڵاوببـوەوە كۆكردەوەو ئـەو كـات بـەرەو لادێكـە كەوتینـەوە ڕێ لەرێگـەدا بـەدامێنی چیایەك گەیشتین. ئێـرە كۆساریك بـوو كـەدەنگی تێدا دەدرایـەوە. لـەم جێگەیەدا لەسەر ویستی روئیا كەمێك وەستاین.ئـەو لەكاتێكدا چاوەكانی بریبـوە چـاوەم هـاواریكرد: "بەهمـەن.. خۆشـم دەوێیـت"هاوارەكـەی لەكۆسارەكەدا لولی خواردو چەند جارێك دەنگـی دایـەوە لەوەلامـدا منـیش بەدەنگیكی بەرزتر ووتم:"منیش تۆ دەپەرستم وەئامـادەم لـەپێناوی تـۆدا گیانیشم "دەستی خستە سەر دمم و نەیهێشت قسەكەم تەواو بكـەم. لـەم كاتەدا دەنگی منیش لەكۆسـارەكەدا لـولی خـواردو چـەند جارێـك دەنگـی قسە تەواو نەكراوەكەی خۆم بیستەوە.پاشان لەكاتێكدا كـەدەنگی قاقـای پێكەنینەكـەمان هـەموو كوێـستانەكەی پركردبـووەوە وەدرێژەمانـدا بەگەڕانـەوەمان بـۆ نـاو لادێكـە.پـاش نیـو كاتـژمێر بـەپێ ڕۆیـشتین گەیشتینەوە ناو ئاواییەكەو لەبەرامبەر دەرگای چونە ژورەوەی ژورە كرێ كەمانـدا پیرەژنـی خـاوەن مـاڵ پێـشوازی لـەمن و روئیـا كـرد وە بـۆ سـەر سـفرەش برێـك ماسـت و سـەوزەی كوێـستانی داینـێ ئێمـەش سـوپاسمان لێكردو ئەوكات چوینەوە ژورەكـەی خۆمـان.پـاش خـواردنی نـانی ئێـوارە كەئەویش روئیا ئامادەی كردبوو پێكەوە كەوتینە گفتو گۆو وتوێژ.لەوكاتە لەیادنەچـوانەدا كەلەتەنیـشتی یـەكتردا بـوین مـن خـۆم بەخۆشـبەخترین پیاوی دنیا دەزانـی هـەر لـەو كاتانەشـدا روئیـا چـەند جـارێكیتر سـوێندی خـوارد كـەمنی لـەناخی دڵـەوە خۆشدەویـست وە منـیش لەبەرامبـەر ئـەو خۆشەویستیە گەورەیـەی ئـەودا خـۆمم بـەداماو زەبـوون دەزانـی. ئـەوەی ڕاستی بێت من لەبەرامبەر دەربڕینی خۆشەویستی ئەودا هیچم نەبوو بیڵێم



Scanned by CamScanner

جگەلـەوەی کەبـەکردەوە بیـسەلمێنم منـیش بەراسـتیو بـەپاکی ئـەوم خۆشدەوێت.ئەو شەوە چەند کاتـژمێریك لـەبارەی خۆشەویستیەکەمانەوە قسەمان کرد وەکاتژمێر گەیـشتە نزیکـەی دوانـزە وەبـەمجۆرەش هەریـەك لەئێمە پاش بەسەربردنی ڕۆژێکی خۆشو لەیادنەچوو چوینە سەر جێگەی خۆمان کەئەوانیش روئیا لەتەنیشتی یەکدا ئامادەی کردبوون.پاش کەمێك روئیا لـەتاریکایی دلرفێنـی شـەودا کـەمانگی تابـان بەرۆشـنایەکەی خـۆی جوانی پیٚ دەبەخشی خۆی خستە باوەشم وتی: "ئـای بەهمـەنی جـوانم.. میوای ژیانم.. خۆشەویـستم.."پاشـان بـەبیٚ ئـەوەی کەبـەهیچ کردارێکـی نـاڕەوا هەڵبـسین وەکـو دووهـاوڕێی میهرەبـان لەتەنیـشتی یـەکتردا ئەوشەوەمان بەبەیانی گەیاند.

"٧"

کات بەخێرایی بەسەر دەچوو، منو روئیا لەتەنیشتی یەکتردا

لەودێهاتە جوانو دڵگیرەدا خۆشترین ساتە وەختەکانی ژیانمان بەسەر

دەبرد. بەڕۆژدا دەچوین بۆ گەشتوگوزار شەوانیش لەهێلانە بچوکو

خنجیلانەکەی پیرەژنە دێهاتیەکەدا دەحەواینەوە.

منو ئەو لەو ڕۆژە خۆشانەی کەلەتەنیشتی یەکتردا بەسەرمان دەبرد

هەستمان بەخۆشیو شادیەکی زۆر دەکرد بەڵام لەو جێگەیەدا کەپارەکانم

ڕوبەرەو تەواو بوون دەچوون وەلەهەمان کاتیشدا ماڵی مامی روئیاش

تاچەند ڕۆژێکی تر لەتاران دەهاتنەوە پاش ماوەیەك مانەوەمان لەم

دێهاتە خۆشو دڵرفێنەدا شەوێك بریارماندا کە بگەڕێینەوە بۆ شیراز

وەبڕیاریش وابوو پاش ئەوەی کەگەڕاینەوە بۆ شیراز من بچمەوە بۆ تاران

تاوەکو ئیشێك بۆ خۆم بەدەست بهێنم وە روئیاش لەبارەی

پەیوەندیەکەمانەوە مامی ئاگادار بکات وەلەهەمان کاتیشدا ڕازی بکات

کەسەبارەت بەهاوسەر بونمان لەگەڵ باوکیدا قسە بکات.

هەر بەپێی ئەم بڕیارەمان بەیانی ئەو شەوە پاش ماڵئاوایکردن لە

پیرەژنی خاوەن ماڵو کوێخای لادێ کەو ئەو دۆستو هاورێیانەی کەلەو

ماوەیەدا لەگەڵیاندا ئاشناببوین سواری پاسێك بووین گەڕاینەوە بۆ شیراز.



Scanned by CamScanner

کاتێـک گەیـشتینەوە شـیراز روئیـا ڕۆیـشتەوە بـۆ مـاڵی مـامی وە لەهەمانکاتیشدا بڕیار بوو بەیانی یەکتر ببینەوە.

لەم دیدارە کەبەیانی ڕۆژی پاشتر لەگـەڵ روئیـا ئەنجامـدا دواقـسەمان لەبارەی ژیانی داهاتومانەوە کرد پاشان من ویستم بگەڕێمـەوە بـۆ تـاران بەوهیوایەی کەلـەوێ ئیشێکی گونجـاو پەیـدا بکـەمو دوای ئـەوەش کـارو بارەکانم رێکخستو بچمە خواز بێنی روئیا.

کاتێـک خـەریك بـوو لەیـەك جیادەبوینـەوە روئیـا جـارێکی تـر بـەڵێنی خۆی بـۆ دوپاتکردمـەوە کەجگـە لـەمن نابێـت هـیچ کەسـێکی تـر ببێتـە هاوبەشـــی ژیـــانی مەگـــەر تـــەنها مـــەرگ بتوانێـــت کەلەیـــەکمان جیابکاتـــەوە پاشـــان لەکاتێکـــدا فرمێـــسك لەچـــاوی هەردوکمانـــدا ئەڵقـــەیان بەســـت بـــوو لەیـــەك جیابوینـــەوە وە وادەی دیـــداری داهاتوشمان لەتاران بوو.

بـەدڵێکی پـڕ لەسـۆزو خۆشەویـستی روئیـاوە وەبەیـەك دنیـا هیـواو ئـارەزوەوە بـۆ ژیـانێکی هاوبـەش بەخۆشـحاڵیەوە بەیەکـەمین ئۆتـۆمبیلی شـەوانە گەڕامـەوە بـۆ تـاران وەلـەوێ ویـستم بـچم بـۆ مـاڵی حەمیـد بـەڵام لەبەرئـەوەی کەپارەیـەکی زۆری حەمیـد قـەرزار بـووم وام بەباشـتر زانـی کـەتاوەکو ئیـشێکی گونجـاو پەیـدا نەکـەم نەچـم بـۆ ماڵیان.

ئەوکات چوم بۆ میوانخانەیەكو ژورێکم بەکرێ گرت. بەیانی ڕۆژی دوایی لەپێناوی ئەوەی کەلەسەر ئیشێك خۆم دابمەزرێنم بۆ هەرجێیەك کەتوانیم بچم سەرمدا بەڵام لەهەمویان نائومێد بـووم هـەر بـەم هۆیـە بەنیگـەرانیو غەمگینییەوە گەڕامەوە بۆ میوانخانەکە..

چەند رۆژێك لەسەر یەك بەیانی تاوەکو ئێوارە بۆ بەدەستهێنانی کارێك هـەوڵم دەداو تێدەکۆشـام بـەڵام بـۆ هەرجێـەك دەچـوم وەڵامێکـی دڵخۆشکەرانەم نەدەدرایەوە.

Scanned by CamScanner

ئێستا کاری من ببوە ئەوەی ستونی دامەزراندنی ڕۆژنامەکان بخوێنمەوە تاوەکو لەپێش هەموو کەسێکەوە بچم بۆ ئەو جێگەیەی کەڕاگەیاندنی دامەزراندنەکەی بلاّو کردۆتەوە.

بەلاّم کاتێك دەچوم بۆ جێگەی ناوبراو پێیان ڕادەگەیاندم کەخاوەنی کارەکە کەسانی بەرچاوی لەسەر داواو ڕاسپاردەی دۆستو ئاشناکانی دامەزراندوە وەئیتر پیویستی بەکەسیتر نییە ! !

سەرئەنجام لەبەرئەوەی هیچ ئیشێکم دەست نەکەوت بەناچاری چووم بۆ ماڵی حەمید، ئەو کاتێك منی بینی زۆر خۆشحاڵ بوو منیش بەکورتی تەواوی بەسەر هاتەکەم بۆ گێڕایەوە وەکاتێك حەمید زانی بێکارەمو هیچ پارەم پێ نییە چوو بۆ لای باوکیو بەناوی خۆیەوە بڕێك پارەی لێوەرگرتو دای بەمنو داواشی لێکردم لەبەرامبەر گیرو گرفتەکانمدا بەرەنگاری بکەم تاوەکو ئیشێکم دەست بکەوێت، منیش سوپاسێکی زۆرم لێکردو لەهەمانکاتیشدا ناونیشانی میوانخانەکەم پێوتو ئەوکات ڕۆیشتمەوە بۆ میوانخانەکە. ماوەی یەك مانگی تەواو بەشوێن کارێکدا گەڕام وە لەو ماوەیدا هەوڵێکی زۆرم خستەگەر تاوەکو بەهەر جۆرێك بێت ئیشێکی ئابڕومەندانە بەدەست بهێنم وەپاشانیش بچمە خوازبێنی ڕوئیا بەلاّم لەهەوڵەکانمدا سەر کەوتوو نەبووم.

ڕۆژێك کەلەوپەری نائومێدیو نیگەرانیدا لەمیوانخانەکەدا دانیشتبووم حەمید هات بۆ لام وەنامەیەك کەڕوئیا بەناونیشانی ماڵی ئەوان ناردبووی لەشیرازەوە هێنایو دایەدەستم وەلەبەر ئەوەش ئیشی بەپەلەی هەبوو هەر بەزویی ماڵئاوای لێکردم ڕۆیشتو لەهەمان کاتیشدا بەلێنیدا کەسەرم لێبداتەوە. پاش ئەوەی حەمید ڕۆیشت دەستبەجێ نامەکەی ڕوئیام کردەوە دەستم کرد بەخوێندنەوەی، بەلاّم بەخوێندنەوەی هەردێرێك چاوم زیاتر بەرەو تاریك بوون دەچوو وەکاتێك لەخوێندنەوەی نامەکە تەواو بووم بەسەر سوورمانەوە بەخۆم وت:



Scanned by CamScanner

نا .. هەرگیز باوەڕ ناکەم ئەوەی خوێندمەوە هیچ بنەماو ڕاستییەکی هەبێت. بێگومان روئیایان وادار کردوە بەنوسینی ئەم نامەیە ! !

بەڵام نەخێر ئەمە دەستو خەتی روئیا خۆی بوو، روئیایەك کەسوێندی خواردبوو بۆ هەمیشە بەرامبەر بەخۆشەویستیەکەمان وەفادار بێت. روئیایەك کەهەمیشە دەمی لەوەفاو پاکی دەدا، کەوابێت ئەی بۆچی ئەو بەیەکجار کۆتایی بەهەموو شتێك هێناو ئەو هەموو دۆستیو خۆشەویستیەی کەهەبوو لەنیوانماندا لەیادی چووە، نازانم بەلام لەوانەیە هۆکاری نوسینی ئەم نامەیەی ئەوە بوبێت کەمن نەچووم بۆ خواز بێنی کردنی لەلای باوکی.

بەهەرحاڵ من بۆ پەیبردن بەڕاستی ئەم ڕوداوە بۆ ڕاوێژ کردن وەیارمەتی هانام بۆ حەمید برد وەناوەرۆکی نامەکەی روئیام بۆ خویندەوە وە داواشم لێکرد کەلەم بارەیەوە یارمەتیم بدات.

لەبەرئەوەی ژمارەی تەلەفونی ماڵی مامی روئیام پێبوو بەحەمیدم وت داوا لەخوشکەکەی بکات لەگەڵماندا بێت بۆ تەلەفون خانەیەك تاوەکو تەلەفونێك بۆ ماڵی مامی روئیا بکەین لەشیراز، سەرەتا ئەو قسەی لەگەڵدا بکات و وەکو هاورێیەکی روئیا خۆی بناسێنێتو داوای ئەوە بکات کەبەروئیا بڵێت قسەی لەگەڵدا بکاتو کاتێك روئیایان بۆ بانگکرد ئەو کات تەلەفونەکە بدات بەمن تاوەکو قسەی لەگەڵدا بکەم. سەر ئەنجامیش حەمید بۆچونەکەمی پەسەندکردو خوشکەکەی لەچۆنیتی بابەتەکە ئاگادار کردو ئەوکات سێ قۆڵی بەرەو تەلەفون خانەیەك کەوتینەڕێ.

من لەوێ ژمارەی تەلەفونەکەی ماڵی مامی روئیام وەرگرت وە پاش ئەوەی کەچەند چرکەیەك لەلێدانی زەنگی تەلەفونەکەیان بەسەرچوو یەکێك لەمناڵەکانی مامی روئیا وەڵامی دایەوەو منیش دەستبەجێ تەلەفونەکەم دایە دەست خوشکەکەی حەمیدو ئەوکات ئەویش داوای



Scanned by CamScanner

ڕوئیای کرد کەقسەی لەگەڵدا بکات بەڵام ئەو لەوەڵامدا پێی ڕاگەیاند کەڕوئیا لەگەڵ دەستگیرانەکەیدا چوون بۆ بازار بۆ کڕینی کەلوپەلی بوکێنیو لەوانەشە درەنگ بێتەوە کاتێك ئەم هەواڵەم بیست خەریك بوو لەتاواندا دەست بکەم بەگریان و ئەو کات باوەڕم کرد کەنوسەری نامەکە ڕوئیا خۆی بووە.

بەمشێوەیە پاش ئەوەی کە لەتەلەفونخانەکە هاتینەدەرەوە حەمیدو خوشکەکەی داوایەکی زۆریان لێکردم بچم بۆ ماڵی ئەوان بەڵام من داواکەیانم پەسەند نەکردو دواتریش ڕاستەوخۆ چومەوە بۆ میوانخانەکە. کاتێك گەیشتمەوە میوانخانەکە جارێکی تر نامەکەی ڕوئیام لەپاکەتەکەیدا دەرهێناو دەستم کردەوە بەخویندنەوەی.

ڕوئیا لەم نامەیدا نووسیبوی:

"بەهمەنی خۆشەویست"

سلاو،

یەك مانگ لەدوا دیداری ئێمە بەسەرچوو بەڵام تۆ بەپێچەوانەی ئەو بەڵێنەی کەپێت دام نەهاتیتەوە بۆ دیدارم. چاوەکانم هەمیشە لەچاوەڕوانی تۆدابوون بەڵام تۆ ئەوانت لەو چاوەڕوانی کردنە نەهێنایە دەرەوە.لەڕاستیدا ئەم ماوە درێژە بەسە کەچەند گۆڕانکارییەك لەژیانی هەر کەسێکدا بەبوون بهێنیت. هەرچەندە تۆ لەژیانو گوزەرانیمن بەباشی ئاگاداریت دەبێت ئەوەش بزانیت کەباوکم لەم ماوەیەدا هەروا بەدەستو پێ بەستراوی دانەنیشتوە بەڵکو چەند ڕێوشوێنێکی سەبارەت بەژیانمو بەداهاتوم لەبەرچاو گرتووە کەمنیش بەهۆی نەهاتنەکەی تۆوە ناچار بووم بەپێچەوانەی خواستو ویستە دەرونییەکانم شان بخەمە بەریان. بەهمەن ئەم نامەیە لەوانەیە دوانامەی من بێت کەبۆت دەنوسم

بەڵام داوات لێدەکەم لەبری ئەوەی رقوکینە بەرامبەر بەمن پەیدا بکەیت ئەم نامەیە لەدڵتا بەناونیشانی بەرێزترین یادگاری خۆشەویستییە پیرۆزەکەمان لای خۆت بپارێزیت هەر چەندە ئەمەش دەکەوێتە سەر ئارەزوی خۆت چونکە ئەگەر ناتەوێت داواکارییەکەم پەسەند بکەیت ئەوا پاش ئەوەی خوێندتەوە بیدڕێنە ... بیسوتێنە .... بەهەر شێوەیەك کەدڵت بخوازیت لەخۆتی دوور بخەرەوە.

بەهەمەنی جوانم ئێستا کەمن ئەم نامەیە دەنوسم شەو لەنیوە تێپەری کردووە، شەوێکی رەش و تاریك وەلەهەمان کاتیشدا ترسناك..

من باش دەزانم کەتۆ لەم ماوەیەدا لەپێناوی مندا ڕەنج و ئازارێکی زۆرت چەشتووە وەلەوانەشە تەنیا شەوێکیشت بەئاسودەیی بەسەر نەبردبێت بەڵام ئێستا کەمن خەریکی نوسینی ئەم نامەیەم هیوادارم کەچاوەجوانەکانت لەخەوی نازدا بن.

ئاخ چەندم خۆشدەوێیت. ئەوەندەم خۆشدەوێیت کەبۆ خۆشم ناتوانم سنور بۆ ئەم خۆشەویستیەم دابنێم.

دڵم دەیخواست کەیەکجاری تر بمبینیتایەوەو بەچاوەجوان و نیگەرانەکانتم بوتایە کەئیتر نیگەرانی من نەبن چونکە ئەمشەو کەلەهەمان کاتیشدا دواشەوی ئەم مانگەیە هەمووشتێك تەواو بووە، ئەم شەو لەهەموو شەوەکانی تری خواوەند رەش و تاریکترە چونکە ئەمشەو شەوی بیست و نۆهەمەو مانگیش لەئاسمان تۆراوەو رۆیشتوە بەڵام بەیانی کاتێك خۆر هەڵدێت وەجارێکی تر خەڵك ژیانی رۆژانەی خۆیان دەست پێدەکەنەوە من ئیتر لێرەنیم چونکە لەراستیدا ئیتر ناتوانم لێرە بمێنمەوە !

من ئێستا بەزۆر کراومەتە دەستگیرانی ئەحمەد وە بۆخۆشت باش دەزانیت کەئەم پەیوەندیەی نێوان من و ئەحمەد بەپێچەوانەی خواستی دڵی منە بەڵام ئەحمەد بەهەر جۆرێك بووە بەفێڵ و کەڵەك نەخشەی خۆشەویستی منی بۆ باوکم دارشت وەلەهەمان کاتیشدا تۆی کردە



Scanned by CamScanner

هۆكاری بەدبەختی وەلادانەكانی من وە ئەویش وەكو یارمەتی دەرێك وەرزگار كەرێك بۆ ژیانی من خۆی نیشاندا و ئەو كاتیش نیازی خوازبێنی منی خستە ڕوو.باوكیشم كەپیاوێكی نەگەییوە بەقسەكانی ئەحمەد چاو بەست بوو بێ هیچ لێكۆڵینەوەیەك باوەری بەقسەكانی كرد وە ئەو كاتیش منی بەزۆر ناچاركرد كەئەو وەكو هاوسەرێك بۆ ژیانی داهاتوم پەسەند بكەم وەبڕیاریشە من‌و ئەحمەد بەم زوانە ببینە هاوسەری یەك.

بەهمەنی خۆشەویستم. بەداخەوە دەبێت ئەوەشت پێ رابگەیەنم كەمن سەرلەنوێ چەند رۆژێكە لەلایەن ئەحمەدەوە خوم بەهیرۆینەوە گرتوەتەوە. من ئیستا كچێكی پیسو چەپەڵم وەگومان لەوەشدا نییە من بەكەڵكی ئەوە نەماوم ببمە هاوسەری كەسێكی پاكو بێگەردی وەكو تۆ چونكە من پیسم دەشبێت لەگەڵ كەسانی پیسی وەكو ئەحمەدا بژیم.

باوكم لەوەی كەمن رازی بوم شوو بەئەحمەد بكەم زۆر خۆشحاڵە چونكە ئەو دەسەڵاتی هەیە، خاوەنی پارەو سامانە، كۆشك‌و ئۆتۆمبێلی هەیە وەباوكم ئەوەی لامەبەست نییە كەئەمانەی چۆن‌و وە لەكوێ بەدەست هێناوە، ئایا لەرێگەی ڕەواوە یان ناڕەوا؟ وەدیارە هیچ كەسێكیش كاری بەسەر ئەوەوە نییە بەڵكو هەموو تەنها گرنگی بەڕووكەش‌و ڕواڵەتی مرۆڤ دەدەن هەروەكو چۆن باوكیشم سەرنجی داوەتە ڕوكەشی ئەحمەد وەلەكاتێكدا نازانیت كەبەم كردەوەیە كچەكەی دەكاتە قوربانی.

باوكم بەم پەیوەندیەی كەلەنێوان من‌و ئەحمەددا دروست بووە زۆر خۆشحاڵە وەبەردەوامیش لەبارەی دەسەڵات‌و سامانی ئەحمەدەوە قسەدەكات وەهیچ شتێكی تری لا گرنگنییە وەلەكاتێكدا كەنازانیت ئەحمەد تاچڕادەیەك مرۆڤێكی پیس‌و قێزاویە هەولدانی منیش بۆ دەرخستن‌و نیشاندانی وێنەی راستەقینەی ئەو بێ سودە بەجۆرێك كەتەنانەت ناڵەو هاوارەكانیشم بچوكترین كاریگەریان نەكردووەتە دڵی

باوکم وە ئەوان وابیردەکەنەوە کەخۆشبەختی وابەستەگی بەپارەو سامانەوە هەیە وەئەوەیان لامەبەست نییە کەسەرچاوەی ئەم پارەو سامانە کوێیە چۆن بەدەست هێنراوە. ئەوان تەنانەت هەندێ کات کچە گەنجەکەیان لەبەرامبەر پارەو تەماعدا بەپیاوێکی دەوڵەمەن‌و خۆشحاڵ دەفرۆشن وە ئیتر ئەوەیان لاگرنگ نیە کەداهاتووی کچەکانیان بەچ ڕۆژێکی ڕەش دەگات.

منیش یەکێکم لەو هەزاران کچانەی کەبونەتە قوربانی بیرکردنەوەی چاوتو نەفامانەی دایك‌و باوکیان ئەحمەد هەڕەشەی ئەوەم لێدەکات کەهەرچی زوترە ئەم شارە دەبێت جێ بهێڵین چونکە ئەو بەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی نێوانمانی زانیوە وەبەم پێیەش بۆ ئەوەی کەدوچاری دەردەسەر نەبێت دەیەوێت من ببات بۆ یەکێك لەشارەکانی تر وەهەر لەوێش ئاهەنگی ژن هێنانەکەی بگێرێت.

بەهمەن: داواکارم کەلەبەرامبەر ئەم ڕوداوەدا هیچ کاردانەوەیەکی ترسناك لەخۆتدا نیشان مەدە چونکە من ئیتر بەکەڵکی تۆ نایەم وەسەبارەت بەوەش کەمن سەر لەنوێ بەهیرۆین خوم گرتۆتەوە تۆ ئیـ ناتوانیت ئامرازی چارەسەرکردنی من بەدەست بهێنیت وەئەحمەدیش بەخاتری ئەوەی کەمن هەمیشە لە داویدابم توشی هیرۆین کێشانی کردومەتەوە بۆیە داوام وایە کەبەو گەورەیەی کەلەبونتدایە من فەرامۆش بکە.

بەیانی من لەگەڵ ئەحمەددا شاری یادگاریەکانم جێدەهێڵم بەڵام بەبێ دڵ، کچێك یەك دڵی هەیە وەئەگەر ئەو دڵە بدات بەکەسێك ئیتر هەرگیز نایداتەوە بەکەسێکیتر وەلەبارەی منیشەوە هەر وایە.

بەهمەنی جوانم.. خۆشەویستی هیوام.. داوام لەتۆ ئەوەیە کەبەجێی ئەوەی زویربیت‌و فرمێسك بڕژێت وە دڵت بۆ غەم بکەیتە هێلانە هەوڵبدە کەگیانی لێبوردن لەخۆتدا دروست بکەیت‌و لەم گوناهە گەورەیەی من



Scanned by CamScanner

خۆش بێت وەدیارە ئەمە تەنیا داوای من نیە بەڵکو داوایەکی گەورەی ترم لێت هەیە کە ئەویش هیوادارم لەپێناوی خۆشەویستیە کەماندا ڕێزێك بۆ ئەم داواکاریەم دابنێیت وەقسەی منێکی گوناهکار کەلەگوناهی خۆمدا سوتاوم وەلەوانەشە بلێم مردوم پەسەند بکەیت!!

خۆشەویستی من، کاتێك ئەم نامەیە بەدەستی تۆ دەگات کەئیتر من لەپەنای تۆدا نیم وەتۆش بێگومان نەفرەتم لێدەکەیت وەفرمێسك دەرێژیت بەلام خۆشەویستەکەم تۆ نابێت بگریت.. پێبکەنە ئەوەندە پێبکەنە کەتەواوی غەمەکانی دڵت بەدەستی فەرامۆشی بسپێریت وەپاشانیش بەڵێنم پێبدە کەئەگەر دڵت بەلای کچێکدا چوو وەخۆشتویست ئەوا ئەوەندە خۆشت بوێت کە من لەیاد بکەیت!

ئەمە تکایەکی داماوانەی کچێکە کەتاوەکو کۆتایی تەمەنی خۆشەویستی تۆ هەر لەدڵیدا دەمێنێتەوە.

بەهەمەن من کاتێك پەیم بەخۆشەویستی گەورەی تۆ برد کەئیتر دڵم مردبوو وەبۆ خۆشم لەناو پیسی ژیاندا نقوم ببووم وەئەو کاتەبوو کەمن ڕاستی بابەتێکم بۆ دەرکەوت وەبەسەختی سەیرم لێهات، ڕاستیەك کەلەمنت شاردبووە وەکاتێك پێم زانی یەك پارچە لەجێگەی خۆمدا وشك بووم وەلەهەمان کاتیشدا لەتوندی شەوقدا کەوتمە گریان وە لەڕاستیشدا جگە لەوە نەدەبوو چاوەڕوانی لەتۆ بکرایە!!

نازانم بەچ زمانێك سوپاست لێ بکەم کەتۆ لەپێناوی مندایەك ساڵ تاڵی زیندانت چێژاو تاوانی درێت خستە پاڵ خۆت، بەلام ئامادە نەبویت کەئابڕوی من بچێت. من بەچ شێوەیەك دەتوانم ئەم چاکە گەورەیەی تۆ بدەمەوە؟ نازانم هیچشتێکم لەدەست نایەت ئەنجامی بدەم جگە لەوەی کەبلێم ئافەرین، ئافەرین ئەی ڕاستگۆترین خۆشەویست. ئێستا کەدەستم



Scanned by CamScanner

لەسەرچۆك دابنیشم‌و فرمێسك بڕێژم.
ناچارم لەبەرامبەر وێنەکەتدا لەسەرچۆك دابنیشم‌و فرمێسك بڕێژم.

تۆ هەموو شتێکت تەنانەت خێزانەکەت، بنەماڵکەت، کارەکەت، ئابڕوت لەلا گرنگ نەبوو، وە تەواوی قسەو تاوانەکانت لەئەستۆی خۆت گرت تاکو من لەداوی هیروئین ڕزگارم ببێت. ئێستا من لەبەرامبەر ئەم قوربانیە گەورەیەی تۆدا دەتوانم چیبکەم؟ هیچ..هیچ ..

با ئیتر لەمەندە زیاتر بەبیرەوەریەکانی ڕابردو نیگەرانت نەکەم چونکە لەڕاستیدا من ئیتر لێرەدا زمانم لاڵ بووە، دڵم مردووەو گیانم پێکدا دراوە، ئیتر چاوم نوسراوەکانی سەر کاغەزەکە نابینێت وە دەستیشم لەوە زیاتر ناتوانێت پێنوسەکە هەڵبگرێت. گریان مۆڵەتم نادات کەکۆتایی نامەکە بنوسم.

ئای خوایە من ئیتر هەست بەلێدانەکانی دڵم ناکەم، خوێن لەلاشەمدا سڕبووەو ساردی سەر تاپای گیانمی گرتۆتەوە ماڵئاوا لەجوانی چاوەکانت، بەدیدەی فرمێسکاوییەوە دوبارە ئارەزوم وایە کەلێم ببوریت چونکە من تەنها لێبوردنی تۆم لامەبەستە، وەهیواداریشم کەلەعیشق‌و خۆشەویستی داهاتوتدا ئەوەندە خۆشبەخت بیت کەهەر لەبنەماوە لەیادت بچێتەوە کەکچێك بەناوی روئیاوە لەژیانتدا بوونی هەبووە، هەر بەم شێوەیەش ماڵئاوایت لێدەکەم وەهیوام وایە کەلەتەواوی قۆناغەکانی ژیاندا سەرکەوتوو بیت.

کەسێك کەهەتاوەکو کۆتایی تەمەنی فەرامۆشت ناکات وە بۆ یەك چرکەش لەخۆشەویستییەکەت بێ ئاگانابێت "روئیا".

پاش تەواوکردنی خوێندنەوەی دوبارەی نامەکەی روئیا خەریکبوو شێت ببم. بەڵام تەنها بەفرمێسك ڕشتن خۆم بۆ ڕازی نەکرا بەڵکو لەنیگەرانی‌و دڵ پەشێوی خۆمدا لەمیوانخاکە چومەوە دەرەوەو ڕۆشتم بۆ مەیخانەیەکی بچوك کەئەویش کەوتبووە بەرامبەری میوانخاکە وە لەوێ



Scanned by CamScanner

برێکی زۆر مەیم خواردەوە، پاشان بێئەوەی هیچ مەبەستێکم هەبێت لەکوچەو کۆلانەکاندا کەوتمە سوڕانەوە.

ئەمە سەرەتای ئاوارە بوونی من بوو وە لێرەدا ژیانی من ئیتر هیچ ڕەنگێکی نەما وە لەوەبەدواش لەخەیاڵی هیچ جۆرە ئیشێکدا نەبووم وەهەر لەو کاتەشدا بوو کەمن هەستم بەپوچی ژیانم کرد بۆیە هەر بەو شێوەیە لەپێناوی بەدەستهێنانی پارەی مەی خواردنەوەکەمدا شانم دەدایە بەر هەموو جۆرە ئیشێك بەڕادەیەك کەتەنانەت ئۆتۆمبێل شتن و شوشە پاککردنەوەی دوکانەکانیشم دەکرد لەپێناوی بەدەستهێنانی پارەدا وە بەم پارەیەش کە بەم جۆرە ئیشانە پەیدام دەکرد هەموو شەوێك پیشەی من ببووە مەی خواردنەوەو سوڕانەوە لەمەیخانەکاندا.

من بڕیارم دابوو کەخۆم ڕسوا بکەم، وە مەی خواردنەوەی بێ سنوریش بۆ گەیشتن بەم مەبەستە یارمەتی دەدام. شەو ڕۆژ بۆ فەرامۆشکردنی ئەم غەمە گەورەیەم ئەوەندەم مەی دەخواردەوە کەئیتر مەستو گێژی دەکردم وە بۆ ماوەیەکی کورت بەزەبری کهول هەموو شتێکم فەرامۆش دەکرد چونکە بەڕاستی ئەگەر مەستی نەبوایە نەمدەزانی چۆن لەدەستی ئەم هەموو غەمو دەردە رابکەم وە لەوانەشە کەئەگەر مەیخانە نەبوایە من ئێستا غەمو خەفەت وەکو خۆرە گشت گیانیان خواردبومو لەخاکدا سپاردبومیان . هەندێك شەو هێندە مەییم دەخواردەوە کەئیتر نەمدەتوانی لەکاتی هاتنە دەرەوەدا هاوسەنگی خۆم راگیر بکەم وە لەوپەڕی سەرخۆشیدا بەتەپاوتل خۆم دەگەیاندە گۆشە شەقامێكو لەوێ تاوەکو بەیانی دەمامەوە. پاسەوانەکانیش ئەوەندە بەناونیشانی سەرخۆشێکی بێ ئازار بردبومیان بۆ بنکەکانی پۆلیسو ئاسایشو نەخۆشخانەکان کەئیتر لەلای هەمویان ناسرابوم وە کاتێك کەدەیانبینی لەگۆشەی شەقامێکدا لاڵوپاڵ کەتوم ئیتر کاریان بەسەرمەوە نەبوو.من ئیتر ببومە مەیخۆرێکی تەواو و مرۆڤێکی کهولی هەمیشە مەست، هەندێجار



Scanned by CamScanner

ئەمشەو فرمێسکێك دەڕژێت

دەموت کەئەگەر بێتو مەی نەخۆمەوە ئەوا دەمرم. لەو کاتەنەدا کەمەییم پێ نەدەگەیشت گرژبونێکی توند سەرتاسەری جەستەمی دەگرتەوەو دەستو پێم دەکەوتە لەرزین وە زمانم بەڕادەیەك وشك دەبوو هەرتاو نا تاوێك دەموت ئێستا دەمرم.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مەیم زیاتر دەخواردەوە وە بەڕادەیەك لەم کارەدا زیادە ڕۆییم دەکرد کەخەڵکی دڵیان بۆم دەسوتاوە چەندین جار ئامۆژگاریان کردمو داوایان لێدەکردم کەدەست لەم مەی خواردنەوە بێهودەیە هەڵگرم، ئەوان دەیانوت کەئەگەر بەم کردەوەیەت درێژە بدەیت ئەوا سەرئەنجام لەگۆشەی یەکێك لەمەیخانەکاندا بەشێوەیەکی ناشرین گیان لەدەست ئەدەیت!

منیش کەمردن ئەوپەڕی ئارەزوم بوو هەروا درێژەم بەو مەی خواردنەوە دەدا بێئەوەی کەهیچ ترسو سامێکم لەمردن هەبێت، بەڵام بەداخەوە کەمردن بەسۆراغم نەهات. منێکی قومارچی کەلەیاری قومارەکەمدا لەگەڵ ژیاندا هەموو شتێکم دۆڕاندبوو جگە لەشانازی کردنەکەم، شانازیەك کەلەخۆشەویستیەکدا مایەی دەگرتەوە، خۆشەویستیەك کەببوە هۆکاری دروستبونی شێتیو بێقەراریەکەم، گەورەیی خۆشەویستییەك کەبەهەمو کەمو کوڕیەکانیشیەوە شایانی ئەوەی هەبوو کەگیانی خۆمی لەپێناودا بەخت بکەم. سەیر لەوەدایە کەجگە لەخۆم لەمەیخانەکاندا لەگەڵ کەسانێکی تریش ئاشناببوم کەئەوانیش هەمان سەرگوزەشتی وەکو منیان هەبوو. هەندێ جار لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا چەند کاتژمێرێك لەجیهانی مەستیدا دادەنیشتینو دەکەوتینە دەردە دڵیکردنو فرمێسك ڕشتن. لەیادمە شەوێك لەگەڵ لاوێکدا کەئەویش لەخۆشەویستیەکەیدا شکستی هێنابوبومە هاوپیاڵەو شەرابێکی زۆرمان پێکەوە خواردەوە، بەڵام ئەو کەتاقەتی گریانەکەی منی نەبوو هەستاماڵئاوایی لێکردمو ڕۆشت وە منیش کاتێك کەئەو ڕۆشت دامە بانگی گریان وە بەدەنگێکی نەرمو



Scanned by CamScanner

نیانـەوە نـاوی روئیـام دەهێنایـە سـەرزمانمو بـەردەوامیش سـەرم دەدا بەمێزەکـەدا. لەوکاتـەدا ژنێکـی هەمیـشە مەسـت کەلـەمێزی تەنیشتمەوە دانیـشتبوو دەیخـواردەوە وە لەکاتێکـدا کـە لەگریانەکـەی مـن سـەری سورمابوو ڕوی تێکردمو وتی (هاوڕێ، بەقسەم بکە، لەپێناوی ژندا هەرگیز (فرمێـسك) مەڕێـژە..) بـەڵام مـن مەگـەر دەمتـوانی کەلـەپێناوی روئیـادا نەگریم؟ مەگەر دەمتـوانی فەرامۆشـی بکـەم! نـەخێر، هـەرگیزا و هـەرگیز نەمدەتوانی روئیا لەیادی خۆم بەرم هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کەمن هیچ نەبێت بۆ ئارام کردنەوەی خۆم شەوانە بەناچاری شـەرابم دەخـواردەوە.

بەڕاستی شەراب چەندە شتێکی باشە بۆ کەسانی دامـاو دەردەداری وەك من. هەندێ شـەو بەڕادەیـەك شـەرابم دەخـواردەوە کـەئیتر لـەهۆش خۆم دەچـوم، هێنـدەم دەخـواردەوە کـەئیتر جگـەری دەسـوتاندمو ئـاگری لەجەستـەم بـەردەدا وە ئـیتر نەمـدەتوانی دەسـت بەسـەر خۆمـدا بگـرم. شەوێك کاتێك کەوەکو پیشەی هەمیشەیم رۆشتم بۆ مەیخانەیـەکی بچوكو قەرەباڵغ وە بڕیارمدا کەلەهـەموو شـەوێك زۆرتـر بخۆمـەوە، هەربـەم پێیە لەپـشت سـەری یـەك داوای شـەرابم دەکـرد. خـاوەنی مەیخانەکـە چەند دەستەیەك لەموشتەریەکانی بەڕێکرد بـەڵام مـن هـەر دانیـشتبومو شـەرابم دەخـواردەوە بەڕادەیـەك زیـادەڕەویم لـەکارەدا کـرد کـەئیتر نەمـدەتوانی لەجێگەی خۆم هەستم وە هەر لەوێ بەزەمیندا کەوتمو لەهۆش خۆم چوم. بەو شێوەیەی کەخاوەنی مەیخانەکە بۆی گێڕامەوە ئـەو شـەوە بـارودۆخم ئەوەندە خراپ ببوو کەپزیـشکی هێنـابووە سـەرم وە پزیشکەکەش پـاش تێڕوانینێکـی پزیـشکی پێـشنیاری کردبـوو کەدەسـت بـەجێ بمبـەن بـۆ نەخۆشـخانە، پـیرە مەیفرۆشـیش بەپەلـە پروسـکێ خـۆی گـەیانبووە بنکەیـەکی پـۆلیسو ڕوداوەکـەیان پـێ ڕادەگـەێنێت وە ئـەوانیش بەئامبولانسێك دەمبەن بۆ نەخۆشخانە. مـاوەی بیـستو چـوار کاتـژمێری تەواو لەسەر سیستەمێکی نەخۆشخانەکە بەبێ هۆشی کەوتبومو وە کاتێك



Scanned by CamScanner

کەمۆش خۆم هاتمەوە چاوم کردەوە لەناکاو بەسەرسوڕمانەوە رونیام بینی کەلای سەرمەوە وەستابوو، ئەی خوایە!! ئایا گومانەکەم هەڵنەبوو وە ئایا ئەوە رونیای خۆشەویستی من بوو کەجلوبەرگی پەرستاری لەبەرکردبوو وە بۆ یارمەتیدان و چاودێری کردنم لەلای سەرمەوە وەستابوو؟

بەهەرحاڵ من لەم بارودۆخەی کەهەمبوو زۆر خۆشحاڵ بووم چونکە لەو کاتەدا هەستێکم پەیدا کردبوو کەتوانای دەربڕینیم نەبوو، بەلام هەرچۆنێك بوو لەدڵمدا دنیایەك شەوق و چالاکی شەپۆلیان دەدا. دەمویست لەجێگەکەم بێمە خوارەوەو باوەش بەرونیادا بکەم وە سوپاسی لێ بکەم سەبارەت بەوەی کەسەر لەنوێ هاتۆتەوە بۆلام، دەمویست هاواربکەم و پێی بڵێم کەئێستاش خۆشم دەوێت وە هەر لەپێناوی ئەویشدابوو کەرۆژگارم بەم رۆژە گەیشتوە بەلام ئەفسوس و داخ کەئەو هێزەم تیا نەبوو بتوانم قسەی پێ بێنمە سەرزمانم و ماوەیەك بەگێژی و کاسیەوە بەتەماشاکردنێك کەشێوازی رێزلێنان و سوپاسی لەخۆ گرتبوو سەیری رونیام دەکردو چاوم لێ نەدەتروکاندا وە ئەویش بێدەنگ و ئارام بەسەر سەرمەوە وەستابوو تەماشای دەکردم بەلام تەماشا کردنەکەی ئەو تەواو بێگانەو نامۆ بوو. کەمێك لەجێگەکە جولام، ئەو کەمێك دانەویەوەو دەستی خستە سەر سینەم و ئەوکات بەهێواشی وتی: (تکایە مەجوولێ!)

ئەی خودایە! خۆ ئەمە دەنگی رونیا نییە کەوابێ ئەمە رونیا نەبوو، وە ئەمە خۆشەویست و تاکە هیواکەی من نەبوو؟ نەخێر، بەڵکو ئەو پەرستاری نەخۆشخانەکە بوو بەلام سەیر لەوەدا بوو کە بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر لەرونیا دەچوو هەر دەتوت لەبنەمادا دوانەن و لەسکێك بوون. ماوەیەك بەسەرسوڕمان و تاسانەوە تەماشامدەکرد وە ئەویش هەروا بەبێدەنگی و ئارامی وەستابوو تەماشای دەکردم ، لەوکاتەدا



Scanned by CamScanner

پەرستارێکی دیکە هاتە ژوورەوەو لەکاتێکدا ڕوویکردە ئەو وتی (شەهلا گیان دەستگیرانەکەت هاتوەو ئیشی پێتە، بڕۆ من لەبری تۆ چاودێری دەکەم تاوەکو دەگەڕێیتەوە) بەدوای ئەم قسانەدا پەرستارێك کەبەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر لەروئیا دەچوو ڕۆشتە دەرەوە بەمشێوەیەش بۆم دەرکەوت کە ناوی شەهلایە . پاش ڕۆشتنی ئەو من کەتاکو ڕادەیەك باری تەندروستیم باشتر ببوو چەند پرسیاێکم لەپەرستارەکە کرد وە ویستم لەبارەی شەهلاوە زانیاری زیاتر بزانم، ئەویش لەوەڵامی پرسیارەکان دا وتی: (ئەوەی ڕاستی بێت شەهلا تازە لەم نەخۆشخانەیەدا دامەزراوە، هەربەم هۆیەوە منو ئەو یەکتر زۆر ناناسین وەمن زانیاریەکانم سەبارەت بەو کەمە) لەبارەی دەستگیرانەکەیەوە پرسیارم کرد. وتی لەو بارەیەشەوە زۆر ئاگادارنیم بەڵام ئەو پیاوەی شەهلا ئەڵێ دەستگیرانمە کەمانچە ژەنێکی ناودارە هەندێ کات لەگەڵ شەهلادا کەئەویش دەنگێکی خۆشو دڵگیری هەیە پێکەوە ڕاهێنان دەکەن وە بەو جۆرەش کەشەهلا چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لای یەکێك لەپەرستارەکان وتویەتی گوایە ئەو لەگەڵ ئەم کەمانچە ژەنەدا دوومانگ لەمەوپێش لەمیوانخانەیەك یەکتریان ناسیوە، هەروەکو وتم شەهلا دەنگێکی خۆشی هەیە هەربەو هۆیەش بۆتە جێگەی سەرنجو گرنگی پێدانی کەمانچەژەنی ناوبراو وە سەرەتا پێشنیاری ڕاهێنانکردنی لەگەڵ شەهلادا خستۆتە ڕوو و پاشانیش لەئەنجامی چەند پێکەوە بونێکدا سەرئەنجام پرۆسەی بەدەستگیران بونەکەیان سەری گرتووە، هەر ڕۆژێکیش سەرەی ئێشکگرتنی شەهلا بێت ئەو دێت بۆ نەخۆشخانەو پاشانیش پێکەوە دەڕۆن بۆماڵەوە. بۆئەوەی پەرستاری ناوبراو هیچ جۆرە گومانێك نەکات ئیتر لەم بارەیەوە پرسیاری ترم نەکرد. زانیاری من سەبارەت بەشەهلا هەر هێندە بوو بەڵام ئەوەشم دەزانی کەبەتەواوی هاوشێوەی خۆشەویستە ونبوەکەم بوو، لەوانەشە ئەگەر دەنگیشیان



Scanned by CamScanner

لەیەك بچوایە هەرگیز نەمدەتوانی لەیەكیان جیا بكەمەوە. لەو كاتانەدا كەنوقمی بیركردنەوەكانم ببوم پزیشكەكەش هاتە ژورەوەو لەگەڵمدا كەوتە گفتوگۆكردن‌و هەواڵ پرسینم. پاش تێڕوانینێكی ئاسایی پزیشكی سەبارەت بەوەی لەمردن رزگارم ببوو وە باری تەندروستیم هاتبوە دۆخی ئاسایی خۆم پیرۆزبایی لێكردم‌و وە لەبەرئەوەش لەو كاتەدا شەهلا گەڕابوەوە پزیشكەكەو پەرستارێك كەبەشێوەیەكی كاتی هاتبووە شوێنی شەهلا بۆ چاودێری كردنم ژورەكەیان جێهێشت. پاش ڕۆشتنی ئەوان وە كاتێك من‌و شەهلا تەنها بوین دەمویست لەگەڵیدا بكەومە قسە، بەڵام توانای قسەكردنم نەبوو شەهلاش پاش ئەوەی جێگەكەی رێكوپێك كرد و دوای ئەوەی لێی پرسیم ئایا پێویستیم بەهیچ شتێك هەیە یاخودناماڵئاوایی لێكردم‌و ڕۆیشت، بەڵام پێش ئەوەی بڕوات داوای لێكردم ئەگەر پێویستیم بەشتێك هەبێت ئەوا زەنگ لێبدەم. پاش ئەوەی شەهلا ڕۆیشت لەناكاو نەفرەتێكی تونند لەبەرامبەر ئەودا سەرتاسەری بونمی گرتەوە، لەوانەیە بیرەوەریەكانی رونیاو لێكچونێك كەشەهلا لەگەڵ رونیادا هەیبوو بوبێتنە هۆكاری ئەوەی بكەومە ئەو بارودۆخەوە ئیتر بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبوم شەهلا ببینم. بەم پێیە كاتێك پزیشكەكە هات بۆلام تەواوی روداوو بەسەرهاتەكانی خۆمم بۆ گێرایەوە وە داوام لێكرد ئیتر شەهلا نەنێرێت بەڵكو لەجێی ئەو پەرستارێكی دیكە بۆ ژورەكەم دەست نیشان بكات. پزیشكەكە داواكاریەكەی پەسەندكردم وە پەرستارێكی تر كە بەپێچەوانەی شەهلاوە لەڕادەبەدەر ناشرین بوو بۆ چاودێری كردنم دەستنیشان كرد ئەم پەرستارە لەگەڵ ناشرینیەكەیدا لەهەمان كاتیشدا زۆر خەمۆك‌و توڕەش دیار بوو، بەهەرحاڵ ئەو هەرچۆنێك بوبێت لەشەهلا باشتر بوو بۆمن. ئەم پەرستارە تازەیە زۆر بەدڵسۆزیەوە چاودێری لێ دەكردم وە نازانم پزیشكەكە چی پێ وتبوو كەئەوپەڕی میهرەبانی‌و بۆ دەخستمە ڕوو بەجۆرێك هەندێ كات چەند كاتژمێرێك لەتەنیشت

سیستەمەکەمدا دادەنیشتو دەکەوتە قسەکردن لەگەڵمدا.من زۆر حەزم دەکرد هۆکاری ئەو هەموو خەمۆکیو نیگەرانیەی لەڕوخساریدا بەدی دەکرا بزانم، سەرئەنجام ڕۆژێکیان کەلەگەڵیدا کەوتبومە گفتوگۆ بۆم دەرکەوت ئەو لەناشرینی ڕوخساری نیگەرانە، کەواتە بەم پێیە هۆکاری غەمباریەکەی دەگەڕایەوە بۆ ناشرینیەکەی ڕوخساری، بەڵام لەهەمان کاتیشدا زۆر لەخۆڕازی دەهاتە پێش چاو وە هەربەهۆی ناشرینیەکەشیەوە هیچ پیاوێك ئامادە نەبوو ئەوی بەسۆزو عەشقەوە خۆش بوێت وە ئەم بارودۆخە ببوە هۆکاری سەرەکی ئەو نیگەرانیەی.

کاتێك بەگێروگرفتی پەرستارەکەم زانی زۆر دڵم تەنگ بوو وە بەخۆمم وت ئەم سروشتە چەندە سەیرە، هەندێ جار کچێك هێندە جوانو دڵگیر دەکات کەناوبانگی جوانی بڵاودەبێتەوە، هەندێ جاریش کچێك هێندە ناشرین وەبەر دێنێت نەك هیچ لاوێك ناچێتە سەر ڕێگەی بگرە خۆشی لەناشرینی خۆی بێزار دەبێت. کاتێك زانیم پەرستاری ناوبراو زۆر پێی خۆش نییە کەمن زۆر لەو بارە تایبەتیەوە پرسیاربکەم پاش ئەوە لەپرسیارکردن وەستام وە لەهەمان کاتیشدا بابەتی قسەکانم گۆڕی. بەیانی ڕۆژی دوایی کاتێك پەرستاری ناوبراو ماوەی کارکردنەکەی کۆتایی پێهات وە پێش ئەوەی جێم بهێڵێت ڕوی تێکردمو وتی:

بەڕاست بەیانی وابڕیارە بەمەبەستی بەهێزکردنی هەستو ورەی نەخۆشەکان بەبەشداریکردنی چەند هونەرمەندێك لەباخچەی نەخۆشخانەکە ئاهەنگێك ساز بدرێت وە تۆش کەئێستا باری تەندروستیت باش بووە دەتوانیت بەشداری بکەیت، منیش لەوەڵامی پێشنیارەکەیدا بەڵێنم پێدا ئامادە ببم. بەم پێیە ڕۆژی دوایی بەیاوەری چەند نەخۆشێکی تر کەئەوانیش باری تەندروستیان هەندێك باش ببوو ڕۆیشتین بەرەو ئەو جێگەیەی بڕیار بوو ئاهەنگەکەی تێدا ساز بدرێت. کاتێك گەیشتین بینم لەوێ کۆمەڵێك هونەرمەندو گۆرانی بێژی بەناوبانگی لێبوو وە چەند



Scanned by CamScanner

گۆرانیو بەرنامەیەکیان بۆ نەخۆشەکان پێشکەشکرد کەبووە مایەی خۆشحاڵیو ڕەزامەندیان. لەو کاتەدا لەناکاو ڕێکخەری ئاهەنگەکە ڕایگەیاند کەئێستا (شەهلاخان) پەرستاری نەخۆشخانە کەدەنگی دڵگیری ئەو لەلای هەمومان ناسراوە بەهاوکاری دەستگیرانەکەی چەند گۆرانیەکی خۆشتان پێشکەش دەکات . بەدوای ئەم قسانەدا شەهلا بەناو هەستو نەستێکی بەتینی ئامادەبوەکان لەگەڵ کەمانچە ژەنێکدا گوایە دەوترا دەستگیرانیەتی هاتە سەر سەکۆی شانۆکەو پاش کەمێك کەوتە گۆرانی وتن. دەنگی شەهلا بەڕادەیەك خۆش بوو هیچ کات وەها چاوەڕوانیەکم لێی نەبوو، من تا ئەو کاتە زۆرم لەبارەی دەنگ خۆشی شەهلاوە بیستبوو، بەڵام هەرگیز باوەڕم نەدەکرد دەنگی ئەو بەو ڕادەیە سەرنجم رابکێشێت بەلای خۆیدا. شەهلا هێندە بەگوڕو تینەوە گۆرانی دەوت کەسەختترین دڵی دەهەژاند.کاتێك لەگۆرانیەکە تەواو بوو ئامادەبوان کەوتنە هاندانو چەپلەلێدان بۆی تاچەند دەقیقەیەکی تر گۆرانیان بۆ بڵێ، هەر بەهۆی ئەم ڕەزامەندیو هاندانە زۆرەی ئامادەبوانەوە شەهلا چەند گۆرانیەکی تری وت بۆیان، پاشان لەکاتێکدا کەئامادەبوان داوایان لێدەکرد چەند گۆرانیەکی تریان بۆ بڵێت بەڵام شەهلا بەهۆی کەمی کاتەوە داوای لێبوردنی لێکردنو هەربەم جۆرەش لەسەر سەکۆکە هاتە خوارەوە. کاتێك ئاهەنگەکە کۆتایی پێهات ڕۆشتمەوە بۆ ژورەکەی خۆم وە لەهەمان کاتیشدا سەبارەت بەو بەد ڕەفتاریەی لەبەرامبەر شەهلادا نواندبوم هەستم بەپەشیمانیەکی زۆر دەکرد. کاریگەری دەنگی ئەوم بەئاشکرا پێوە دیاربوو چونکە دەنگی ئەو ئاوازێك بوو لەقوڵایی دڵیەوە سەرچاوەی دەگرتو بەشێوەیەکی عاشقانە لەگەرویەوە شەپۆلیان دەدا کەبێگومان منو چەندین کەسی تری کردبووە شیفتەی خۆی. هەندێ کات لەوانەیە هۆکارێك بەتوندیەکی وا کار لەمرۆڤ بکات کە راوبۆچونی سەبارەت بەشتێك لەبناغەوە بگۆڕێت، لەبارەی شەهلاوە منیش هەمان

بـارودۆخم لێ بەسـەرهاتبوو چـونکە تـەواوی بۆچـونەکانم سـەبارەت بـەو پێـچەوانە ببونـەوە.. سـەیرە ! شـەهلایەك کەنەمدەویست چاوم بەچاوی بکەوێت ئێستا بەئاواتەوەم تـەنها دوو قـسەی لەگەڵدا بکـەم. من سـەیرم لەوە دەهات کەخاوەنی وەها دەنگێـك بـوو بۆچـی هونـەری گـۆرانی بێـژی هەڵنەبژاردبوو؟ بەهەرحاڵ لەوانەیە هۆکارێك لەئارادا بوبێت.

لەو ڕۆژە بەدواوە ئیتر نەمدەویست لەشـەهلا ڕابکـەم بـەڵکو دەمویست لێـی نزیـك ببمـەوەو قـسەی لەگەڵـدا بکـەم بـەلام هـەرکاتێك هـەلێکی وا ڕێدەکـەوت کەڕوبـەڕووی یـەکتر دەبوینـەوە ئـەو دەسـتبەجێ خـۆی دەدزیەوەو هەوڵی دەدا خۆی لەپێش چاوم ون بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا من چەندین جار پـەیامم بـۆ شـەهلا نـاردبوو وە تیایاندا داوای لێبوردنم لێکردبوو سەبارەت بەبۆچـونە هەڵـەکانم لـەبارەی ئـەوەوە بەلام ئەو بەو جۆرەش هەر بەساردوو سڕیەوە ڕەفتاری دەکرد لەگەڵمدا . ئەم بارودۆخە هەروا درێژەی کێشا تاوەکو ڕۆژێك پزیـشکەکە هـات بـۆلام و پاش تێـڕوانین و چـاو پیاخـشاندنەوەیەکی ورد پێـی وتم: (بەخۆشـحاڵیەوە دەتـوانم پێـت ڕابگـەێنم کـەباری تەندروسـتیت زۆر بـاش بـووە، ئیـدی لەنەخۆشخانە دەتوانیت بچیتە دەرەوە).

سەبارەت بەوەی سەر لەنوێ باری ئاسایی تـەندروستی خـۆمم بەدەست هێنابوەوە زۆر خۆشحاڵ و بەختەوەر بووم چونکە دەمزانـی ئـیتر دەورانـی نەخۆشیەکەم کۆتایی پێهـاتوە و کـاتێکیش لەنەخۆشـخانە چـومە دەرەوە دەتـوانم ئێـشێك بەدەسـت بهێـنم ڕەوشـێکی ئاسـایی بدەمـەوە بـەژیانم . هەربەم پێیە داوام لەپزیشکەکە کرد دوانیوەڕۆی هـەمان ڕۆژ مۆڵـەتم بـدات لەنەخۆشخانەکە بچمە دەرەوە، ئەویش داواکـەی پەسـەندکردم و لەهـەمان کاتیـشدا فـەرمانی پێویـستیدا بەبەشـی بـەر پرسـیاری نەخۆشـخانەکە. بـەمجۆرە دوانیـوەرۆی ئـەو ڕۆژە پـاش ئـەوەی ماڵئـاوایم لەنەخۆشـە هاوڕێکـانم کـرد جـل و بەرگـەکانمم وەرگرتـەوەو دواتـر چـوم بـۆ ژوری

پەرستارەکانیش تاوەکو ماڵئاوایی لەشەهلاو تەواوی ئەو پەستارانەی دیکەش کەپێمەوە ماندوو ببون ماڵئاوایی بکەم، بەلآم کاتێك چومە ژورەوە وارێکەوت تەنها شەهلا لەوێ بوو، ئەو کاتێك منی بینی لەجێی خۆی هەستاو بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکات لەژورەکە چووە دەرەوە وە ئەو قسەیەی منیش کەپێم وت هاتوم بۆ ماڵئاواییکردن بێ وەلآم مایەوە. لەکاتێکدا لەرەفتارەکەی شەهلا زۆر نیگەران ببوم چوم بۆلای پەرستارەکانی ترو وە سەبارەت بەو ئەرك و ماندوبوونەیان کەبەهۆی منەوە کێشابوویان سوپاسێکی بێ پایانم کردن وە دواتریش لەهۆڵی نەخۆشخانەکە چومە دەرەوە.کاتێك لە بەرامبەردەرگای چوونە دەرەوەی نەخۆشخانە سەرقاڵی ماڵئاوایی کردن بووم لە پاسەوانی نەخۆشخانەکە یەکێك زلە پەرستارەکان بە راکردن خۆی گەیاندە لام و نامەیەکی بچوکی دایە دەستم و وتی شەهلا ناردویەتی ، منیش نامەکەم خستە گیرفانم و ماڵئاوایم لە کابرای پاسەوان کردو لە نەخۆشخانەکە چوومە دەرەوە .

لەدەرەوەی نەخۆشخانەکە هەوایەکی ئازاد هەبوو کەگیانێکی تازەی پێبەخشیمەوە، هەستم دەکرد ژیان لەسەر تەوەری ئاسایی بەرەوپێش دەچێت وە هەر کەسە بەئیشوکاری خۆیەوە سەرقاڵ بوو، چەرخی گەردونیش هەروا دەسوڕاو چارەنوسی مرۆڤەکانی دادەڕشت، کۆمەڵە مرۆڤێك کە زۆربەیان بەتاڵیەکانی ژیان ئاشنا ببوون بەهەوڵی زیندوو مانەوەی خۆیان درێژەیان دەدا، بەلآم هەوڵێکی گەوجانە !

منیش پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆرم لەداتەپین و داچونی ژیان لەچواردیواری نەخۆشخانەدا بەسەربرد سەر لەنوێ گەڕامەوە بۆ نێو کۆمەڵە مرڤێك کەشانبەشانی یەك دەژیان، ناپاکیان لەگەڵ یەکدی دەکرد، لەیەکتریان دەدا، لەگەڵ یەکتر چاکەیان دەکرد، تۆڵەیان لەیەکتر دەسەندەوە..



Scanned by CamScanner

بەکورتی، لەپێناوی گەیشتن بەئامانجو مەرامە تایبەتیەکانیان وە تەنها لەپێناوی زیندومانەوە نەك ژیان گوزەراندن کۆمەڵێکی زۆریان کەتەنها بەناو مرۆڤن بەهەر کاروکردەوەیەك تەنانەت بەنابەجێترین شێوە هەڵدەستن. منیش پاش چەند مانگێك دابڕان لەکۆڕی ئەم مرۆڤە چاكو خراپانە سەرلەنوێ سەروو کەللەم لەناویاندا پەیدابوەوە لەکاتێکدا چارەنوس هەروا بەگەمەکانی خۆی لەگەڵ ژیانمدا درێژە پێ دەدا.



Scanned by CamScanner

# "٨"

ئەو شەوە دوبارە ڕۆشتمەوە بۆ ئەومیوانخانەیەی پێشتر تێیدا نیشتەجێ ببوم بەڵام کاتێك چوم ژوورەکەی پێشوم درا بوو بەکرێ لەبەرئەوە خاوەنی میوانخانەکە ژورێکی تری بۆ دابینکردم. ماوەیەك لەم ژورەدا گەڕام پاشان لەسەر لێواری قەڵەویرەکە دانیشتمو لەبیرکردنەوەدا داچوم. ژیانی رابردوو دەهاتەوە یادم، ماوەیەك بەداماوی گریام تاوەکو بەو هیوایەی بەم شێوەیە باری خەمێکی قورس کەلەسەر شانم بوو لابچێت بەڵام تەنانەت فرمێسکیش نەیتوانی دڵنەواییم بداتەوە. ڕەگەکانی خەم هەروا دڵیان دەگوشیم بەجۆرێك کەتەنانەت نەیاندەهێشت بۆ ساتێکی کەمیش ئارام ببمەوە. هەرلەو کاتەدا لەناکاو کەوتمەوە یادی نامەکەی شەهلاو پاشان لەگیرفانم دەرمهێناو دەستکرد بەخوێندنەوەی، بەڵام ئەو لەنامەکەیدا زۆر بەکورتی نووسیبوی کە:(دوێنێ دەستگیرانیەکەمان تێکچوو، ئەگەر دەتەوێت بمبینیت ئەوا ناونیشانەکەم ئەمەیە ..) چەند جارێك نامەکەم سەرو ژێرو ئەمدیواو دیو کرد بەڵام جگە لەوە هیچی تری تێدا نەنوسرابوو، لەکاتێکدا من لەگۆڕانی بۆچونەکانی ئەو سەبارەت بەمن سەرم سوڕمابوو نامەیەك کەشەهلا ناونیشانەکەی خۆی تێدا نووسیبوو



Scanned by CamScanner

قـەدمکردو خـستمە گیرفـانم تـاکو لـەکاتێکی گونجـاودا بـچم بـۆلای. لـەو کاتانـەدا بیرکردنەوەیـەکی لێـك ئاڵۆسـکاو هێرشـیان بـۆ مێـشکم هێنـابوو بەجۆرێك کەهەندێك کـات دەهاتـە بـیرم کەهـەر ئـەو شـەوە بـچم بـۆ مـاڵی شەهلا وە لەپێناوی ڕزگاربونم لەم بێسەرو سامانیەدا داوای لێبکەم بەهۆی لەیەك چونێك کە لەگەڵ روئیادا هەیبوو بەهاوسەری ژیـانی خـۆیم پەسـەند بکات بـەڵام هـەرزوو لـەم بیرکردنەوەیـە پەشیمان بومـەوە وە هەسـتێکی بێزاری سەرتاسەری گیانمی گرتەوە، سەبارەت بەوەش کەئەو بەڕادەیەکی زۆر لـەروئیا دەچـوو نیگـەرانی دەکـردم وە لەهـەمان کاتیـشدا لـەڕەفتارە ناشرینەکانیشی کەکاتێك لەنەخۆشخانە کەوتبوم هەستم بەتوڕەیی دەکرد بۆیە هەر بەو پێیە خۆم لەرۆیشتن بۆ ماڵی ئەو لەو شـەوەدا دوور گـرت وە ئــەم بابەتــشم بەشـێوەیەکی هەڵپەسـێراو تـاوەکو بڕیارەکـانی داهـاتوو هێـشتەوە، پاشــان بەبیرکردنەوەیــەکی خــۆ هەڵخەڵەتێنەرانــە لەســەر قەرەوێڵەکـە ڕاکـشامو جگەرەیـەکم داگیرسـاند بـەڵام بـەهۆی ئـەوەی کەتەواوی ئەو ڕۆژە لەگەڕاندا بووم جەستەم بەتەواوی پەکـەر ببـوو، بۆیـە جگەرەکەم هەر بەنیوەیی کوژاندەوەو پاش کەمێك خەوم لێکەوت. بەیانی ڕۆژی دواتــر درەنــگ تــر لــەو کاتانــەی کەبەشــێوەیەکی ئاســایی لەنەخۆشـخانەدا تێیـدا لەخـەو هەڵدەسـتام بـەئاگا هـاتمو پـاش کـەمێك لەجێگەکەم هاتمە دەرەوەو دوای شتنی دەموچاوم نـانی بـەیانیم خـواردو ئـەوکات لەمیوانخانەکـە هاتمـە دەرەوە وە بڕیاریـشمدا سـەرێك لەشـەقامە چڕوپڕکانی شار بدەم تاوەکو پاش ئەو ماوەیەی لەنەخۆشخانەدا کەوتبوم حەوانەوەیەك بکـەم، هـەر بـەم هۆیـە سـەرەتا چـوم بـۆ شـەقامی نـادری‌و پاشان دوای ئەوەی کەبەشەقامی ئیسلامبول دا تێپەڕیم چووم بۆ شەقامی لالـەزار، لـەوێ ڕیـز بەسـتنی دورو درێـژی ئوتۆمبیلـەکان کەبەهێواشـی جوڵەیان دەکرد وە چڕوپڕی خەڵك لەبەرامبـەر دوکانەکانـدا وە قـەرەباڵغی شۆسـتەکان‌و دەنگــی هــاواری فرۆشـیارە دەسـتگێڕەکان لەڕاسـتیدا



Scanned by CamScanner

کەماوەیەکی تا ڕادەیەك دورودرێژ لەژینگەی ئارامی نەخۆشخانەدا بەسەرم بردبـوو لای مـن ببـوە مایـەی تاموچـێژ. ماوەیـەك بـەناو جـەنجاڵی ئـەم خەڵکانەدا گەڕام تاوەکو سەرئەنجام بۆ کات بەسەربردن بڕیارمـدا بـچم بـۆ سینەما، هـەر لەسـەر ئـەم بڕیارەشـم لەبـەردەم شـوێنی فرۆشتنی بلیتـی سـینەمایەك کەئـەویش کـەوتبووە شـەقامی لالـەزار وەسـتام بـەڵام لەبەرئـەوەی ئـەو کاتـە زۆر زوو بـوو بـۆ نیـشاندانی فیلمەکـە بلیتیـان نەدەفرۆشـتو منـیش کەوتمـە تەماشـاکردنی وێنـەکانی نـاو ویترینـی سینەماکەو پاشانیش چووم بۆ شەربەت فرۆشیەك بەخەیاڵی ئـەوەی تـاکو فرۆشتنی بلیتـەکان دەسـت پێـدەکرێت شـەربەتێك بخۆمـەوەو کـەمێکیش کات بکوژم، بـەڵام جـارێ شـەربەتەکەم نـەخواردبوەوە بەتـەواوی لـەناکاو یـەکێك دەسـتی کێـشا بەشـانمدا. کاتێـك ئـاوڕم دایـەوە حەمیـدم بینـی کەلەگەڵ کچێکدا بوو ئەوکات باوەشمان بەیەکدا کـردو یـەکترمان ماچـکرد وەپاش کەمێك حەمید کچی ناوبراوی پـێ ناسـاندم کەئـەویش یـەکێك بـوو لەخزمەکانی.

من لەبینینی حەمید زۆر خۆشحاڵ بووم بەڵام لەبەرئەوەی کەپاش هاتنە دەرەوەم لەنەخۆشخانە بارودۆخێکی باشم نـەبوو لەهەمانکاتیـشدا بڕێکـی زۆر پارەی حەمیـد قـەرزاربوم نـەمتوانی بـچم بـۆلای حەمیـد وە هـەر بـەم شێوەیەش لەوەڵامی گلەییەکانی ئەودا لەبەرئەوەی کچەکەی لەگەڵدا بـوو هیچ قسەیەکم نەکردو حەقیشمدا بەئەو.

پاشان حەمید داوایـەکی زۆری لێکـردم کەپێکـەوە بـێن منـیش داواکـەیم پەسەندکردو ئەوکات سـواری تاکسییەك بـوین ، حەمیـد کـچەکەی خزمـی بردەوە بۆ ماڵی خۆیان وە پاش ئەوەی کچی ناوبراو ڕۆیشت حەمید کەوتە گلەییکردنی بەردەوامی خۆی سەبارەت بەوەی کەبۆچی نەچوم بۆ ماڵیـان وەبەمـشێوەیە بـەدەم گلەییـەکانی حەمیـدەوە بـەرەو شـەقامی پەهلـەوی بەڕێکەوتین وە لەوێ لەسەر داوای حەمید چوین بـۆ ڕیـستۆرانتێك و لـەوێ



Scanned by CamScanner

حەمید داوای خواردنی کرد.من لەماوەی ئامادەکردنی خواردنەکەدا ئەوەی بەسەرم هاتبوو بەکورتی بۆ حەمیدم گێڕایەوە, پاش ئەوەی کەنانەکەمان خوارد ماوەیەك بەبێ دەنگی بەسەرچوو پاشان حەمید لەکاتێکدا کەبەوردی تێی دەڕوانیم بێ هیچ پێشەکییەك وتی: (بەهمەن, بەڕاست لەو ماوەیەدا کە لەنەخۆشخانە کەوتبوی هیچ ڕۆژنامەت دەخوێندەوە؟).

"نا, زۆر بەکەمی".

کەمێك بێدەنگ بوو وەپاشان لەکاتێکدا کە لەدەربڕینی بابەتێك دوودڵ بوو وتی.."دەمەوێت ئەوەت لێ پرسم کەئایا تۆ ئێستاش هەر وەکو پێشوو روئیات خۆشدەوێت؟"

"بێگومان, هەرچەندە کەئەو منی فەرامۆش کرد بەڵام من هەمیشە ئەوم لەیادایە"

"دەمەوێت شتێك لەبارەی روئیاوە کەبێگومان لێی بێ ئاگایت پێت ڕابگەیەنم بەڵام سەرەتا دەبێت بەڵێنم پێ بدەیت کەنیگەران نەبیت."

منیش بیرم کردەوەو وتم لەوانەیە لەبارەی شوکردنەکەی روئیا بەئەحمەدەوە قسە بکات بۆیە بەڵێنم پێدا کەلەبەرامبەر قسەکانی ئەودا هیچ نیگەران نەبم.

دوبارە بێ دەنگ بووەوە, هەروەکو بڵێیت بترسێت قسە بکات بەڵام من کەخەیاڵم بەلای بابەتی شو کردنەکەی روئیادا دەچوو سەر لەنوێ بەڵێنم پێدایەوە کەنیگەران نەبم وە تەنانەت ئەمجارەیان سوێندیشم بۆ خوارد.

بەشێوەیەکی باوەڕنەکردن بەو بەڵێنەی پێم دابوو تەماشایەکی کردم وە پاشان لەکاتێکدا هەوڵی دەدا ئارامی خۆی بپارێزێت ماوەیەك لەبارەی مردن و ژیانی مرۆڤو وە لەوەی کەسەرئەنجام هەمومان دەبێت خۆمان بۆ مردن بدەین بەدەستەوە قسەیکرد وەمن کاتێك زانیم کەئەو لێوارە ڕەوی دەکات وە بەخەیاڵی ئەوەی کەدەیەوێت بەم شێوەیە قسەکان بکێشێتە سەر ڕودانی شوکردنەکەی روئیا من جارێکیتر سەر لەنوێ سوێندم بۆ



Scanned by CamScanner

خواردەوە کەنیگەران نابم وە لەهەمان کاتیشدا داوام لێکرد واز لەلێوار ڕەوی بهێنێت و ناوەڕۆکی بابەتەکە بخاتە ڕوو.

ئەمجارەیان بەدوودڵییەوە وتی:

ماوەیەک لەمەوبەر کاتێک لەماڵەوە سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆژنامە بوم لەناکاو چاوم بەوێنەی روئیاو گەنجێک بەناوی ئەحمەد کەوت.

قسەکانیم بەپێکەنینەوە پێ بڕی و وتم:

"بێ گومان نووسرابوو کە ئەم دوانە بونەتە هاوسەری یەکتری!"

"نەخێر، نووسرابوو.., بەنیگەرانیەوە دیسان بێدەنگ بووەوە !"

ووتم:

"چی نووسرابوو؟"

"نووسرابوو.. ئەوان لەکارەساتێکی ئۆتۆمبیلدا گیانیان لەدەست داوە!!"

بەماتی و پەرێشانییەکی زۆرەوە وتم:

"مردوون !؟" واتە روئیا مردووە.

"بەداخەوە دەبێت بڵێم بەڵێ. بەڵام بەشانازیەوە مرد.."

بەبیستنی ئەم هەواڵە ناکاوە زۆر بەتوندی غەمگین و نیگەران بوم وەسرپ بونێکی توند سەرتاسەری بونمی گرتەوە.

تەواوی لەشم بەئاشکرا دەلەرزی و ددانەکانم دەدران بەیەکتردا. دەمویست بەتەواوی بونمەوە بگریم و هاواربکەم بەڵام لەوکاتانەدا تەنانەت فرمێسکەکانیشم وشکیان کردبوو.

بەسەختی لێوم جوڵاندو لەحەمیدم پرسی :

"ئاخر چۆن چۆنی مرد؟"

پاشان بەبێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکەم درێژەم بەقسەکانم یاو وتم:

"نا، هەرگیز باوەڕ ناکەم"



Scanned by CamScanner

ئـەوکات دەسـتم بەدەموچاومەوە گـرتو بەناڵەیـەکی کپـەوە ڕوم کـردە حەمیدو وتم:

من چەندە مرۆڤێکی شومو بەدبەختم, چەندە بێ چارەم!

حەمیـد کاتێـك حـاڵی منـی زۆر بەپەشـێوی بینـی کەوتـە دڵنـەواییم وە داواشی لێکردم لەپێناوی پاراستنی ئارامی ڕیستورانەکەدا دەست بەسەر خۆمدا بگرم, منیش لەبەرئەوەی کەبەڵێنم پێ دابوو وە لەهـەمان کاتیشدا سـوێندم خواردبـوو نیگـەران نـەبم لەگـەڵ ئـەو هـەموو غەمـە گەورەیـەی هەمبوو هەرچۆنێك بوو هەوڵمدا دەست بەسەر خۆمدا بگـرم و ئـەو کـاتیش داوام لەحەمیـد کـرد ڕوداوەکـانم بەشـێوەیەکی ئاشـکراترو ڕونـتر بـۆ بگێڕێتــەوە, ئــەویش لەکاتێکـدا بەغــەمو پەژارەیــەکی زۆرەوە ســەری دەجوڵاند ڕوداوەکەی بەمشێوەیە بۆ گێڕامەوە:

ماوەیـەك لەمەوبـەر شـەوێکیان کاتێـك خـەریکی هەڵدانـەوەی لاپـەڕەکانی ڕۆژنامەیەك بووم لەناکاو لەبەشی ڕوداوەکانی ئەم ڕۆژنامەیـەدا چاوم کـەوت بەوێنـەی ئەحمـەدو روئیـا کەلەژێریانـدا نوسـرابوو "دوو دەسـتگیرانی گـەنج کەسەرگەرمی بەرپاکردنی مەراسیمی هاوسەری بوون لەکارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلەکەیانـدا لـەجادەی شـیراز گیانیـان لەدەسـتدا" بـەو جـۆرەی کەلەڕۆژنامەکـەدا نووسـرابوو وە هـەواڵنێرەکان کەلەشـیرازو ئەسـفەهانەوە هەواڵەکەیان ئامادەکرد بـوو ئـەوەیان نیشان دەدا کەگوایـە ئۆتۆمبیلەکـەی ئەوان لەکاتێکدا کەروئیا شۆفێرییەکەی کردوە بەهۆی هۆکـارێکی نادیارەوە لەناوەڕاستی جادەی شیرازـئەسفەهاندا دەکەوێتە شـیوێکەوەو دەستبەجێ ئۆتۆمبیلەکەش ئاگری تێبەردەبێت وە بـەم شـێوەیەش هـەر لەوێـدا هـەردوو سەرنشینی ئۆتۆمبیلەکە گیان لەدەست دەدەن.

کـارزانی هونـەریش کەدیـداری لەشـوێنی کەوتنـەوەی ڕوداوەکـە کـردوە هۆکاری ئەم ڕوداوەی گەڕاندۆتـەوە بۆ خێرایی لەڕادەبەدەرو کەمتەرخـەمی شۆفێرەکە.

دیاره لەگەڵ سەرنجدان بەو هەواڵەی لەڕۆژنامەکەدا نوسراوە ئەو ئۆتۆمبیلە کەڕوئیاو ئەحمەدی تێدابووە بەهۆی خێرایی زۆرو نەبونی دیقەتی شۆفێرەکەوە بووە کەوتۆتە ناو شیوەکەوە وە هەر لەوێشدا دەستبەجێ گیانیان لەدەستداوە بەڵام نامەیەکیش کەسێ ڕۆژ پاش بڵاوبونەوەی ئەم هەواڵە بەدەستی من گەیشت ڕاستییەکی تاڵی ئاشکرا کرد.

پاش ئەوەی ئەم نامەیەم خوێندەوە وە نوسەرەکەشی جگە لەروئیا کەسیتر نەبوو بۆم دەرکەوت ئەم ڕوداوە بەهیچ شێوەیەك بەڕێکەوت نەبووە بەڵکو بەدەستی ئەنقەست ڕویداوە.

ئەم نامەیە روئیا پێش ئەوەی لەشیراز بڕوات بەناوی منەوە ناردبوی وە کاتێکیش نامەکەم کردەوە بۆم دەرکەوت پەیوەندی بەتۆوە هەیە بەڵام لەبەرئەوەی من هیچ زانیاریەکم سەبارەت بەتۆ نەبوو بەناچاری لای خۆم هێشتمەوە.

لەو کاتەدا حەمید دەستیکرد بەگیرفانی لا تەنیشتیداو نامەیەکی قەدکراوی دەرهێناو دایەدەستم, منیش بەخێرایی نامەکەم کردەوەو دەستمکرد بەخوێندنەوەی.

روئیا لەم نامەیەدا پاش سڵاوکردن‌و هەواڵ پرسین نوسیبوی:

بەهمەنی خۆشەویست,

ژیان درەنگ بێت یا زوو کۆتایی پێ دێت وە ئێمەش ڕۆژێك لەڕۆژان هەردەبێت بمرین, مردن ئینکاری لێ ناکرێت و ئێمەش لەم دنیایەدا دەبێت هەموو شتێك لەقالبی فەنابوندا ببینینەوە.

تەنانەت خۆشەویستیش بەو هەموو گەورەیی‌و شکۆدارییەیەوە دەبێت ڕۆژێك لەڕۆژان هەر کۆتایی پێ بێت.



Scanned by CamScanner

ئەوانەی کەخۆشەویستی ڕاستەقینەن بیرەوەریەکی نەمری خۆیان بەیادگاری دەهێڵنەوە, منیش پێم خۆشە کەخۆشەویستییەکەی ئێمەش بەم شێوەیە بێت.

من لەنامەی پێشوتردا لەگەڵ ئەوەشدا داوام لێ کردبویت درێژە بەژیان بدەیت لەهەمان کاتیشدا ئەوەشم پێ ڕاگەیاندیت کەمن بوم بەدەستگیرانی ئەحمەد. بڕیاریش وایە بەم زوانە بچین بۆ تاران و سەردانی هەندێك لەخزم و کەسەکانمان بکەین وە پاشانیش بۆ هاوسەربونەکەمان بچین بۆ یەکێك لەشارەکان بەلام من تەنانەت لەوەش کەلەشەوی بوکێنیەکەمدا بەجلوبەرگی سپییەوە کەئەویش هی فریشتەکانی ئاسمانە لەتەنیشت ئەحمەددا بم پەستو نیگەرانم.

لەوانەیە تۆ تا ئەمڕۆش وابیرت کردبێتەوە من لەو پەڕی بێوەفاییدا ئەحمەدم لەجێی تۆ هەڵبژاردوە تا ژیانی داهاتومی لەگەڵدا بەرمە سەر بەلام دڵنیابە لەوەی کەئەحمەد هەرگیز بەو ئارەزوەی ناگات چونکە بڕیارم داوە کەیان دەبێت لەتەنیشت تۆدا ژیان بەسەر بەرم یان دەبێت خاك چاوەڕوانم بێت, وە ئێستاش کەناتوانم لەتەنیشتی تۆدابم و پێکەوە بژین مردنم هەڵبژاردوە, نازانم چۆن وە بەچ ئامرازێك خۆم لەشەڕی ژیانی نەگبەت و پڕ نەهامەتی دەبێت ڕزگار بکەم بەلام بەهەرحاڵ هەر چۆنێك بووە بەم کارە هەڵدەستم وە دڵنیاش بەمن کاتێك ئەم نامەیەت بۆ دەنێرم کەلەچەند کاتژمێرێك زیاتر ماوەم نامێنێت بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکەم وە کاتێکیش نامەکەت بەدەست دەگات کەمن ئیتر زیندونییم.

بەلام هەر بەوجۆرەی لەنامەکەی پێوشدا نوسیبوم ڕازی نییم کەتەنانەت بۆشم بگریت وە ئەگەر دەشتەوێت دڵم لێت ڕازی بێت ئەوا بەخۆشەویستییە گەورەکەمان سوێندت دەدەم ئەگەر دڵت بەلای هەر کچێکدا چوو لەپێناوی تازەکردنەوەی بیرەوەرییەکانی



Scanned by CamScanner

خۆشەویستییەکەماندا خۆشت بوێت چونکە من دڵنیام لەوەی کەئەگەر بەم شێوەیە نەبێت گیانم ئارامیو ئاسایش بەخۆوە ناگرێت.

بەهمەن..

من دەزانم تۆ لەپێناوی ئاسودەیی گیانی مندا بەم کارە هەڵدەستیت. بەهەرحاڵ من تکام وایە کەکردەوەیەك ئەنجام نەدەیت کەگیانی من بۆ هەمیشە لەئازارو ئەشکەنجەدا بێت, من دەمەوێت تۆ درێژە بەژیانت بدەیت وە بۆ هەموو لایەك بسەلمێنیت هەرچەندە زۆر بەنامەردانە پەڕوباڵیان شکاندیت بەڵام سەر لەنوێ لەسەر پێی خۆت وەستایتەوە.

لەراستیشدا ڕوداو کارەساتی وا لەژیانـدا دەکەوێتەوە کەمرۆڤ لە مافی یاسایی خۆی بێبەش دەکات وە ئەم بێ عەدالیەتەش لەهەموو لایەنێکی ژیاندا بەدی دەکرێت ، هۆکاری سەرەکی هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتو پارەو پایە بەڵام بەهمەنی ئازیز دڵنیابە کەعەدالەتی خواوەند. بەسەر هەموو یاساکانی تردا سەرکەوتوە ،ئەوانەش کە لەپێناوی دوو ڕۆژ ژیانی ناپایەداردا هەموو کەسێكو هەموو شتێك دەکەنە قوربانی بەرژەوەندیە تایبەتییەکانی خۆیان دەبێت ئەوە بزانن کەئەوانیش ڕۆژێك کەزۆر دور نییە مردن بەسۆراغیان دێتو ئەوکات بیانەوێتو نەیانەوێت دەبێت بەناچاری وە بەغەمو خەفەتێکی زۆرەوە ماڵئاوا لەژیان بکەن بەڵام بێگومان جێگەو شوێنەواری کاروکردەوە ناپەسەندو نا شایستەکانیان بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە, بنەماڵەکەی منیش پاش مردنم ناچار دەبن کەبەرگەی ئەم عەیبەیان بگرنو لەگەڵیدا بژین چونکە لەڕاستیدا ئەوە ئەوان بوون منیان کردە قوربانی کردەوە گەوجو نەفامەکەی خۆیانو ناچاریان کردم کەخۆم بخەمە باوەشی مەرگەوە وە لەهەمان کاتیشدا من بێئەوەی کەخۆم بۆ خواستو ویستەکانی ئەوان بدەم بەدەستەوە بەشانازییەوە بەرەو پیری مەرگ دەچمو دەمرم.



Scanned by CamScanner

بەهمەن گیان با لەوەندە زیاتر سەرت نەئێشێنم بۆیە لەکۆتایدا هیوای سەرکەوتن‌و خۆشبەختیت بۆ دەخوازم، ئێستا نازانم لەچ کاتژمێرێکدا وە بەچ ئامرازێك بڕیارەکەی خۆم بەکردەوە دەسەلمێنم بەلاّم بەهەرحالّ لەوە بێگومانم کەئەم نامەیە پاش مردنم بەدەستت دەگات.

لەیادیشت نەچێت کەمن لەنامەکەدا بەڵێنم لێ وەرگرتویت کەتۆ نابێت تەنانەت بچوکترین کاردانەوەش لەپاش مردنم لەخۆتدا نیشان بدەیت چونکە بەو شێوەیە کەسانێك کەلەپەیوەندی نێوان من‌و تۆدا ئاگادارن دەڵێن بێگومان لەنێوان ئەم دوانەدا نهێنییەکی عەیبدار هەبووە وە منیش لەتاوی ئەوەی کەبەدناو نەبم هەستاوم بەکوشتنی خۆم.

بێگومان تۆ حەز بەبێ ئابڕوبوونی من ناکەیت دڵنیام.

ئێتر ئازیزەکەم ئەوا منماڵئاوایی هەمیشەیت لێ دەکەم وە لەبەرئەوەش من لەبۆچونی خەڵکدا دەستگیرانی کەسێکی ترم تکام وایە کەپاش ئەوەی نامەکەت خوێندەوە بیسوتێنە.

کەسێك کەهەرگیز لەیادت ناکات "روئیا".

پاش ئەوەی نامەکەم خوێندەوە لاشەم یەك پارچە بوو بەسەهۆڵ. ئێستا هەموو شتێك بۆ من ئاشکرا بوو، روئیا لەپێناوی پایە دارمانەوەی خۆشەویستییەکەماندا کاتێك کەلەتەنیشت ئەحمەددا شۆفێری ئۆتۆمبیلەکەی لەئەستۆدا بووە بەدەستی ئەنقەست ئۆتۆمبیلەکەی بۆ قوڵایی شیوێك کێش کردوە وە بەمەرگی خۆی‌و ئەحمەدیش وەفادارییەکەی خۆی سەلماندوە.

ئەو لەپێناوی بەڵێنێك کەلەبارەی خۆشەویستییەکەمانەوە دابوی وە بەحورمەتی دۆستییەکەمان پێچەوانەی ئەوەش کەمن ئەوکاتە بیرم لێ دەکردەوە گیانی خۆی بەختی خۆشەویستییە هەتا هەتاییەکەمان کرد.

ئەو هەر بەو شێوەیەی لەنامەکەدا نووسیبوی لەم ژیانە نەگبەتبارو پڕ نەهامەتییەدا خۆی دەرباز کردبوو بەرەو ئاسایشی هەمیشەیی ڕۆشت



Scanned by CamScanner

بـەڵام مـن ئێـستا لەسـەر ویـستی ئـەو سـزاداربوم بـەوەی کەبەزینـدویی بمێنمەوە.

هەروەکو بڵێیت دەنگی ئەوم لەتەواوی بونمدا دەبیست کە هاواری دەکرد.

"گوڵی جـوانم ئەگـەر سـەد ساڵیش پـاش مـردنم گۆڕەکـەم بکەیتـەوە و دڵمـی تێـدا مابێـت ئـەوا دەبینیـت کەلەسـەری نوسـراوە تـەنها تـۆم خۆشدەوێت"

بەڕاسـتی مـرۆڤ لەبەرامبـەر کارەسـاتو ڕوداوەکـانی ژیانـدا چـەندە لاوازە، لەبەرامبـــەر خۆشەویـــستی ڕاستەقینەشـــدا چـــەندە بـــێ دەسەڵاتە.

مرۆڤ هەر کاتێك مەشخەڵێك لەخۆشەویستی ڕاسـتەقینە دادەگیرسێنێت هەر زوو توندە بایەکی ڕوداوەکـان بەشـێوەیەك دەیکوژێنێتـەوە. روئیـاش هـەر بـەوجۆرە مەشـخەڵێك بـوو لەخۆشەویـستی بـەمردنی بـۆ هەمیـشە کوژایەوە.

منیش ئێستا لەوپـەڕی تـاریکی ژینـە شـێواوەکەمدا ماومەتـەوە تـاوەکو ئەوکاتەی کەمنیش ڕۆژێك لەڕۆژان لەتاریکی مەرگدا دادەچم.

سـوێندبێت بەخواوەنـد مـن ئەوکاتـە تـەنها ئـارەزووی مـردنم دەکـرد وە دەمویـست بمـرم و تاکۆتـایی تەمـەنم رەنـج و تـاڵی نەچـێژم بـەڵام کـاتێ دەکەوتمـەوە یـادی نووسـراوەکانی روئیـا دەکەوتمـە دڵدانـەوەی خـۆم و هەوڵیشم دەدا وشەی مەرگ هەر لەبناغەوە فەرامۆش بکەم تا بەوشـێوەیە بتوانم ڕێزێك بۆ خواستەکەی روئیا دابنێم.

نـازانم روئیـا بۆچـی بیرێکـی لـەحاڵو گـوزەرانی منـیش نـەکردەوە؟ وە بۆچی منی پاش خـۆی بـەمجۆرە بەتـەنیا جێهێـشێتو دەیویـست تـاوەکو کۆتایی تەمەنم ڕەنجو ئازار بچێژم.

من لەوکاتە دەردناکانەدا دەمتـوانی چی بکـەم مـن کەخۆشەویـسترین خۆشەویستی ژیانم لەدەستدابوو بۆچی دەبوایە زیندوبمامایەوە؟



Scanned by CamScanner

بەڵام وەڵامێکم بۆ ئەم پرسیارە نەدەدییەوە جگە لەوەی کەهەر بەو شێوەیەی کەئەو داوای کردبوو زیندو بمێنمەوەو ڕەنجو ئازار بچێژم تا ئەو کاتەی منیش خامۆش دەبمو بەو دەگەم.

کاتێك بەم بیرکردنەوەیە گەیشتم لەناکاو بەدەنگێکی بەرز کەوتمەوە گریان بەڕادەیەك هەموو ئەوانەی لەدەوری مێزەکەی ئێمە دانیشتبوون سەرنجیان بەلای ئێمەدا کێش، کرا.

حەمید کاتێك بارودۆخەکەی بەو شێوەیە بینی دەستی خستە ژێر باڵمو پاش ئەوەی پارەی خواردنەکەیدا لەڕیستۆرانەکە چوینە دەرەوە.

هیچ شتێك لەگەڵ پێشودا جیاوازی پەیدا نەکردبوو جگە لەخۆم کەبێچارەو کەساس ببووم وە لەو شەوقو چالاکییەی کەکاتژمێرێك لەوەو پێش هەمبوو هیچ شوێنەوارێك نەدەبینرا.

دڵم بەسەختی گیرابوو وە چاوە کانیشم ڕەشکەو پێشکەیان دەکرد، لەوانەیە بڵێم ئەگەر حەمیدم لەگەڵدا نەبوایە لەچەندین جێگەدا کەهاوسەنگی خۆم تێدا لەدەست دابوو دەدرام بەزەویدا.

هەستو نەستی گیانم لەگەڵ یەك کاتژمێری پێشوتردا هێندەی زەمینو ئاسمان جیاوازی پەیدا کردبوو وە ئاواتم دەخواست و دەموت خۆزگە هەرئەو شەوە کەس بەهانامەوە نەهاتایەو نەیانبردمایە بۆ نەخۆشخانە وە هەر لەگۆشەیەکی مەیخانەکەدا بمردمایە بەڵام بەداخەوە کە بەو شێوەیە نەبوو.

پاش مردنی روئیا ئیتر ژیان نەیتوانی هیچ نرخێکی هەبێت، مردنی ئەو بەم شێوە نەبەردانەیە جارێکیتر هەستی خۆشەویستی گەورەو شکۆداری لەمندا زیندوو کردەوە وەبۆم دەرکەوت کەتەنانەت لەم زەمانەیەشدا کەسانێك هەن لەپێناوی خۆشەویستی ڕاستەقینەدا گیانی شیرینی خۆیان بەخت دەکەن.



Scanned by CamScanner

رونیا مردو دڵی منیش بۆ هەمیشە شکا وە سەبارەت بەوەش کەمن دەبوایە پاش ئەو زیندو بمامایەوەو ئەم بابەتەش بەتەواوی نیگەرانی دەکردم.

من هەر دەگریام‌و حەمیدیش بەردەوام دڵنەوایی دەکردم, نازانم چۆن ئەو ڕێگایەم بەسەر برد بەڵام بەتەواوی ئاگام لەوە بوو کەحەمید زۆر بەوردی چاودێری دەکردم.

حەمید زۆر پێی لەسەر ئەوە داگرت کەمن نابێت بچمەوە بۆ میوانخانەکە وە بەم شێوەیە ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵی ئەوان‌و لەوێ شەوم بەبەیانی گەیاند.

تەواوی ئەو شەوە بێداربووم وە یادگارییە خۆشەکانی ڕابردوم دەهێنایەوە یادی خۆم بەڵام ئەم بیرکردنەوانە ئەوەندە دڵیان تەنگ کردم کەخەریك بوو شێت ببم.

نزیکی بەرەبەیان بوو حەمید کاتێك بینی لەبارودۆخێکی یەکجار نیگەران‌و پەشێودام هەستا دوو دەنك حەبی خەوی بەزۆر دامێ وە پاش خواردنی ئەم حەبانە زۆری پێنەچوو خەوم لێکەوت, خەوێکی قوڵ‌و دەردناك.........



Scanned by CamScanner

"٩"

زەمانە بەبێ وەستان بەسەر دەچوو, هەستو نەستی نا ئارامی منیش هیچ جۆرە گۆرانکاریەکی بەسەر نەهاتبوو, تەنانەت بەسەرچونی رۆژگارەکانیش نەیانتوانی بوو ڕودانی مردنەکەی روئیام لەیاد بەرنەوە, زۆربەی کاتی ڕۆژانە بیرم لەروئیاو کردەوە بێ باكو دلێرانەکەی دەکردەوە وەلەو یادگاریە خۆشانەی کەلەگەڵ ئەودا هەمبوو بیرم دەکردەوە, سەبارەت بەوەش کەپاش ئەو مەن بڕیاری زیندومانەوەم بەسەردا سەپێنرابوو زۆر نیگەران بووم بەڵام بەداخەوە کەجگە لەسووتانو گونجان چارەیەکی ترم نەبوو.

لەپاڵ ئەو خەمۆ نیگەرانیە دەرونییەشدا کە بەهۆی مردنی روئیا تووشم ببوو بێ ئیشیش بەتەواوی خستبومیە ڕەنج و ئازارەوە وە ئیتر ڕوی ئەوەشم نەبوو پارە لەهیچ کەسێك قەرز بکەم, بۆ ئەوەش کەخۆم سەرگەرم بکەم هەولێکی زۆرم خستەوە گەڕ بەهیوای ئەوەی بتوانم ئیشێك پەیدا بکەم وە بڕیاریشمدا هەر ئیشێکی شەرافەت مەندانەم پێشنیاز بکرێت ئەوا بێ وەستان دەستی بدەمێ وە بەم شێوەیەش لەلایەکەوە خۆم سەر گەرم دەکرد وە لەلایەکی تریشەوە خەرجی ڕۆژانەم دابین دەکەم.



Scanned by CamScanner

لەبەرئەوەش لەپەیداکردنی ئیش لەدامەزراوە میللیو دەوڵەتییەکان بێ هیوا بوم کەوتمە بیری ئەوەی سود لەبڕوانامەی شۆفێرییەکەم وەربگرم تەنانەت بەمشێوەیەش نەمتوانی لەهیچ جێگەیەکدا دابمەزرێم وە بۆ هەر جێگەیەك کەدەچوم تەنها یەك وەڵامیان دەدامەوە ئەویش بریتی بوو لە:
(کاری دامەزراندنی ئێمە تەواو بووە, ئیتر پێویستیمان بەکەسی تر نییە).

کاتێك لەهەموو جێگەکان نائومێد بوم بەڕێنمایی بەڕێوەبەری نووسینگەیەك بەڵگەنامەی خوێندنەکەمو بەرگێك لەبڕوانامەی شۆفێرییەکەم لەگەڵ داوا نامەیەکدا بۆ ئیشێکی گونجاو برد بۆ وەزارەتی کار.

لەڕێرەوی وەزارەتەکەدا کۆمەڵێکی زۆر بەچاوەڕوانی وەستا بوون منیش چومە ریزەکەوەو لەدوای هەموویانەوە سەرەم گرت, بەمشێوەیە ماوەیەکی زۆر بەسەرچوو تاوەکو سەرە بەمن گەیشت وەکاتێك کەویستم بچمە ژورەوە کارگوزارەکە بەری لێگرتمو بەتوڕەییەکی تەواوەوە وتی:
"کاکە, جارێ سەرەی تۆ نییە !".

پاشان وە لەکاتێکدا کەبەچاو ئاماژەی بۆ گەنجێك دەکرد کەئەویش لەتەنیشتی مندا وەستا بوو وەمن تا ئەوکاتە ئەو گەنجەم لەریزەکەدا نەبینی بوو, وتی: (سەرەی ئەمە نەك تۆ !).

قسەکانی ئەم کارگوزارە منی خستە ئەوپەڕی توڕەییەوە, بەهاتو هاوارەوە کەوتمە ڕەخنەگرتن لەکابرای فەرمانبەر.

بەدەنگ هاتو هاوارەکەی منەوە یەکێك لەکارمەندەکانی وەزارەتەکە لەژورەکە هاتە دەرەوە, لەکاتێکدا بەتوڕەییەکی زۆرەوە تەماشای منی دەکرد وتی:

(ئەم هاتو هاوەرەت لەچییە کاکە ؟).



Scanned by CamScanner

كارگوزارەكە چووە پێشەوەو وە لەكاتێكدا كەبەشێوەیەك منی نیشان دەدا كەهەروەكو ئەو لەسەر حەق بێت بۆ كارمەندی ناوبراوی ڕون دەكردەوە كەلەبەر ئەوەی سەرەی من نەبووە وەمن ویستومە بەزۆر بچمە ژورەوە ئەو بەرگری لێكردووم بەمشێوەیە منیش لەخۆمەوە دەستم كرد بەهاتو هاوار.

لەدرۆكانی كابرای كارگوزار زۆر تورەبوم بەڕادەیەك كەخەریك بوو لەداخاندا شێت ببم.

لەكاتێكدا لەزۆری تورەبونەكەمدا دەلەرزیم لەچەند كەسێك كەلەسەرەكەدا وەستابونو ئاگاداری ڕوداوەكە بوون داوای شاهدیم لێكردن تاوەكو بۆ كارمەندی ناوبراو بسەلمێنم كەحەق بەمنە وە قسەكانی كابرای كارگوزاریش دورە لەهەموو ڕاستییەك بەلام هیچ یەكێك لەوان لەترسی ئەوەی كەنەوەكو و كابرای ناوبراو ببێتە كۆسپ لەبەر ئیشەكەیاندا ئامادەیی ئەوەیان نەبوو كەلەم بارەیەوە ڕاستییەكان بخەنە ڕوو.

كاتێك زانیم ئەم كۆمەلە وەرەی وتنی هیچ قسەیەكیان نییە بەنیگەرانییەوە كارمەندی ناوبراوم لەهۆی ترسەكەی ئەوان سەبارەت بەئاشكراكردنی ڕاستییەكان ئاگادار كرد وە لەهەمان كاتیشدا پێم ڕاگەیاند كەئەم كابرایە بەوەرگرتنی بەرتیل موراجعەكان بەبێ سەرە دەكاتە ژورەوە بەلام من لەبەرئەوەی كەئامادەنەبوم هیچ جۆرە بەرتیلێك بدەم وە بەهەمان شێوەش پارێزگاریم لەمافی ڕەوای خۆم كردوە ئەو لەبەر ئەم هۆكارانە ئەم قیڕەو هەرایەی بەرپاكردوە قسەكانم كاردانەوەیەكی پێچەوانەی لەكارمەندی ناوبراودا دروست كردو بەجۆرێ كەئەو لەپڕ یەخەی گرتمو دامی بەگۆشەیەكدا, ئەوكات فەرمانیدا كەچەند كاغەزێك ئامادە بكەن وەهەر ئەوەندە تاكاغەزەكانیان ئامادە كرد ئەوان كۆبونەوەیەكی سەر پێیان ئەنجامدا سەبارەت بەوەی كەمن سوكایەتیم بە

Scanned by CamScanner

کارگوزارێکی شەرافەتمەند کردوە وە لەکاتی ئەنجامدانی کاروبارەکانیدا درۆم خستۆتە پاڵی و لەهەمان کاتیشدا شیرازەی وەزارەتەکەم شێواندوە.

کاتێك بارودۆخەکەم بەو شێوەیە بینی ئیتر هیچ قسەیەکی ترم نەکرد وە تەنانەت لەهاتنیشم بۆ بەدەستهێنانی ئیشێك بۆ ئەم وەزارەتە زۆر پەشیمان بومەوە.

ئەوان پاش ڕێکخستنی لیژنەیەك دایانمە دەست بنکەیەکی پۆلیس وە لەوێش ئەفسەرە چاودێرەکە بێئەوەی هیچ گرنگییەك بەقسەکانم بدات دۆسیەیەکی لەسەر بنەمای لیژنەکە ڕێکخستو بەمشێوەیە دایانمە دەست دەسەڵاتی دادگا.

من لەوێ ڕووداوەکەم هەر بەو شێوەیەی کە ڕووی دابوو موبەموو بۆ لێکۆڵەرەوەکەم شیکردەوە ، کاتێك ئەو زانی من ڕاست دەکەم وەمافی منیان پایەماڵ کردووە و دڵی بەحاڵم سووتاو پاش چەند پرسیار و وەڵامێك سەبارەت بەوەی ڕووی دا بوو فەرمانی ئازاد کردنی منی دەرکرد.

کاتێك لەدادگا کەهاتمە دەرەوە من هەروا بێ ئیشو سەرگەردان بووم, ماوەیەك لەشەقامەکاندا گەڕامو پاشان ڕۆیشتمەوە بۆ میوانخانەکە لەوێ دەرگای ژورەکەمم بەکلیل داخست لەسەر خۆمو کەوتمە بیرکردنەوە, دەمویست بەهەر شێوەیەك بووە ئیشێك بۆ خۆم بەدەست بهێنم.

لەم بیرکردنەوانەدا بووم لەناکاو کەوتمەوە یادی خاوەن گەراجێك کە لەگەڵیدا ئاشنایم هەبوو وەمن جاران ئۆتۆمبێلەکەی باوکمم لەو گەراجەدا دەوەستاند وە خاوەنی ئەم گەراجەش ڕێزی منی زۆر لامەبەست بوو چەندین جار داوای لێدەکردم کەهەرئیشێکم هەبوو بچم بۆلای.

دەستبەجێ لەمیوانخانەکە هاتمە دەرەوەو ڕاستەوخۆ چوم بۆ گەراجی ناوبراو و لەوێ چاوم کەوت بەخاوەنی گەراجەکە ئەو کاتێك منی بەو شلەو شێواوییە بینی زۆر سەیری لێهات وەمنیش بێ هیچ پێشەکییەك

Scanned by CamScanner

ئەوەی بەسەرم هاتبوو بەکورتی بۆم گێڕایەوەو پاشانیش داوام لێکرد کەبەهەر شێوەیەك بێت ئیشێکم پێ بسپێرێت.

لێی پرسیم:

"ئایا دەتوانی لەسەر تاکسی ئیش بکەیت ؟".

بەخۆشحاڵییەوە وتم:

"بەڵێ. بێگومان !".

"زۆر باشە بەیانی زوو وەرەوە بۆ گەراج و تاکسییەك وەربگرە".

لەهەمان کاتیشدا بڕێك پارەی وەکو قەرز دامێ تاوەکو بتوانم سەروسامانێك بەخۆم ببەخشمەوە.

ماڵئاوایم لەخاوەنی گەراجەکە کردوو لەو ئیشەی کەبەدەستم هێنا بوو بەخۆشحاڵییەوە گەڕامەوە بۆ میوانخانەکە.

من لەوەی توانیبووم پاش ماوەیەکی زۆر بێکاری خۆم خستبۆوە سەر ئیش زۆر بەختەوەر بووم وە بەو شێوەیەش ئیتر دەمتوانی لەبەیانی ڕۆژی دواییەوە بچمەوە سەر ئیش و کۆتایش بەدەورانی دانەوینی ژیانم بهێنم.

بەیانی ڕۆژی دوایی لەکاتێکدا سەرو سامانێکم بەحاڵی خۆم بەخشی بوو لەهەمیشە زوتر هەستام و یەکڕاست بەرەو گەراجەکە کەوتمە ڕێ.

لەوێ خاوەنی گەراجەکە تاکسییەکی ڕێکوپێکی بۆ دەستنیشان کردم منیش بێ درەنگ کەوتن خۆم بەکارکردنەوە سەرگەرم کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتا شارەزای خاڵە جۆراوجۆرەکانی شار نەبودم بەڵام وردەوردە بەتەواوی شارەزای هەموو شەقامەکان بووم وە بەم شێوەیەش کەبەرەو پێش دەچوو لەئیشێك کەبەدەستم هێنابوو لەو هەلومەرجانەدا ڕازی بووم.

Scanned by CamScanner

# "١٠"

شەش مانگ بەم چەشنە بەسەر چوو تاوەکو شەوێك کەدەمویست بۆ خواردنی نانی ئێوارە بچم بۆ چێشتخانەیەك لەنزیکی چێشتخانەکە ئافرەتێکی ڕەشماڵ بەسەر دەستی لێ ڕاگرتم, لەگەڵ ئەوەشدا بۆ نان خواردن دەچومو نەمدەویست کەس سوار بکەم بەڵام نازانم بۆچی بێئەوەی کەبمەوێت ئۆتۆمبێلەکەم وەستاند, ئەوکات ژنی ڕەشماڵ بەسەریش بێ هیچ درەنگ کەوتنێك سواری ئۆتۆمبیلەکە بوو و پاشان ناونیشانی شەقامێکی پێدام بەڵام هێشتا سەد مەترم زیاتر نەبڕیبوو کەئافرەتی ناوبراو ڕەشماڵەکەی لەسەری کردەوەو خستییە ناو جانتاکەیەوە وە پاشان بەدەنگێکی هێدیو ئارامەوە وتی:

"ئەم کاتەت باش کاك بەهمەن! ".

منیش بەسەرسوڕمانەوە ئاوڕم دایەوەو شەهلام بینی کەزەردەخەنەیەکی ناسك لەسەر لێوەکانی بوو تەماشای دەکردم.

لەبینینی ئەو زۆر خۆشحاڵ بووم, پاشان داوای لێکردم کەتاکسییەکە بوەستێنم منیش ئەم کارەم کردو ئەوکات ئەویش هاتە پێشەوە و لەتەنیشتمدا دانیشت. قسە سەرەتاییەکانی منو شەهلا بەگلەیی ئەو لەمن



Scanned by CamScanner

دەستی پێکرد تاوەکو گەیشتینە شوێنی مەبەست, پاشان شەهلا داوای لێکردم کەبۆ نان خواردن میوانی ئەوبم وەمنیش بەخۆشحاڵییەوە داواکەیم پەسەندکردو ئەوکات پێکەوە چوینە ژورەوە.

لەوێ شەهلا ڕێنمایی کردم بۆ ژوری میوان و دواتر خۆشی بۆ ئامادەکردنی خواردن چوو بۆ چێشتخانە.

ئەم ژورە لەو پەڕی جوانیدا ڕازابووەوە, لەسەر مێزێك گوڵانێك دانرابوو کەپڕبوو لەگوڵە مێخەکی سوور وە چەندین تابلۆی جۆراوجۆر هەڵواسرابوون کەبەتەواوەتی ژورەکەیان دڵگیر کردبوو, ڕوناکی کەم شەوقی گڵۆپە ڕازێنەرەوەکانیش لەجوانی ژورەکەیان چەندین بەرامبەر زیاد کردبوو.

شەهلا خواردنی ئامادەکردو لەچوارچێوەیەکی گەرم و ئارامدا دەستمان کرد بەنان خواردن, پاش ئەوەی لەنان خواردن تەواو بووین ئەو لەجێی خۆی هەستاو بەرەو گوڵانەکە ڕۆیشت و گوڵە مێخەکێکی سوری جوانی لەگوڵانەکەدا دەرهێنا و لەکاتێکدا کە بەتەواوی خۆی لێ نزیك کردبومەوە گوڵە مێخەکەکەی دایەدەستم و وتی:

بەهمەن, من ئەم گوڵە مێخەکە سورە پێشکەشی تۆدەکەم, وە هەروەکو بۆخۆشت دەزانی مێخەکی سور واتە.. ئەوکات قسەکانی بەنیوەچڵ هێشتەوەو خۆی لەئامێزم گرت.

هەستم دەکرد ئەو بەپێشکەشکردنی ئەم گوڵە سورە خۆشەویستی خۆی بۆ من دەربڕیوە وەمنیش لەبەرئەوەی کەماوەیەکی زۆر بێلانەو خانە بوم بەباوەشی کراوەوە پێشوازیم لەم خۆشەویستییە کرد وە بۆ ئەوەش ئیتر گلەیی نەمێنێت بەسەرهاتی خۆشەویستی خۆم لەگەڵ ڕوئیادا بۆ گێڕایەوەو لەهەمان کاتیشدا داوام لێکرد کەهیچ نەڕوانینە رابردوم وە بەوەش ڕازی ببێت کەمن بەهاوسەری ژیانی داهاتوی خۆی پەسەند بکات وە ئەویش لەوەڵامی ئەم داواکارییەی مندا ئەو پەڕی ڕەزامەندی خۆی نیشاندا.



Scanned by CamScanner

بەمشێوەیە دوای چەند ڕۆژێک لەکاتێکدا حەمیدو یەکێک لەخزمەکانی شەهلا یاوەرییان کردین چوین بۆ دادگا وە بەمشێوەیە بوینە هاوسەری ژیانی یەکتر.

بەمشێوەیە ژیانی هاوبەشی منو شەهلا دەستی پێ کرد وە بەلەدایک بوونی منداڵەکەشمان ئەم ژیانە هاوبەشە تام و چێژێکی زیاتری پەیداکرد.

من لەبەرئەوەی خۆم تاڵیو ڕەنجێکی فراوانم چەشتبوو نەمدەویست هاوسەرەکەمو منداڵەکەشم ئەم تاڵی ژیانە بچێژن. لەگەڵ ئەوەشدا باوکی شەهلا زۆر دەوڵەمەند بوو و شەهلاش چەند جارێک داوای لێکردم کەبچین بۆ کازرونو لەگەڵ ئەودا بژین بەڵام من ژیانە سادەو هەژارانەکەی خۆم کەهاوکات بوو بەخۆشیو خۆش بەختی لەژیانی ماڵی گەورەو فراوانی باوکی شەهلا بەباشترو پێشتر دەزانی.

بەهەوڵو کۆششێک کەمن لەپێناو لابردنی گیروگرفتە بەرجەستەو نا بەرجەستەکانی ژیانمان دەمدا لەماوەیەکی کورتدا توانیم سەروسامانێک بەژیانمان ببەخشم وە لەتەنیشت هاوسەرەکەمو منداڵەکەمدا ڕۆژانێکی خۆش بەسەر بەرم.

ئەم بارودۆخە هەروا درێژەی کێشا تاوەکو ڕۆژێک لەکازرونەوە پەیامێک بۆ شەهلاهات وە پێ ڕاگەیەنرا کەباوکی لەسەرە مەرگدایەو دەیەوێت ببینێت.

هەر بەگەیشتنی ئەم پەیامە ئێمە دەستبەجێ بەرەو کازرون کەوتینە ڕێ بەڵام کەمێک درەنگ گەیشتینە ئەوێ.

لەبەرئەوەی باوکی شەهلا سێ کاتژمێر پێش گەیشتنی ئێمە گیانی سپاردبوو شەهلا نەیتوانی چاوی بەباوکی بکەوێت وە بەیانی ڕۆژی دوایش مەراسیمی ناشتنی تەرمی باوکی شەهلا بەبەشداری کۆمەڵێکی زۆر لەخەڵکی کازرونو خزمو ئاشناکانی ئەنجام درا وە ئێمەش پاش یەک هەفتە مانە...

Scanned by CamScanner

بەمردنی ئەم پیاوە دەوڵەمەندە سامانوماڵێکی زۆر بۆ شەهلاو خوشکەکەی بەمیرات مایەوە, ئەو بەبیانوی ئەوەی کەمن ئامادە نەبووم ئیشەکەم بگۆڕم وە لەو خانووەی کەدەیویست بیکرێت نیشتەجێ ببین دەستی دابووە کەمتەرخەمیو بەهانەگرتن وە پارەو میراتەکەی باوکیشی بەڕادەیەك گێژو حۆلی کردبوو کەبەهیچ کەسێكو هیچ شتێك گرنگی نەدەدا, هەموو شەوێك دەچوو بۆ کۆڕی قوماربازانو شەونشینی کردن وە لەوێ دەستیدەکرد بەگۆرانی وتنو سەماکردنو مەی خواردنەوە وەسەر ئەنجامیش زۆربەی کات بەدۆڕاویەکی زۆرەوە درەنگانێك بەسەرخۆشیو بێ ئاگایی دەهاتەوە بۆ ماڵەوە.

ئەو لەبەرئەوەی کەببوە مۆمی کۆڕو ئاهەنگی کۆمەڵێك ژنو پیاوی قوماریاز بەخۆیەوە دەنازی وە لەبەر ئەوەش کەدەنگێکی خۆشو سەرنج ڕاکێشی هەبوو ببووە جێگەی هاندانو ستایشکردنی ئەم کۆمەڵەوە ئیتر بچوکترین گرنگیشی بەژیانی منو منداڵەکەی نەدەدا.

من هەروا خەیاڵم دەکرد کەسەرئەنجام دەست لەم کارو کردەوە ناپەسەندانەی دەکێشێتەوە دواوە بۆیە بەم پێیە هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو بووم بۆ ژیانە سادەکەمان, بۆ ڕۆژە سەرەتاییەکانی ژیانە هاوبەشەکەمان.

من تەنها بیرم لەخۆشیو شادی منداڵەکەمان دەکردەوە کەئەمەش تەنها بەستەگی بەگۆڕانی شەهلاوە هەبوو و هیچیتر.

هەوڵی منیش بۆ گێڕانەوەی ئەو بۆ ناو بازنەی خۆشیو بەختەوەری خێزانداریەکەمان بێ سود بوو وەئەو نەك تەنها ئامادە نەبوو کەلەبەشداریکردن لەکۆڕی شەونشینیدا کەهاوکات بوو بەسەماکردنو قومارکردنو گۆرانی وتن دەست هەڵبگرێت بەڵکو ئەو بەگرتنی خزمەتکاریەكو سپاردنی منالەکەمان پێی زۆربەی شەوانە تانزیکەی

بەرەبەیان لەم جۆرە كۆڕانەدا دەمایەوەو ئەوكاتیش بەماندویی‌و سەرخۆشی دەهاتەوە بۆ ماڵەوە.

هەرچەندە من چەندین جار داوام لێكردبوو دەست لەم كردەوە ناشایستەو ناڕەوایانەی هەڵبگرێت بەڵام ئەو هیچ گرنگییەكی بەقسەكانم نەدەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا كەدەمزانی شەهلا لەم جۆرە كۆڕانەدا بەشداری دەكات‌و گۆرانی تێدا دەڵێت بەڵام لەوە دڵنیا بووم كەئەو لەپێناوی منداڵەكەماندا كارێك ناكات كەببێتە مایەی ناپاكی‌و پیرۆزی پەیوەندییە گیانی‌و خوێنییەكەمان گڵاو بكات بەڵام خۆزگە هەرگیز ئەوم تا ئەو ڕادەیە ئازاد نەكردایە كەتوشی وەها سەرئەنجامێكی بكردمایە.

ئەو ڕۆژەم هەرگیز لەیاد ناچێت كەبۆ چاككردنی ماتۆڕەكەم لەگەراجەكەدا مابومەوە وە ئەوكاتەش كاتژمێری سێ‌و نیوی پاش نیوەڕۆی نیشان دەدا پاسەوانی گەراجەكە بانگی كردم‌و وتی تەلەفۆن ئیشی بەتۆیەوە منیش خۆم گەیاندە لای تەلەفۆنەكە تاوەكو بزانم كێیە, بەڵام لەتەلەفۆنەكەدا كەسێكی نەناسراو چەند قسەیەكی پێ ڕاگەیاندم كەهەرگیز بۆ من جێگەی باوەڕ نەبوون.

ئەم كەسە نەناسراوە بێئەوەی خۆی بناسێنێت یان ناونیشانی خۆیم بداتێ پاش ئەوەی كەقسەكانی تەواوكرد پەیوەندییە تەلەفۆنیەكەی بڕی.

دوچاری مات بونێكی زۆر توند بوم بەڕادەیەك كە تەلەفۆنەكە لەدەستم كەوتە خوارەوە, لەوكاتەدا پاسەوانی گەراجەكە بەڕاكردن خۆی گەیاندە لام‌و تەلەفۆنەكەی خستە جێی خۆی‌و ئەوكات وتی:

لەوە دەچێت حاڵتان باش نەبێت.

وتم: نا, باشم بۆچی؟

پاشان لەكاتێكدا كەعەرەقێكی ساردم بەسەر پەرێشانییەكانمدا دەركردبوو بەدەست پاكم كردەوەو ئەوكات لەگەراجەكە ڕۆیشتمە

نەناســراوەکە دەرەوەو بــەرەو ئــەو جێگەیــە کەوتمــە ڕێ کەکەســە نەناســراوەکە ناونیشانەکەی پێدابوم.

مـن زۆر بەباشــی دەمزانــی کەئــەم مالــەماڵی کێیــە وە ئەگــەر کەســە نەناســراوەکەش ناونیــشانێکی راســتی پێــدابم دەبوایــە پــاش کــەمێکیتر هاوســەرەکەم لــەو ماڵــە کەئــەویش پەیوەنــدی بــەماڵی بــاوکی حەمیــدەوە هەبوو وەچەند ڕۆژێك لەوەو پێشتر کرێ نشینەکەیان چۆڵی کردبوو بهاتایە دەرەوە.

بۆ من جێگــەی بــاوەڕ نــەبوو کەخۆشەویسترین هــاوڕێ و دۆســتم لەگــەڵ هاوسەرەکەمدا, دایکی منداڵەکەم بەتەنیا لەم ماڵەدابن, نا, هــەرگیز شتی وا نابێت.

دڵم دەیخواست کەڕیشەی گومان و دوو دڵی لەخۆمــدا هەڵبکێــشم چونکە من دەمتوانی بیر لەهەموو شتێك بکەمــەوە بــەڵام جگــە لــەناپاکی کردنێك کەلەلایەن شەهلاو حەمیدەوە ڕوبدات.

بەهیچ شێوەیەك نەمدەتوانی باوەڕبکەم و دەموت خۆزگە قــسەکانی ئــەو کەســە نەناســراوە درۆ دەربــچوایە خۆزگــە ئــەم تەلەفۆنــە زیــادە ڕەوی ڕقوکینەی کەسێکی داخ لــەدڵ بێــت وبیــەوێت بــەم کــردارەی چوارچێوەی پەیوەندی خێزانداری کەسانیتر بشێوێنێت.

ئاخر من چۆن دەمتوانی باوەڕبکەم کەخۆشەویسترین و دڵسۆزترین هاوڕێی هەموو دەورانی ژیانم, کەسێك کەلەهەموو کاتێکدا هەڵوێستی وەفاداری خۆی نیشان دابووم, کەسێك کە لەهەموو ساتەکانی ژیاندا پێکەوە ڕۆژانی خۆش و ناخۆشمان بەسەر بردبوو ناپاکیم لەگەڵدا بکات.

چۆن دەمتوانی باوەڕبکەم کەشەهلای داوێن پــاك و بێگــەردم, هاوبەش و هاوسەری ژیانم لەڕێگەی پاکی و بێگەردی لای دابێت, نــەخێر, ئەمــە بۆمن هەرگیز جێی باوەڕ نەبوو, هەرگیز.



Scanned by CamScanner

ئەگەر شتێکی وا ڕاستی هەبێت ئیتر مرۆڤ لەژیاندا دەتوانێت بەچ کەسێك متمانە بکات؟

نە.. بێگومان ئەم هەواڵە لەڕاستییەوە دورەوە کەسی نەناسراویش بەهۆی بوونی دوژمنایەتیو ناحەزییەوە ئەم قسەو باسەی دروستکردوە.

دەستم بەرەو بارەگای خواوەند بەرزکردەوە و کەوتمە پاڕانەوە کەلەپێناوی منداڵەکەماندا هەرچۆنێك بوبێت ژیانی ژنو مێردایەتییەکەمان بپارێزێتو نەهێڵێت کەهاوسەرە چاكو میهرەبانەکەم, دایکی جگەر سۆزەکەم بکەوێتە داوی پیسیو ڕسواییەوەو بچێتە سەر ڕێگەیەك کەگەڕانەوەی زۆر سەختە.

بەڵام جارێ نزاو پاڕانەواکانم تەواو نەببوو کەدەرگای ماڵی ناوبراو کرایەوە منیش بۆ ئەوەی کە نەبینرێم دەست بەجێ خۆم دایە پاڵ دەزگایەکی تەلەفۆنی گشتی.

ژنێك لەکاتێکدا دەموچاوی بەڕوپۆشێکی ڕەش داپۆشیوو هاتە دەرەوەو پاش ماڵئاوایی کردن لەحەمید کەئەویش بۆ بەرێکردنی هاتبوو لەگەڵیدا سواری تاکسییەك بوو وە پاش کەمێکیش تاکسییەکە کەوتە جوڵەو ڕۆیشت, منیش لەو کاتەدا بەری ئۆتۆمبیلێکم گرتو داوام لێکرد کەشوێن تاکسی ناوبراو بکەوێت, خاوەن ئۆتۆمبیلەکەش کاتێك کەزانی بارودۆخێکی نا ئاسایم هەیە داواکەمی پەسەند کرد وە بەم شێوەیە کەوتینە شوێن تاکسییەکە.

تا ئەو کاتەی کەتاکسییەکە لەبەردەم دەرگای ماڵی ئێمەدا نەوەستابوو من واخەیاڵم دەکرد کەئەم ئافرەتە ژنی من نییە بەڵام کاتێك تاکسییەکە وەستا شەهلام بینی کەڕوپۆشەکەی خستە ناو جانتاکەیەوەو لەتاکسییەکە دابەزی.

من تا ئەوکاتە بەشێك لەراستییەکم بۆ ئاشکرا ببوو کەهەرگیز نەمدەتوانی قبوڵی بکەم, ژیان لەبەرچاومدا بەتەواوی تاڵ بوو وە هەر لەو

Scanned by CamScanner

کاتەنەشدا بوو کەبەتەواوی بونمەوە هەستم بەناپاکی شەهلاو حەمید کرد, بۆ منداڵە پاک‌و بێگوناهەکەشمان کەئەویش بونەوەرێك بوو لەخوێن‌و گۆشتی ئێمە دروست ببوو حەیفێکی یەکجار زۆرم خوارد وە هەر لەپێناوی ئەو داهاتووی ئەویش دابوو کەدەبوایە لەناو کۆمەڵگەدا بژیایە دوبارە دەستم بەسەر خۆمدا گرتەوە وەپاش ئەوەی کەسوپاسم لەشۆفێرەکەش کرد لەئۆتۆمبیلەکە دابەزیم.

لێرەدا من لەئێوەی برایانی دادوەر دەپرسم ئەگەر ئێوە لەجێی من بوونایە چیتان دەکرد؟

ئایا دەکەوتیتە هات‌و هاوار؟ ئایا دەست بەجێ ئەوتان دەکوشت وە یان دەمتان لێ هەڵنە دەهێنایەوە سەبارەت بەوەی کەهاوسەرەکەی ژیانتان ناپاکی لەگەڵدا کردون وە ئایا دەتانهێشت داهاتوتان لێ بشێوێت.

ئەی تۆ سەرۆکی دادگا. بێ دەنگیت لێدەکردو دەتهێشت هەروا بەئاسانی ئابڕوو ناموستان بەهەدەر بڕوات وەیان لەزۆری نیگەرانییەکەتدا شێت دەبویت‌و هات‌و هاوارت بەرپاکردو دەتوت کەهاوسەرە چاك‌و مهرەبانەکەت ئەو کەسەی کەهاوبەشی ژیانت بووە ناپاکی لەگەڵدا کردویت.

سەرۆکی بەرێزی دادگا تۆ ناتوانیت هەست بەرەنج‌و نیگەرانی پیاوێك بکەیت کەئەم دیمەنە لەپێش چاویدا ڕوی دابێت مەگەر کەخۆت لەجێگەی ئەو دابنێیت لەوانەشە بڵێیت کەتۆ هەڵەت کردوە وە دەبوایە مۆڵەتێکت بەژنەکەت بدایە تاوەکو ئەویش بیتوانیایە بەرگری لەخۆی بکات, ئەمە هەمان بۆچوونە کەمن هەمە, بەڵێ دەبێ مۆڵەتی پێ بدرێت تاوەکو ئەویش قسە بکات‌و ڕاستیەکان ئاشکرا ببن. چونکە لەوانەیە ئەم دیمەنە دروست کراوبێت‌و بۆ شێواندنی چوارچێوە خێزانداریەکەی ئێمە رێك خرابێت وەبەم پێیە دەبێت پەلەم نەکردایە هەر وەك چۆن پەلەشم نەکرد. وەئێوەش ئێستا بێگومان چاوەڕوانی ئەوەن بزانن کاردانەوەی من چی بووە ؟.

کە وابێ باش گوێ بگرن و ئەو کات دادوەری خۆتان بکەن. ڕاستەوخۆ دوای شەهلا منیش خۆم کرد بەژووردا, بەڵام ئەو کاتێك منی لەبارودۆخێکی نائاسایدا بینی شڵەژاو ترس سەرتاسەری جەستەی گرتم بەرادەیەك کەلەرزینەکەی بەئاشکرا هەستی پێدەکرا چونکە ئەو هەرگیز باوەڕی نەدەکرد لەوەها کاتێکدا لەگەڵمدا ڕوبەروو ببێتەوە. لەکاتێدا کەلەوپەڕی نیگەرانی و توڕەییدا بووم دەنگم بەسەردا بەرز کردەوەو وتم:

ئاخر بەد ڕەوشت هیچ نەبێت بەزەییەکت بەمنداڵەکەماندا بێتەوە, منالێك کەتۆ دایکیت و منیش باوکیم. مەگەر تۆ خۆت پێشنیاری ئەوەت پێ نەکردم ببیتە هاوسەرم؟ مەگەر تۆ گوڵی سوورت پێشکەش نەکردم, مەگەر بەڵێنت نەدا کەببیتە هاوسەرێکی شایستەو نوونە, ئەی کەوابێ بۆچی دەتەوێت ئەم ژیانە بەرەو ریسوایی بەریت, بۆچی؟ ها وەڵامم دەرەوە. ئاخر بۆچی حەمید کەیەکێکە لەباشترین هاوڕێکانم هەڵتبژاردوە بۆ ئەنجامدانی ئەم ناپاکییەت لەبەرئەوەی ئۆتۆمبێلی هەبوو یان شیك پۆش و لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەندو خۆش گوزەران بوو. کام یەك لەمانە؟ بۆچی هەندێك لەئێوەی ژن هێندە پەست و قێزەوەنن کەدەبنە هۆکاری ئەوەی ئیتر پیاو لەژیاندا متمانە بەهیچ هاوڕێیەکی خۆی نەکات. ئاخر من لەکاتێکدا باشترین هاوڕێم کەهەر لەمنداڵییەوە پێکەوە گەورە بوین و لەتەواوی قۆناغەکانی ژیاندا لەتەنیشتی یەکدا بوین ناپاکیم لەگەڵدا بکات ئیتر متمانە بەکێ بکەم, بێگومان هیچ کەس وەئەم نەبوونی متمانەیەش کەلەنێوان پیاواندا دروست دەبێت تۆ و هاوشێوەی تۆ دەبنە هۆی خولقاندنی ئاخر بۆچی بەم کردەوە ناپەسەندەت دەبێتە هۆکاری لەناوچونی هاوڕێیەتیەکی پاك و بێگەرد؟ بۆچی بۆ ؟.

لەبەرامبەر قسەکانمدا مات و بێدەنگ سەری داخستبوو و دەگریا وە شەرمەزاریش بەتەواوی تایبەتمەندییەکانییەوە لەڕوخساریدا بەئاشکرا دەبینرا. [illegible]

Scanned by CamScanner

گەورەیەی کەپێی هەساتبوو داوای لێبوردنی لێ بکردمایە وەبەڵێنی بدایە بگەڕایەوە بۆ ناو ماڵو ژیانە سادەو ئاساییەکەی خۆی چونکە ئەو کاتەش من لەپێناوی رزگارکردنی ژیانی منداڵەکەماندا هەستی لێبوردنم هەر تیا مابوو بەجۆرێك ئەم لێبوردنە گەڕانەوەی ئەویشی بۆ ناو ژیانە سادەو ئارامەکەمان دەگرتەوە.

هەر بەم شێوەیە بەدەنگێکی ئارامو پەند ئامێزەوە ڕومتێکردوو وتم: (گوێ بگرە شەهلا ڕابردوو هەرچیەك بوبێت بەسەر چووە, وەرە لەپێناوی داهاتوی منداڵەکەماندا بگەڕێرەوە بۆ سەر ماڵو ژیانە پاکو بێگەردەکەی خۆت چونکە من دڵنیام تۆ لەو کردەوانەی ئەنجامت داون زۆر پەشیمانی, وانیە ؟)

(ئەگەر پەشیمانیش بم چی دەتوانم بکەم ؟).

(بەڵێن بدە ئیتر ئەم ڕەفتارو کردەوە قێزەوەنانەت دوبارە نەکەیتەوە)

(واتە لێم دەبوریت؟)

ئەگەر بەڵێنێکی ڕاستم بدەیتێ ئەوا من لەپێناوی ڕزگار بوونت لەبەدناویو رسواییو لەپێناوی فەراهەم کردنی داهاتوەیەکی گەش بۆ جگەر گۆشەکەمان ئەم کارە دەکەم.

(بەڵێن دەدەم بەهمەن, بەڵێن دەدەمو سوێندیش دەخۆم کەلەمە بەدوا ببمە هاوسەرێکی دڵسۆز بۆ تۆو دایکێکی میهرەبان تریش بۆ منداڵەکەمان).

لەکاتێکدا زۆر بەتوندی دەگریا باوەشی پێدا کردمو بەچەند وشەیەکی بچڕ بچڕ هەروا کەفرمێسکی دەڕشت وتی تۆ چەندە باشی بەهمەن, چەندە گەورەی, چەندە..

من سەبارەت بەوەی توانیبوم شەهلا بەئاقڵانەترین شێوە بگەڕێنمەوە بۆناو مەڵبەندی ژیانە سادەو سازگارەکەمان هەستم بەئارامیەکی دەرونیو ویژدانی زۆر دەکرد, ئەمەش ببوە مایەی دابینکردنی خۆشبەختیەکی زۆر

Scanned by CamScanner

بۆ منو جگەر سۆزەکەم لەناو خێزانە سێ ئەندامیەکەماندا, سەبارەت بەوەش کەجارێکی تر بیرەوەریە خۆشەکانی سەرەتای دروست بوونی پەیوەندییە هاوسەریەتیەکەمان ڕوو بەبوژاندنەوە دەچوو هەستم بەشادمانیەکی زۆر دەکرد. شەهلا گەڕایەوە بۆسەر ماڵو ژیانی خۆیو ئەمەش ئەوە بوو کەمن ئارەزوم دەکرد..

Scanned by CamScanner

# "١١"

لەکاتێکـدا بەهمـەن چـەند چـرکەیەك بێـدەنگ بـوو چـاوەکانی هـەروا لەغـەمێکی بـێ پایانـدا نـوقم ببـوون, لێوەکـانی وشـك هەڵگـەڕا بـوون‌و هەروەکو تاقەتی نەبێت پاشماوەی بەسەر هاتەکانی ژیانی باس بکات.

لــەو کاتانــەدا بــێ دەنگیــەکی یەکپارچــە سەرتاســەری دادگاکــەی گرتبووەوە، هەناسەکانیش هـەروا بەبەنـدکراوی لەسینەکاندا مابوونـەوەو چاوەڕوانی پاشماوەی قسەکانی بەهمەن بوون.

سەرۆکی دادگاکە لەکاتێکد کەبەئارامی سەری دەجوڵاند بەتاوانبارەکـەی وت: (فـەرموو بـەردەوام بـە) تاوانبـار داوای ئـاوی کـرد ئـەو کـات ئاویـان بۆهێناو ئەویش سەری پێوەناو بەیـەك قـوم ئاوەکـەی خـواردەوە، پاشـان وەلەکاتێکـدا کەنیگەرانییـەکی زۆر لەروخـساریدا دەبینـرا پاشمـاوەی ڕوداوەکەی بەم شێوەیە گێڕایەوە:

لەو ڕۆژە بەدواوە نزیك پێـنج مـانگ لـەژیانی ئێمـە بـەئارامی بەسەرچوو شــەهلاش بەتــەواوی گۆڕانکـاری بەســەرکردەوەو ڕەفتارەکانیـدا هـاتبوو بەجۆرێك کەلـەڕابردوش باشـتر بـەماڵ‌و ژیـانی ڕادەگەیـشت وەمـن هـەموو شەوێك کاتێك دەچومەوە بۆماڵەوەو شەهلام دەبینی کەسەر گەرمی یـاری کردن بوو لەگەڵ کوڕە بچکۆلەکەماندا هەرچـی مانـدویی بـوو لەجەستەمدا

Scanned by CamScanner

ئەددا من خۆشبەختی ژیانم بەدەست هێنابوەوە وەئەم بارودۆخەش هەروا درێژەی کێشا تاوەکو شەوێك خاوەنی گەراجەکە پێی ڕاگەیاندم کەبۆ ئەنجامدانی کارێکی پێویست دەیەوێت بچێت بۆ ئابادان وەدەبێت منیش یاوەری بکەم وەمنیش لەبەرئەوەی لەهەموو لایەنێکەوە خەیاڵم ئاسودەبوو داواکەیم پەسەندکرد بۆیە هەرهەمان شەو شەهلام لەبارەی ڕۆیشتنەکەمەوە ئاگادار کرد بەیانی ڕۆژی دوایی لەگەڵ خاوەن گەراجەکەدا بەرەو شاری ئابادان کەوتینەری وەنزیکەی دوو هەفتەیەك لەمانەوەی ئێمە لەشاری ناوبراو بەسەر چووبوو کەخاوەن گەراجەکە پێی ڕاگەیاندم کەدەبێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی تریش بچین بۆ خورەم شەهر جا لەبەرئەوە تا ئەوپەڕی شەش ڕۆژی تر ئێمە لەتاران دەبین.

سەبارەت بەوەی کەدەڕۆیشتینەوە بۆتاران زۆر خۆشحاڵبوم بەتەلەگراف بەشەهلام راگەیاند کەتاوەکو شەش ڕۆژی تر دەگەڕێمەوە بۆتاران پاش ئەوەش برێك دەستەو دیاریشم بۆ کورەکەمان کڕی بەلاّم وارێکەوت کارو بارەکانی خاوەن گەراجەکە تەنها دوو ڕۆژی تر درێژەی کێشا لەخورم شار وەبەم شێوەیەش لەتەلەگرافیك کەبۆ شەهلام کردبوو زوتر دەگەڕامەوە بۆتاران.

کاتێك گەیشتمەوە تاران من پاش ئەوەی ماڵئاوایم لەخاوەن گەراجەکە کرد سوار تاکسیەك بووم‌و ڕاستەوخۆ چومەوە بۆماڵەوە.

من لەوەی پاش چەند ڕۆژێك هاوسەرەکەم‌و جگەر سۆزەکەمم دەبینییەوە هەستم بەخۆشحاڵیەکی زۆر دەکرد بەلاّم نازانم بۆچی لەخۆوە دڵم تەنگ ببوو کەهەر وەکو بڵێیت پێشبینی ڕوداوێکی شووم بکەم.

کاتێك بەجێگەی مەبەست گەیشتم کرێی تاکسییەکەم داو ئەو کات لەزەنگی دەرگای ماڵەوەمانم دا بەلاّم کەس دەرگاکەی نەکردەوە بۆیە چەند جارێك لەزەنگەکەم دایەوە بەلاّم هیچ وەلاّمێکم نەبیستەوە.

Scanned by CamScanner

زۆر بەسەختی نیگەران بووم پاشان بەخەیاڵی ئەوەی کەلەوانەیە شەهلاو مناڵەکەم بۆ کڕینی شتێك یان کارێکی پێویست لەماڵ چوبنە دەرەوە بڕیارمدا کەبەسەر دیوارەکەدا سەربکەوم بچمە حەوشەکەوە بەڵام لەو کاتەدا پاسەوانێك بەسواری ماتۆرێکەوە لەبەردەم ماڵەوەماندا وەستاوە کاتێك زانی من خاوەنی ماڵەکەم نامەیەك کەلەدادگاوە بەناوی شەهلاوە نێردرابوو دایە دەستمو ئەو کات ماڵئاوایی کردو ڕۆیشت.

کاتێك نامەکەم کردەوە بەڕاستیەکی زۆر تاڵم زانی, کورەکەم کەوتبوە حەوزی ماڵەکەمانەوەو خنکابوو وەبەم هۆیەش لێکۆڵەرەوەی دادگا بۆ چەند ڕونکردنەوەیەك داوای لەشەهلا کردبوو بچێت بۆلای.

بەداماوی‌و بێ دەسەڵاتییەوە هەرچۆنێك بوو خۆم گەیاندە کەناری حەوشەکەوە دیاریەکانیشم لەدیوارەکەوە فڕێدایە حەوشەو ئەوکاتیش بەسەر دیوارەکەدا سەر کەوتمو چومە ئەودیوەوە.

کاتێك ڕۆشتمە ژورەوە بێدەنگی هەموو لایەکی ماڵەکەی گرتبۆوە, لەسەر ڕوی ڕەفەیەك وێنەیەکی کورەکەم دەبینرا کەلەکاتی پێکەنیندا بوو, بەتاساوییەوە دەمڕوانیە وێنەکەی, لەوکاتانەدا بەڕادەیەك لەڕقوکینەدا پێچم خواردبوو تەنانەت توانای گریانیشم نەمابوو.

لەگۆشەیەکی ژورەکەدا جێگە نوستنە خنجیلانەکەی جگەر گۆشەکەمم بەخاڵی دەبینی, هەستم دەکرد کەلەدەرو دیواری ئەو ماڵەدا خەم دەبارێ وەبیرکردنەوەی ئەوەش کەئیتر دەنگی گریان‌و پێکەنینی جگەر سۆزەکەم لەم ژورەدا نابیستمەوە ئاگری لەجەستەم بەردا.

ئەم ماڵە بۆ هەمیشە خامۆش ببوو وەئەم خامۆشیەش بۆنی مەرگی لێدەهات وە منیش بەشێوەیەك کەجێگەی باوەڕکردن نەبوو دەبوایە ئەو ڕاستیە تاڵەم پەسەند بکردایە کەئەویش کوڕەکەم مردوە, کوڕێك کەتەواوی هەوڵ‌و تێکۆشانم لەو ماوە دورو درێژەدا هەر لەپێناوی ئەودا



Scanned by CamScanner

وەلەپێناوی خۆشبەختیو خۆشحاڵی ئەودا خستبووە گەڕ بەڵام ئێستا کەئەو نەماوە من چۆن دەتوانم ئیتر بژیم.

خۆ گەیاندە لای پەنجەرەکە وە کاتێك تەماشای کاتژمێرم کرد بینیم کاتژمێر یازدەی شەو نیشان دەدات بەڵام هیچ هەواڵێك لەشەهلا نەبوو.

تەماشای ئاوی ناو حەوزەکەم دەکرد کەکورەکەمی لێ سەندبووم وهیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات، مانگیش ڕوناکییەکەی خۆی لەقوڵایی ئاوی حەوزەکەدا لەت لەت کردبوو، لەتەنیشتی دیوارەکەشدا پشیلەیەکی سپی جوان خۆی هەڵتروشکاندبوو و تەماشای دیارییەکانی دەکرد کەلەحەوشەکەدا پەرتو بڵاو ببونەوە.

خەیاڵێکی لێك ئاڵوزکاو لەهەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ مێشکم هێنابوو، من گەڕابومەوە بۆ ڕابردوو، بۆبیرەوەرییە خۆشو ناخۆشەکانی خۆشەویستی رونیا، لەمەرگی ئەو، لەهاوسەر بوونەکەم لەگەڵ شەهلادا وە ڕۆژە خۆشەکانی سەرەتای هاوسەر بونەکەمان, لەمەرگی کوڕەکەم لەئاوی حەوزێکی بکوژ , بکوژێك کەهەرگیز دادگایی نەدەکراو سزانەدەدرا بیرم دەکردەوە.

ماوەیەکی زۆرم لەو جۆرە بیرکردنەوە تاڵانەدا بەسەر برد یەك کات کەتەماشای کاتژمێرەکەم کرد نزیکەی کاتژمێر سێو نیوی شەو بوو, چوم بۆ هۆڵەکەو لەسەر قەنەفەیەك خۆم ڕاکێشاو جگەرەیەکم داگیرساند بەڵام چەند مژێکم زیاتر لەجگەرەکە نەدابوو کەگوێم لەدەنگی کردنەوەی دەرگاکە بوو پاش کەمێك دەرگاکە بەتەواوی کرایەوەو شەهلا بەئارامی هاتە ژورەوە.

سەرەتا نەی زانی کەمن لەوێم بەڵام هەر ئەوەندە کەگڵۆپەکانی هەڵکردو هۆڵەکە ڕوناك بووەوە ئەوکات زانی کەمن هاتوەمەتەوە وەکاتێك چاوی پێم کەوت بەسەرسامیەوە لەجێی خۆیدا وشك بوو, بەپێی ئەو تەلەگرافەی کەمن بۆم ناردبوو چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کەمن لەو کاتەدا لەوێ بم, پاشان

بەرەو پێش هات تاوەکو بەتەواوی لێم نزیک بووە لەسەر چۆک دانیشتو بەداماوی دەستیکرد بەگریان بەڵام لەناکاو گریانەکەی بڕی و وتی :
(من بەکەڵکی تۆ نایەم, وازم لێ بهێنە , من پیاوێکی ترم خۆش دەوێت, من عاشقی حەمیدم !)
کاتێك کەئەم قسانەم بیست هەستی شێتی سەرتاپای بونمی گرتەوە بەڵام هەر چۆنێك بێت دەستم بەسەر خۆمدا گرتوو وتم: (ئایا ئەویش تۆی خۆش دەوێت؟)
(گرنگ نیە هەر ئەوەندە کەمن ئەوم خۆش دەوێت بەسە, تۆ دەبێت دەست لەمن هەڵگریت چونکە ئیتر من بەکەڵکی ئەوە نایەم لەگەڵ تۆدا ژیان بەسەر بەرم.)
بارودۆخێکی وام بەسەر هاتبوو کەتەنانەت مردنی کوڕەکەشمم لەبیر چووبووەوە وەلەکاتێکدا هیچ سەرنجێکم لەقسەکانی ئەو نەدابوو وتم:
(ئەی منداڵەکەمان, ئەو چ گوناهێکی هەیە ؟).
بێئەوەی کەهیچ ڕێزێك بۆ بارودۆخی من دابنێ لەو کاتەدا قاقایەکی لێداو وتی:
(کام منداڵ, ئەو تازە مرد)
لەجێگەی خۆمدا داچڵەکیمو هەروەکو ماری بریندار لەجێی خۆم بۆی دەرپەڕیم زۆر بەتوندی دەلەرزیم خوێن بەری چاومی گرتبوو نەمزانی کەدەمەوێت چی بکەم بەڵام هەرئەوەندە دەزانم کەقژیم لەدەستم پێچاوە بەمەش چاوی زەق بوو, هەستم بەبۆنێکی توندی شەراب دەکرد کەلەدەمی ئەوەوە دەهات.
شەهلا لەو کاتانەدا کەوتبووە پاڕانەوە لێم بەڵام من لەبارودۆخێکدا نەبووم کەهیچ سەرنجێك بدەمە پاڕانەوەکەی ئەو نەفرەتێکی توند سەرتاسەری بونمی گرتبۆوە وەمن لەو کاتانەدا هەموو شتێکی خۆمم لە فەنابیدا دەبینییەوە ژیانیش لای من هیچ گرنگیەك و هیچ ڕەنگێکی نەبوو.

Scanned by CamScanner

هەریەو جۆرەی لەتورەییدا دەلەزیم دەستم لەدەوری گەردنی پێچاو بەهێزێکی هەرچی توندتر گەرویم گوشی .

ڕەنگی ئەو بەرەو شین بونەوە دەچوو, چاوەکانی بارودۆخێکی سەیریان بەسەردا هات وەئیتر جەستەی وەکو لقە درەختێکی شکاوی لێهات, بەمشێوەیەش دەست بەرداری بوم وەپاش ماوەیەك کەلەشەقامەکاندا گەڕام خۆم بەبنکەیەکی پۆلیس ناساندوو ئەوکات دەستگیر کرام.

پاش ماوەی بەسەر هاتەکەش خۆتان ئاگادارن وەئەگەر من تاکو دوا چرکە مۆری بێدەنگیم لەلێوم دا وە هیچم نە وت تەنها لەپێناوی ئەوەدا بوو کەلەبێ ئابڕویی دەترسام بەڵام بەهۆی زۆر لێکردن و سووربوونی ئێوەوە ئەوەی کەنەم دەویست هیچ کەسێك لێی بەئاگابێت ئێستا هەموو خەڵك پێی زانی‌و وەمنیش بەم شێوەیە ئابڕوو ناموسی خۆمدا بەدەم باوە.

من ئەمڕۆ پاش خستنە ڕووی ڕووداوو بەسەرهاتەکانی ژیانم پیاوێکم تەنها بەسەر گوزەشتێکی دیار وەئیتر چاکی‌و خراپی ژیان لای من هیچ جیاوازییەکان نییە چونکە ژیانی من تێکشکاو لەناو کۆمەڵگەدا ڕیسوا بووم.

ئەمڕۆ ئەوەی کە من وتم هیچ بەڵگەیەکم نییە بۆیان وەسووریش نیم لەسەر ئەوەی کەئێوەی دادوەرانی بەڕێز وتەکان‌و قسەکانم پەسەند بکەن بەڵام هیوادارم کەهیچ نەبێت لەهۆکاری قسە نەکردن‌و بێدەنگی کردنەکەم تێگەیشتبن وە ئەوەندەش بۆ من بەسە.

من هەمیشە لەبێ ئابڕوی دەترسام ئەمڕۆش کەڕاستیەکانم خستۆتە ڕوو مردن ئەوپەری ئارەزومە تا بەم شێوەیەش لەم ژیانە پوچ‌و بێ مانایە ڕزگارم بێت.

من بەتاوانی کوشتن تاوانبار کراوم بۆ خۆشم دانم بەتاوانەکەمدا ناوە بەڵام بەهەرحاڵ مرۆڤێکم ... تا لەکۆمەڵگادا دەرکراوە وە

پیاوێکی تەنیایە کەعەشقەکەی مردوە, جگەر گۆشەکەی مردوە, ژنەکەی مردوە وەبۆ خۆشی سەرئەنجام دەمرێت.

دڵم دەخوازێت کەئێوەی بەڕێز کەمنتان دادگایی کرد وەلەڕاستیشدا رابەرایەتی کۆمەڵگەتان لەدەستدایە ئەوە بزانن کەئەگەر لاوێك دەبێتە قوربانی بەهۆی پەروەردەکردنی چەوتو ژینگەو دەوروبەری خراپەوەیە وەتەنانەت ئێوەش ناتوانن بزانن ئەوە لێبدەن کەمناڵەکانتان بۆ ئەمڕۆ یان بەیانی گۆمەڵگە پەروەردە کردوە.

کەوابێ وەرن دابونەریتی ژیانیان بەو شێوەیە فێر بکەن کەدەوروبەر دەیخوازێ بەخۆشەویستی, لەژیان, وەلەهەموو شتێکدا بێ پەروا قسەیان لەگەڵدا بکەن وە پەروەردەیەك کەئێوەی لەوان جیا کردۆتەوە لەناوبەرن.

ئەگەر عاشق بوون ئەوا ڕێز بۆ خۆشەویستەیەکان دابنێن وەئەگەر نیگەرانیەکیش لەژیانیاندا پێش هات ئەوا هەر زوو هەوڵ بدەن ڕێگە چارەیەکی ژیرانەی بۆ بدۆزنەوە تاوەکو تووشی چارەنوسێکی هاوشێوەی ئەوەی من نەبن.

من ئەمڕۆ وەکو لقە درەختێکی شکاو وام کەهەرکاتێك بێت وشك دەبم بەڵام ئەوە ئێوەن کەدەبێت لەشکانی لقە درەختەکانی تری کۆمەڵگە بەرگری بکەنو بیان پارێزن.

لەهەموو ئێوە کەگوێتان بۆقسەکانم گرت سوپاس دەکەم وەئیستاش دەتوانن لەبارەی منەوە بەئازادانە دادوەری بکەنو فەرمانتان بدەن.

بەهەرحاڵ زیندان یان لەسێدارەدان بۆمن یەکێکە وەلەهەمان کاتیشدا داوام وایە کەبچوکترین چاوپۆشی لەبارەی منەوە بەڕەوا نەزانن وەدڵنیاش بن کەئەگەر فەرمانی لەسێدارەدانم بۆدەر بکەن من خۆشحاڵ تردەبم چونکە بەم شێوەیە لەیەك تەمەن ئازار چێژانو ڕەنج بردن لەگۆشەیەکی زینداندا وەیان ئاشکراتر بڵێم لەهەزارجار مردنو زیندوبونەوە ڕزگارتان کردوم.

Scanned by CamScanner

من ئیتر هیچ قسەیەکی ترم نییە بیڵێم وەئامادەشم تاوەکو فەرمانی دادگا لەبارەی منەوە دەربچێت.

لەناکاو هەراو هوریایەکی سەیری ئامادەبوەکان بێدەنگی یەکەی دادگای شکاند، تاوانبار لەکاتێکدا کەفرمێسك وەك باران لەچاوەکانی دەبارین لەسەر کورسییەکە دانیشتمەوە سەرۆکی دادگاش کۆتایی دادگایی کردنەکەی ڕاگەیاند وەبەمشێوەیەش دادوەرەکان بۆدەرکردنی فەرمانی کۆتایی لەبارەی تاوانبارەکەوە چونەژوری راوێژ کردن.

چوار کات ژمێری تەواو دادوەرەکان لەژوری ڕاوێژکردندا مانەوە پاشان وەلەکاتێکدا کەشوێنەواری ماندوێتییەکی زۆر لەڕوخساری یەکەیەکەیاندا دەبینرا لەژووری ڕاوێژکردنەکە هاتنە دەرەوە وەپاش بەڕەسمی ناساندنی دانیشتنەکە بەردەستی سەرۆك دادگا کەفەرمانی دادوەرەکانی بەپانزەساڵ زیندان لەگەڵ بەسەردا سەپاندنی ئەرکی قورس بۆ تاوانبار ڕاگەیاند.

ئەو لەکاتێکدا کەبەتەواوی لەسەر خۆی‌و ئارامی خۆی پاراستبوو ژێری کاغەزی فەرمانەکەی ئیمزاکرد وەبەبێ ئەوەی کەهیچ نارەزایی سەبارەت بەفەرمانەکە نیشان بدات وەیان داوای چاو پێداخشاندنەوەی بکات لەلایەن بەرپرسە پۆلیسەکانی دادگاوە ڕەوانەی زیندان کرا.

هەواڵی سزادانەکەی بەهەمەن هەر ئەو شەوە بەهێڵی گەورە لەڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە وە زۆربەی ئەوکەسانەی کەڕوداو بەسەرهاتەکانی ئەم گەنجەیان لەڕۆژنامەکاندا دەخوێندەوە دەستیان دەکرد بەگریان وەئەم ڕوداوەش پاش ماوەیەك سپێردرا بەدەستی فەرامۆشی.

لێرەدا چارەنوسی تاڵی بەهەمەن کۆتایی پێ نەهات بەڵکو ئەو تەنها چەند مانگێك لەزینداندا مایەوە وە بەرەبەیانی یەکێك لەڕۆژە درێژە گەرمەکانی هاوین بەرپرسەکانی زیندان جەستەی شین بووەوەی ئەویان

لەگۆشەیەكی زیندانەكەدا پەیدا كردوو ناردیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پزیشكی یاسایی تاوەكوو هۆكاری مردنەكەی دەست نیشان بكەن.

سەیر لەوەدا بوو كەیەك كاتژمێر پێش ئەوەی كەتەرمەكەی بەهمەن هەڵگرن تەرمی لاوێكی تریش كەلەنەخۆشخانەیەكی دەرونیدا خۆی خنكاندبوو هێنایان بۆلای پزیشكی یاسایی. ئەم تەرمەی تریش تەرمی (حەمید) هاوڕێی خۆشەویستی بەهمەن بوو.

لەلێكۆڵینەوەیەكدا كەلەبارەی مردنەكەی حەمید كردبووم خزمەكانی پێیان ڕاگەیاندم كەئەو دوو مانگ لەمەو بەر كاتێك بەئۆتۆمبێلە تازەكەی لەگەڵ هاوسەرەكەیدا كەتەنها دوو ڕۆژ لەهاوسەری بونیان بەسەر چوبوو بەرەو باكوور (شمال) بۆ ئەنجامدانی مانگی هەنگوینی ڕۆشتبوون لەڕێگەدا خۆیان دەكێشن بەئۆتۆمبێلێكی تردا و بەهۆی ئەم كارەساتەشەوە هاوسەرەكەی دەمرێت و خۆشی كەبریندار ببوو بەشێتی لەسەری تەواو دەبێت, پاش چەند ڕۆژێكیش لەنەخۆشخانە خۆی دەخنكێنی.

بەم شێوەیەش سروشت تۆڵەی ڕیسوا بوونی ژیانی بەهمەنی لەحەمید سەندەوەو بەسزای تاوانەكانی گەیاند. تەرمەكەی حەمید خزم و كەسەكانی وەریان گرتەوە, بەڵام بەهمەن لەبەرئەوەی هیچ یەكێك لەخزمەكانی بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەكی نەهاتبوون بەو هۆیەوە بەئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەرایەتیەكە گواستیانەوە بۆ گۆرستانی گشتی و لەوێ بەخاكیان سپارد, بەڵام كاتێك ئەو ئۆتۆمبێلەی تەرمەكەی بەهمەنی هەڵگرتبوو و لەبەڕێوەبەرایەتی پزیشكی یاسایی دەهاتە دەرەوە ئەو كاتانە ئاسمانیش تازە دەستی كردبووە باران بارین, نازانم بەڵام لەوانەیە ئەمەش چەند دڵۆپێك بوبێت لەفرمێسكەكانی "رونیا" كەبەشێوەی باران بەدوای خۆشەویستەكەیدا ڕشتبێتی تا بەم شێوەیە ئارامیەك ببەخشێتە دڵە سوتاو و ماندووەكەی ئەو. ئەویان برد بۆ گۆرستان و لەوێ چەند گۆڕ

هەڵکەنێکی پیر جەستە ڕەنج و ئازار دیدەکەی بەهەمەنیان بەخاك سپارد, بەڵام ئەو هیچ کەسێکی نەبوو کەلەپێناویدا فرمێسك برێژێت یان خۆڵ بکات بەسەر گۆرەکەیدا.

ئەو تەنهای تەنها بوو..

لەوانەشە هەر بەو شێوەیەی خۆی دەیوت ئەو کەسێك بوو کە:

عیشقەکەی مرد.. جگەر گۆشەکەی مرد.. ژنەکەی مرد.. و سەرئەنجام خۆشی مرد..